# ئەوانەی قەیران دروست دەکەن دەبێ زیاتر هەوڵی چارەسەرکردنی بدەن...



د. جعفرئیبراهیم ئێمینکی *

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

ئاشکرا و روونە درووستکردنی قەیران لە ئامرازە هەرە دیارەکانی دەست ئۆپوزسیۆنە لە جیهاندا. ستراتیژیەت و تاکتیکی بزووتنەوەی گۆڕان-یش هەر لەو جۆرە ئۆپۆزسیۆنە سەرچاوەی گرتووە و هەر ئەو ئامرازەشیان بەکارهێناوە و تا ئەمڕۆش بەردەوامن لەسەری و ناتوانن دەستبەرداری ئەو ئامرازە بن، چونکە هەر کاتێك وازیان لێ هێنا و دەستبەرداری بوون، ئەو کات خۆیان نامێنن.

کاتێ باسی چارەسەرکردنی قەیرانەکانی سیاسی هەرێمی کوردستان دەکەین، دەبێت ئەو راستییە بابەتییە لەبەرچاو بگرین و بەلای کەمەوە باری هەندێك قورستر و باری هەندێکی تریش ئەوەندە سووك نەکرێت، تا پتر بەلاڕێدا بچن. قەیرانی سیاسی لە هەرێمی کوردستان زۆر لەوە ئاڵۆزترە کە هەندێك جار لێرە و لەوێ لای هەندێك بەرێز باسی لێوە دەکرێ. بەر لە هەموو شتێك دەبێ ددان بەو راستییەدا بنێین کە دروستکردنی قەیرانی سیاسیی ئەم دواییە، حاڵەتێکی خۆڕسك نەبووە، بەڵکو بە بەرنامە و پلان بووە، بۆ ئەمەش دەبێ زنجیرە رووداوە سیاسییەکانی هەرێم و عێراق و ناوچەکە لە دوای ٢٠١٣ تا بە ئەمڕۆ بە بیر خۆمان بێنینەوە و بابەتییانە شەن و کەوی بکەین. لێرەدا هەموو ئەو راستییە تاڵانەمان دەکەوێتە بەرچاو، کە تا ئێستا بزووتنەوەی گۆڕان قەناعەتی بە هیچ چارەسەریەك نییە بۆ قەیرانی سیاسیی هەرێم، تا ئێستاش بۆ چارەسەری قسەیەکی خێریان لە دەم دەرنەچووە، بەڵکو هەموو هەوڵەکانیان ئەوەیە ئەم قەیرانە زیاتر لە جاران بەکاربێنن بۆ پەلاماردانی پارتی دیموکراتی کوردستان و لاوازکردنی حکومەت و پەرلەمان، ئەگەر پێیان بکرێت ئەم قەیرانە زیاتر قووڵ دەکەن، لەبەر ئەوەی بەردەوامبوونی ئەم قەیرانە بە باشترین دەرفەت دەزانن بۆ ئەوەی بەرنامەیان ببەنە سەر، بەرنامەی کودەتا لەسەر حوکمڕانی پارتی و دواتریش یەکێتی، دیارە یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەر زوو ئاگاداری ئەم راستییە تاڵە بوو، بەڵام بەهۆی گەلێك هۆکاری زاتی و مەوزووعی چارەی نەبوو، دەبوا ددان بەو واقیعە تاڵە بنێن و خۆیانی لەگەڵ بگونجێنن، بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان زۆر درەنگ بەئاگا هات، ئەمەش لە دوای ئەنجامدانی زنجیرەیەك هەڵەی کوشندە، لە سەرووی هەمووشیانەوە بەستنی هاوپەیمانییەکی کراوە و زارەکی و بێ هیچ مەرج و چوارچێوەیەکی سیاسی لەگەڵ بزووتنەوەیەکی وەکو گۆڕان کە خاوەن ڕوخسارێکی چاکسازی بریقەدار و لە ناوەڕۆکدا هەڵگری پەیامێکی پڕ لە ڕق و کینەی مێژووییە بەرامبەر بە پارتی و بەتایبەتیش بەرامبەر بە بنەماڵەی بارزانی. بۆیە بزووتنەوەی گۆڕان لە نزیکترین دەرفەتدا گورزی خۆی وەشاند، بە شێوازێکی ئەوها کە ناتوانێت تازە پاشگەزبێتەوە، ئێستا لە حاڵەتێکدان، یان دەبێت بۆیان بچێتە سەر و بەشێکی گرنگی دەسەڵات لە دەستی پارتی بێننەدەر لەو دەسەڵاتەی بە هەڵبژاردن بەدەستیهێناوە، یاخود بەردەوام بن لەسەر هەمان ستراتیژیەتی دروستکردنی قەیران لە دوای قەیران. سەقامگیریی

هەرێمی کوردستان لە بەرژەوەندی ئەواندا نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە کوردستانێکی لاواز و ناسەقامگیر یەکێکە لە ئامانجەکانی ئەوان بۆ ئەوەی بتوانن خۆیان وەك فریادڕەس نیشانبدەن بەوەی لەسەر دەستی ئەواندا کوردستان دەبێتە بەهەشت، بۆیە بزووتنەوەی گوڕان بڕیاری خوی داوە، هەتا گریمان بگەڕێنەوە بۆ ناو حکومەت و پەرلەمانیش ئەوە کاتیی دەبێت و جارێکی دیکەش دەگەڕێنەوە بۆ تووڕەکردنی شەقام، چونکە ئەو دەرفەتەی لەگەڵ پارتی دەستیان کەوتبوو، بە هەمان متمانەی جاران دووبارە نابێتەوە و بۆیان ناچێتە سەر. ئێمە کە باس لەم راستییانە دەکەین مەبەستمان ئەوە نییە لە بایەخ و هەوڵی هەموو ئەو دڵسۆزانە کەم بکەینەوە کە بەردەوامن بو چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە، بەتایبەتیش بەڕێزانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، بەڵکو بۆ ئەوەیە باشتر لە سروشتی ئەم قەیرانە حاڵی ببین، کە لە مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤ـەوە لە لایەن بزووتنەوەی گوڕان ئامادەکاری بۆ دروستکردنی ئەم قەیرانە دەکرێت. ئەگەر فشاری سیاسی و جەماوەری زیاتریان نەکەوێتە سەر، بەتایبەتیش لە پارێزگای سلێمانی، ئەوا ناکەونە ژێر باری هیچ چارەسەرییەك و بەردەوام دەبن لە سەر هەڵوێستی خۆیان، بەتایبەتیش لە بارودۆخی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستاندا کە بێگومان لەو قەیرانە داراییە سەختەی کە بەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرتووە، پەلە لە ئاساییکردنەوەی باری سیاسی ناکەن، ئەمەش سروشتی هەموو ئۆپۆزسیۆنێکە، تا ئەگەر ئۆپۆزسیۆنێکی راستەقینەش نەبێت. پێمولیە با چیتر کات بەفیرۆ نەدەین، هەرێمی کوردستان لەوە زیاتر نەبێتە دیلی سیاسەتێکی پۆپۆلیستی کە میزاجی سیاسی رولێکی گەورەی تێدا دەبینێت. دیارە بارودۆخی زاتی و مەوزووعی یەکێتی و یەکگرتوو لەبارە، دووبارە وەکو ساڵانی ٢٠٠٥ بەرپرسیارێتی مێژوویی خۆیان ببیننەوە، دەتوانن وەکو سێ کوچکەی سەرەکیی دەسەڵات و خاوەن ئەزموون و خاوەن پێگەی جەماوەری خۆیان هەرێمی کوردستانیش لەم قەیرانە سیاسییە رزگار بکەن و لە پەراوێزدا چاکسازی راستەقینە ئەنجام بدەن، کات لە بەرژەوەندی ئەم ئەلتەرناتیڤەیە. ڕووداوەکانی ئەم دواییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە زور خێرا بەرێوەدەچن، تەنیا بەو ئەلتەرناتیڤە دەکرێت، کە دەبێ مەترسییە گەورە و ڕاستەقینەکان لەسەر هەرێمی کوردستان بەلاوە بنێین.


ئەگەر مەبەستی بزووتنەوەی گۆڕان، ئاساییکردنەوەی پرۆسەی سیاسیی هەرێم بێت، وەك ئەوەی باسی لێ دەکەن. ئەوا پێویستە پێشتر خۆیان ددان بە هەڵەکانی خۆیاندا بنێن و هەنگاوێك بەرەو دواوە بچن، ئینجا داوا لە پارتیش بکەن، هەنگاوی هاوشێوە بهاوێژێ. ئەگەرنا، با چاوەڕوانی ئەوە نەبن ئاساییکردنەوە، لەسەر خوانێکی ئاڵتوونی لە ئاسمانەوە بۆیان بێتەخوارەوە.

---

***جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان**




# ئایندەی بەشە عەرەبییەکەی عێراق
# لە کارنامەی سەرۆکی داهاتووی ئەمریکادا





**باڵیۆز رایان کرۆکەر:**

**ئێران دەیەوێت ئەو پەرداخە ژەهرەی لە ١٩٨٨ خواردیەوە، ئێستا بیکاتەوە بە قوڕگی عێراقییەکاندا**



**باڵیۆز جیمس جێفری:**

**کورد خاوەنی سوپا و ئابووریی سەربەخۆی خۆیەتی و مافی بڕیاردانی چارەنووسی هەیە**



**ژەنراڵ مایکل باربارۆ:**

**عەرەبی سوننە تەنیا لە کوردستاندا هەست بە دڵنیایی دەکات و کورد شەڕی داعشی بۆ خۆی کردووە و جارێکی دیکە ئەم بارودۆخە بۆ پێش داعش ناگەڕێتەوە**

ڕۆژی ١٢ی شوباتی ٢٠١٦، ڕۆژنامەی نیویۆرك تایمز ڕاپۆرتێكی بە ناونیشانی (تووڕەیی و بێزاری عەرەبی سوننە و مەزندەكان بۆ دووبارە یەكگرتنەوەی عێراق لە دوای داعش) بڵاوكردەوە. لەو ڕاپۆرتەدا جیا لەوەی ئاماژە بەوە كراوە كە ڕایان كرۆكەر باڵیۆزی پێشووی ئەمریكا لە عێراق، لە ئامۆژگای ئەنجومەنی ئەتڵەنتیك-ەوە سەرۆكایەتی دەستبەكاربوونی گروپێك دەكات بۆ توێژینەوە سەبارەت بە ئایندەی عێراق (Launch of the Task Force on the Future of Iraq)، ئەم گروپە كە پێكهاتوون لە ٢٥ باشترین و بەئەزموونترین كەسانی پسپۆڕ لەسەر سیاسەتی عێراق لەسەر ئاستی جیهان، لە ڕۆژی ١٦ی شوباتی ٢٠١٦، بە فەرمی دەستبەكاربوونی خۆیان ڕاگەیاند، بۆ ئەوەی لە ماوەی ٩ مانگی داهاتوو، واتە دوای هەڵبژاردنەكانی مانگی نۆڤەمبەری ٢٠١٦ كە هەڵبژاردن بۆ سەرۆكێكی نوێی ئەمریكا دەكرێت، بەرنامەیەك ئامادەبكەن بۆ سەرۆكی داهاتووی ئەمریكا، بۆ چۆنیەتی مامەڵەكردنی لەگەڵ ئایندەی عێراق، بەڵام وەك لە ناوەڕۆكی پەنێڵەكە هەریەك لە باڵیۆز ڕایان كرۆكەر و باڵیۆز جیمس جیفری و ژەنراڵ مایكل باربارۆ، زۆر بە ڕاشكاوی جەختیان لەسەر كردووە، پرسی سەرەكی بۆ ئایندەی عێراق، ئایندەی بەشە عەرەبییەكەی عێراق و چۆنیەتی پێكەوەژیانی عەرەبی سوننە و شیعەیە، نەك دووبارە ڕێكخستنەوەی عێراق وەك ئەوەی پێش تەممووزی ٢٠١٤ بوونی هەبووە، دیارە پێكهێنانی گروپی كار (تاسك فۆرس) بۆ ئایندەی عێراق، ئەمە دووەمین هەوڵی لەو جۆرەی ئەمریكایە لە دوای پێكهێنانی گروپی ئامادەكردنی دیراسەتی عێراق (كە ناسراو بوو بە ڕاپۆرتی بیكەر هاملتۆن لە ٢٠٠٦)، بۆ دیراسەتكردنی بارودۆخی عێراق، ئەمەش مانای ئەوەیە چۆن لە ٢٠٠٦ كاتێك باڵیۆز پیتەر گالبریس كتێبی (كۆتایی عێراق)ی بڵاوكردەوە، بەشە عەرەبییەكەی عێراق كۆتایی هاتبوو، لە ٢٠٠٦دا ئەمریكا زیاتر لە ١٣٠ هەزار سەربازی تەنیا لە بەشە عەرەبییەكەی عێراق هەبوو، بەڵام جۆرج دەبلیو بوش ناچار بوو بەپەلە ٣٠ هەزار سەربازی دیكە ڕەوانەی عێراق بكات، بۆ ئەوەی ڕێگە لە كۆتایی عێراق بگرێت، لە ئێستا كە سەربازێكی ئەمریكی لە بەشە عەرەبییەكەی عێراق بوونی نییە و عێراق بە تەواوەتی كەوتۆتە ژێر نفوز و كاریگەریی كۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، ئەوا نەك هەر ناتوانرێت بیر لە یەكپارچەیی بەشە عەرەبییەكەی عێراق بكرێتەوە، بەڵكو ئەم گروپی تاسك فۆرسە بە دوای ڕێگەیەكدا دەگرێت، چۆن عێراق لە هەژموونی ئێران ڕزگار بكرێت و چۆن شیعە و سوننە لە یەكتری جیابكەنەوە.

**● ئێران دەیەوێت ئەو پەرداخە ژەهرەی ١٩٨٨ نۆشی ئێستا بیكاتەوە بە قوڕگی عێراقییەكاندا**

لە میانەی شەڕی ٨ ساڵەی نێوان عێراق و ئێراندا، ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە ناوەڕاستی هەشتاكانی سەدەی ڕابردوو بڕیاری ژمارە ٥٩٨ی بۆ ڕاوەستاندنی شەڕی نێوان عێراق و ئێران ڕاگەیاند. ئەوكات كۆماری ئیسلامی ئێران بۆ ماوەی یەك دوو ساڵ ئەم بڕیارەی جێبەجێ نەكرد، بەو هیوایەی لە بەرەكانی شەڕەوە عێراقی سەردەمی سەدام حوسێن-ی ئەوكات تێكبشكێنێت، بەڵام پشتگیری كۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی ئەوكات بۆ سەدام حوسێن وایكرد، ئێران ناچار بێت بڕیارەكە قبووڵ بكات و شەڕ لەگەڵ عێراق ڕابگرێت، بەڵام لە ڕاگەیاندنی قبووڵكردنی بڕیاری ٥٩٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نیودەوڵەتی، بەرپرسانی ئێران ڕایانگەیاند، جێبەجێكردنی ئەم بریارە و ڕاگرتنی شەڕ لەگەڵ عێراق، وەك ئەوەیە بە ناچاری پەرداخێك ژەهر بخۆینەوە، بەڵام دوای ١٥ ساڵ بە سەر ڕاگرتنی شەڕی ئێران —عێراقدا، هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بە سەرۆكایەتی ئەمریكا لە ساڵی ٢٠٠٣ ڕژێمی سەدام حوسێن-ی ڕووخاند. ئەو هەنگاوەی هاوپەیمانان بە ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام حوسێن، لەگەڵ ئەوەی ڕزگاكردنی عێراق بوو لە حوكمڕانیی دیكتاتۆری ٣٥ ساڵەی حزبی بەعس و سەدام حوسێن و لە سەرەتاوە عێراقییەكان بە هیوای ئەوە بوون، دوای ڕووخانی دیكتاتۆریەتی بەعس، عێراقێكی تازەی خاوەنی سیستمێكی فیدڕاڵی و دیموكراتی و پەرلەمانی و فرەیی بونیاد بنێنەوە، بەڵام بە دیوێكی دیكە عێراق بووە گۆڕەپانێكی بەلاش بۆ گەشەكردنی هەژموون و نفوزی ئێران لە هەموو جومگەكانی سیاسەت و حوكمڕانیدا.

باڵیۆز ڕایان كرۆكەر كە لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٧- ٢٠٠٩ باڵیۆزی ئەمریكا بووە لە عێراق، لەو پەنێڵەی هەفتەی ڕابردوو لە ئامۆژگای ئەنجومەنی ئەتلەنتیك دەستبەكاربوونی گروپی دیراسەتی ئایندەی عێراقی ڕاگەیاند، ڕاشكاوانە

**بۆ ڕێكخستنەوەی ئەم واقیعە تازەیە پێویستە ئیدارەی تازەی ئەمریكا، زۆر بە قووڵی بێتە ناو ئەم واقیعە و ڕۆڵێكی سیاسیی گەورە بگێرێت بۆ ڕێكخستنەوەی بەشە عەرەبییەكەی عێراق و ئایندەی كوردستان وەک كیانێكی سەربەخۆ، بۆ ئەمەش دەبێت ڕێز لە ئیرادەی خەڵكی كوردستان بگرێت و ببێتە هاریكار و میانگیرێكی باش بۆ ئەوەی بە شێوەیەكی ئاشتییانە ئاكامی ریفراندۆم لەگەڵ عێراق و دەوڵەتانی دراوسێ وتووێژی لەسەر بكرێت و دەوڵەتی كوردستان بە شێوەیەكی ئاشتییانە دابمەزرێت**

جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە گەورەترین ئاستەنگ لە بەردەم ئایندەی عێراق، هەژموون و باڵادەستی ئێرانە لە ناو عێراقدا، لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر سەیری بەرپرسە گرنگەکانی ئێران وەک قاسم سولەیمانی بکەین، دەبینین بە تەواوی ئەرکی خۆی دیاریکردووە کە بەنیازە لە سووریا و عێراقدا چ ئەرکێك ئەنجام بدات، هەروەها کاتێك هێزەکانی ئێران بە سەرۆکایەتی قاسم سولەیمانی لەگەڵ حەشدی شەعبی چوونە ناو تکریت-ەوە، دەرکەوت ئامانجی ئێران لەو شەڕە چییە. سەبارەت بە مەترسیی تیرۆریستانی داعشیش لە سەر کۆماری ئیسلامی، کرۆکەر راشکاوانە ئەوەی خستەڕوو نە تیرۆریستانی داعش مەترسین بۆ سەر کۆماری ئیسلامی و نە ئەوانیش مەترسین بۆ سەر داعش، بەڵکو ئامانجی ئێران لەم شەڕە ئەوەیە کە هەموو شارەکانی عەرەبی سوننەی عێراق بە تەواوەتی کاول بکرێت و ژێرخانەکان لەبەریەك هەڵوەشێن و جارێکی دیکە عێراق نەبێتەوە بە هەڕەشە لەسەر ئێران، بۆ شارەکانی شیعەنشینی باشووری عێراقیش کە خاوەنی گەورەترین سامانی نەوتی لێیە، لەوێش هەژموونی خۆی بە تەواوەتی لەسەر پارتە سیاسییە شیعەکان هەبێت و بیکاتە پاشکۆی خۆی. کرۆکەر ئەوەی بە بیری ئامادەبووانی پەنێڵکە هێنایەوە، کۆماری ئیسلامی ئێران لە ساڵی ١٩٨٨ بە رازیبوونی بە بڕیاری ٥٩٨ی ئەنجومەنی ئاسایش بۆ راگرتنی شەڕ لە گەڵ عێراقدا رایگەیاند بە ناچاری پەرداخێك ژەهر دەخواتەوە، بۆیە لە ئێستادا ئێران دەیەوێت تۆڵەی ساڵی ١٩٨٨ لە عێراق بکاتەوە و دەیەوێت ئەو پەرداخە ژەهرە بکاتەوە بە قوڕگی عێراقییەکاندا و جارێکی دیکە و بۆ هەتاهەتایە عێراق نەتوانێت هەڕەشە بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران دروست بکات.

ژەنراڵ مایکل باربارۆ کە بەشداربوویەکی دیکە بوو لە پەنێڵی دیراسەتی ئایندەی عێراق و خاوەنی ئەزموونێکی گەورە بووە لەگەڵ ژەنراڵ پەتریۆس لە ساڵانی ٢٠٠٧-٢٠٠٩ بۆ پێکهێنانی هێزەکانی سەحوەی عەرەبی سوننە و تێکشکاندنی رێکخراوی ئەلقاعیدە لە عێراقدا، راشکاوانە ئاماژەی بەوە کرد، لە دوای رێککەوتنی ئەمریکا و رۆژئاوا لەگەڵ ئێران لەسەر پرسی پرۆژە ئەتۆمییەکەی، ئێستا ئێران زیاتر دەستی ئاوەڵا بووە بۆ ئەوەی زیاتر دەست لە کاروباری سووریا و عێراق وەربدات، وتیشی: ئێران چۆن توانیویەتی لە لوبنان حزبوڵا دروست بکات، بەهەمانشێوە ئێستا لە سووریا حزبوڵا و میلیشیای هاوشێوەی حزبوڵای دروستکردووە، لە عێراقیشدا هێزەکانی حەشدی شەعبی بە تەواوەتی لە ژێر کاریگەری و رێنمایی ئێران کاردەکەن و هادی عامری سەرۆکی هێزەکانی بەدر کە دیارترین فەرماندەی هێزەکانی حەشدی شەعبی-یە، بەردەوام یاوەری قاسم سولەیمانی بووە و فەرمان لەوەوە وەردەگرێت، ئەم حاڵەتەش بارودۆخێکی هێجگار قورسی بۆ عێراق و بۆ پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا دروستکردووە، وەك پشتگیرییەکیش بۆ بۆچوونەکانی ژەنراڵ باربارۆ، لە راپۆرتەکەی رۆژی ٢ی شوباتی ٢٠١٥ی نیویۆرك تایمز-یش، راشکاوانە ئاماژە بەوە دەکات، ئەمریکا بە نیاز بوو دوای رێککەوتنی لەگەڵ ئێران لەسەر پرسی ئەتۆمی، ئێران ببێتە شەریکی ئەمریکا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق و بە ئامادەبوونی دیپلۆماتەکانی ئەمریکا و ئێران هەموو سەرکردەکانی عێراق کۆببنەوە بۆ ئەوەی نەخشەیەکی رێگە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق دابڕێژن، بەڵام وەك راپۆرتەکەی نیویۆرك تایمز ئاماژەی پێکردووە، ئێران ئەم داوایەی ئەمریکای رەتکردۆتەوە، لە ئێستاشدا هەموو لایەنە سیاسییەکانی شیعە بوونەتەوە بە خاوەنی میلیشیای خۆیان و کەوتوونەتە ژێر هەژموونی سیاسەتی ئێران و ئەوەی ئێران بیەوێت، ئەوە دەکەن، نەك هاوکاریکردنی حکومەت، یان حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیران، هەر ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی حەیدەر عەبادی وەك سەرۆك وەزیرانێکی لاواز دەربکەوێت و نەتوانێت ئەوەی دەیڵێت جێبەجێی بکات.

لە سەر شێوازی مامەڵەکردنی ئێران وەك دەوڵەتێکی خاوەن سەروەریی لەگەڵ دەوڵەتان و هەروەها مامەڵەکردنی لە روانگەی مەزهەبگەرایی شیعەوە لەگەڵ لایەنە شیعەیەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تەواوی جیهاندا، باڵیۆز جیمس جیفری جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، شێوازی مامەڵەی ئێران وەك یەکێتی سۆڤیەتی پێشان لەسەر دوو ئاستە، ئاستێك مامەڵەی دەوڵەتی دەکرد، وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ، بەڵام مامەڵەیەکی ئایدیۆلۆژیی کۆمونیستیشی هەبوو وەك حزب لەگەڵ حزبە کۆمونیستییەکانی جیهان، بۆیە ئێستا ئێرانیش بە هەمان شێوە

**ژەنراڵ باربارۆ لەو خاڵەوە دەستی پێکرد، لەو کاتەوەی داعش موسڵی داگیر کردووە، عەرەبی سوننە لە هیچ شوێنێکی عێراق هەست بە ئارامی و دڵنیایی ناکات، بێجگە لە هەرێمی کوردستان، لەو ناوچانەی ناکۆکی لەسەر بووە و پێشمەرگە ئەو ناوچانەی لە دەستی داعش پاراستووە، عەرەبی سوننەی ئەو ناوچانە هیچ رەفتارێکی نەشیاویان بەرامبەر ئەنجام نەدراوە، لەمەش زیاتر لە دوای سەرهەڵدانی داعش، کورد شەڕێکی سەختی لەگەڵ داعش کردووە و ناوچەکانی خۆی پاراستووە، بۆیە جارێکی دیکە ئەم بارودۆخە بۆ پێش دەرکەوتنی داعش ناگەڕێتەوە**

**لە کوێ خوێندنەوەی ئەم واقیعە تاڵە و باڵادەستیی میلیشیاکانی حەشدی و جووڵانەوەیان لەبەر ڕۆشنایی ڕێنماییەکانی فەرماندە ئێرانییەکان و بێدەسەڵاتیی حکومەتەکەی عەبادی بۆ هەڵگرتنی هەر هەنگاوێک بۆ ریفۆرمی سیاسی و چاکسازی دامەزراوەیی، ئەوا بیرکردنەوە لەوەی جارێکی دیکە عەرەبی سوننە و شیعە دەتوانن پێکەوە بژین، بیرکردنەوەیەکی ناواقیعییە و هەتا لایەنە سیاسییەکانی شیعە و حکومەتی بەغدا لە ژێر هەژموونی سیاسی ئێراندا بن، ئەوا ئەو کارە لە مەحاڵ دەچێت**


**باشترین پێناسە بۆ ئێران ئەو پێناسەیە کە هنری کیسنجەر بۆی کردووە کە دەڵێت: ئێران خۆی بڕیار دەدات کەی وەک دەوڵەت مامەڵە دەکات و چ کاتێکیش وەک غەیرەدەوڵەتی**

وەك دەوڵـەت مامەڵـە لەگـەڵ دەوڵەتـی عێـراق و دەوڵەتانـی دیکـە دەکات، بـەڵام لـە هەمانکاتیشـدا لـە روانگـەی ئایدیۆلۆژیەتـی شیعەگەرایشـەوە مامەڵـە لەگـەڵ حزبەکانـی شـیعە و تـەواوی ئـەو لایەنانـەی دیکـە دەکات کـە خـۆی مەبەسـتیەتی، یـان لەبەرژەوەندیدا بێت، هـەر بۆیـە باشـترین پێناسـە بـۆ ئێـران ئـەو پێناسـەیە کـە هنـری کیسـنجەر بـۆی کـردووە کـە دەڵێت: ئێـران خـۆی بڕیـار دەدات کـەی وەك دەوڵـەت مامەڵـە دەکات و چ کاتێکیـش وەك غەیرەدەوڵەتـی، بۆیـە لـەم چوارچێوەیـەدا جیمـس جیفـری ئـەو پرسیارەی وروژاند: ئایا ئێران بەنیازە لەسـەر ئاسـتی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بگاتـە کـوێ؟ لـە وەڵامـدا گوتـی: هەمـوو ئەوانـەی کار لەسـەر سیاسـەتی ئێرانـی و ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت دەکـەن، گەیشـتوونەتە ئـەو قەناعەتـەی کـە ئێـران دەیەوێـت پێگـەی هێزێکـی ئیقلیمـی بەهێـزی هەبێـت و هەمـوو شـیعە لـە دەوری خـۆی کۆبکاتـەوە.

## ● جارێکـی دیکـە سـوننەی عـەرەب ناتوانێـت لـە عێراقیکـدا بـژی شیعە هەژموونـی بەسـەر حوکمڕانییەکەیـدا هەبێـت

رایـان کرۆکـەر سـەبارەت بـە ئاینـدەی عەرەبـی سـوننە لـە عێراقـدا، بـە نیۆیـۆرك تایمـزی راگەیانـدووە: «ئومێـدی ئێمـە ئـەوە بـوو ئیـدارەی سـەرۆك ئۆبامـا زۆر بـە قوولـی هەوڵـی بدایـە بـۆ ئـەوەی بێتـە نـاو پرۆسـەی چارەسـەرکردنی کێشـەکان لـە نێـوان لایەنـە سیاسـییەکانی عێراقـدا، بـەڵام بـەو جـۆرە نەهاتـە پێشـەوە، بۆیـە دەرکەوتنـی دیـاردەی خەلافەتـی ئیسـلامی داعـش، بەرەنجامـی ئـەو بۆشـاییە سیاسـییەیە، پرۆسـەی سـەربازیش سـەرکەوتوو نابێـت لەبـەر ئـەوەی فەشـەلی پرۆسـەکە بۆتـە هۆکارێـك بـۆ دروسـتبوونی داعـش، لـە ئێستاشـدا هیـچ هەوڵێکـی سیاسـی ئەوتـۆ بـەدی ناکرێـت کـە ببێتـە هـۆکاری ئـەوەی کـە منداڵێکـی سـەروو تەمـەن سـێ سـاڵی عەرەبـی سـوننە هەسـت بـکات ئاینـدەی لـە عێراقـدا هەیـە«. بـەڵام پرسـیاری سـەرەکی ئەوەیـە، ئایـا سـەرۆك ئۆبامـا لـە مـاوەی دوو خولـی سـەرۆکایەتییەکەیدا بۆچـی نەیتوانـی سیاسـەتێکی کاریگەرتـر بەرامبـەر عێـراق پیـادە بـکات؟ سـەبارەت بـەم پرسـیارە باڵیـۆز جیمـس جیفـری کـە خـۆی لـەو کاتـەدا باڵیـۆزی ئەمریـکا بـووە لـە عێراقـدا، جەختـی لەسـەر ئـەوە کـردەوە، سـەرۆك ئۆبامـا کـە بـووە سـەرۆك، هاتـە سـەر سیاسـەتێکی سـەرکەوتووی ئەمریـکا بەرامبـەر بـە عێـراق، لەبـەر ئـەوەی توانرابـوو دوای زیادکرنـی بەپەلـەی هێـز و پێکهێنانـی هێزەکانـی سـەحوەی سـوننە، تـا رادەیەکـی بـاش سـەقامگیری بگەڕێتـەوە بـۆ عێـراق، هەروەهـا پێکهاتەکانـی عێـراق ئامادەبـوون پێکـەوە کاربکـەن و یەکپارچەیـی عێـراق بپارێـزن، بـەڵام کـە لـە کۆتایـی سـاڵی ٢٠١١ ئەمریـکا بەپێـی ڕێککەوتنـی سـۆفا تـەواوی هێزەکانـی لـە عێـراق کێشـایەوە و کۆتایـی شـەڕی ئەمریـکا لـە عێراقـدا راگەیەنـدرا، نـوری مالیکـی سـەرۆك وەزیرانـی ئەوکاتـی عێـراق، سیاسـەتێکی مەزهەبگـەرای توندی دژی سوننەی عێراق پیادەکـرد، سوننەی لـە حوکمڕانـی پەراوێـز خسـت و تـا رادەیەکـی زۆریـش کـورد، هەمـوو بودجـەی عێراقـی بـەکار هێنـا بـۆ سـەپاندنی دەسـەڵاتەکەی خـۆی، لـەو کاتەشـدا ئەولەوییەتـی سیاسـەتی ئەمریـکا بەرامبـەر بـە عێراق بریتی بـوو لـە (ئاسایش، ئاسایش، ئاسایش)، بـەڵام سـەرەنجام گەیشـتنە ئـەوەی لـە ٢٠١٤ داعـش موسـڵ-ی داگیرکـرد، ئێمـە لـە ٢٠١٢ دەمانتوانـی زۆر کاری جددی و بـاش بکەیـن، بـەڵام نەمانکـرد. لـە وەڵامـی ئـەو پرسیارەشدا کـە ئایـا ئێسـتا دەتوانرێـت هەمـان سـیناریۆی هێزەکانـی سـەحوەی سـوننە دووبـارە بکرێتـەوە و سـەقامگیریی عێـراق ڕێکبخرێتـەوە؟ ژەنـراڵ باربـارۆ گوتـی: ئێمـە خۆمـان بەهەڵـەدا دەبیـن ئەگـەر پێمانوابێت، لـە ئێسـتادا ئـەو هێزانـەی دەیانەوێـت عێـراق یەکگرتـوو بێـت، بەهێزتـر بـن لـەو هێزانـەی کـە دەیانەوێـت عێـراق لەبەریـەك هەڵوەشـێت، دەبێـت دان بـەو راستییەدا بنێیـن کـە لـە ئێسـتادا ئـەو هێزانـە بەهێزتـرن کـە دەیانەوێـت عێـراق لەبەریـەك هەڵبوەشـێت، لەمـەدا ژەنـراڵ باربـارۆ مەبەسـتی ڕۆڵـی ئێـران بـوو بـۆ پاکتـاوی رەگـەزی دژی عەرەبـی سـوننە و لەبەریـەك هەڵوەشـانی هەمـوو ژێرخانەکانـی ئابـووری و خزمەتگـوزاری لـە شـارەکانی سوننەنشـینی عێراقـدا..

لـەو پەنێڵـەدا راشـکاوانە دەسـتخرایە سـەر ئـەو راستییانە و ئامـاژە بـەوە کـرا، ئـەو کاولکارییـەی کـە لـە گرتنـەوەی تکریـت روویـداوە، هەمـووی بـە هـۆی هێرشـە ئاسـمانییەکانەوە نەبـووە، بەڵکـو هێزەکانـی ئێـران بەشـی زۆری ئـەو کارەیـان کـردووە، هەروەهـا لـە گرتنـەوەی بێجی-یشـدا هەمـان رەفتـار دووبـارە کراوەتـەوە و ئـەو پاڵاوگەیانـەی لـە بێجـی هەبـوون، هەمـووی هەڵوەشـێنراون و بـراون بـۆ ئێـران، ئەمانـە ئاماژەیەکـن بـۆ ئـەوەی کـە ئێـران مەبەسـتێتی هەمـوو شـارەکانی سوننەنشـینی عێـراق کاول بێـت.



سەبارەت بەم لایەنە لە راپۆرتەکەی نیویۆرک تایمز ئاماژە بە شاری رومادی کراوە، وەك ناوەندی پارێزگای ئەنبار دوای ئازادکردنی شارەکە لەلایەن هێزەکانی عێراقەوە، ئەم شارە جیا لەوەی بەشێکی زۆری بینایەکانی کاول بووە، لەهەمانکاتدا ژێرخانی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی وەك ئاو و کارەبا و تەندروستی لەبەریەك هەڵوەشێنراون، سەبارەت بەم لایەنە خاتوو لیس گراندی رێکخەری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری مرۆیی لە عێراقدا بە نیویۆرك تایمزی راگەیاندووە، شاری رومادی کە چەند سەد هەزار کەسی لێ نیشتەجێیە، بەڵام هەمووی خاپوور بووە، تەنیا بۆ گێرانەوەی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان وەك ئاو و کارەبا و نەخۆشخانەی گەرۆك پێویستیان بە دەیان ملیۆن دۆلارە، ئەم شارە لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە مینرێژکراوە، ئەگەر بە بەردەوامی کاری تێدا بکرێت بۆ پاککردنەوەی، ئەوا نزیکەی ٩ مانگی دەوێت، پێش ئەوەی بتوانرێت خەڵك بگەرێتەوە بۆ ئەو شارە، لە هەمانکاتدا دوای گەڕانەوەشیان بە سەدان ملیۆن دۆلار پێویستە بۆ ئەوەی خانووی نیشتەجێبوونیان بۆ دروست بکرێتەوە، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا حکومەتی عێراق لە ئێستادا ئەو توانایەی هەیە، یان ئەو توانایە تەرخان دەکاتەوە بۆ پاککردنەوەی شاری رومادی لە مینی چێنراو؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا حەمید ئەلجەنابی کە یەکێکە لە ئەفسەرە باڵاکانی سوپای عێراق و تایبەتمەندە لە سەر هەڵگرتنەوە و پووچەڵکردنەوەی مینە چێنراوەکان، بە ریپۆرتەرەکەی نیویۆرك تایمزی راگەیاندووە، ئەوانەی کە شارەزان لە هەڵگرتنەوە و پووچەڵکردنەوەی مینە چێنراوەکان بەشی زۆریان کوژراون، بۆیە بە ناچاری دەبێت پەنا ببەین بۆ ئەو خەڵکە لۆکاڵانەی خۆیان شتێك لە پووچەڵکردنەوەی ئەو مینانە دەزانن، بەڵام بۆ ئەمەشیان پارەمان لەبەردەست نییە و هەندێك




لـەو شـارەزا لۆكاڵانـە لـە گەڵیـان ڕێككەوتوویـن بەقـەرز هاوكاریمـان بكـەن، ئەگـەر لەسـەر ئـەم خاڵـە هەڵوەسـتە بكەیـن، دیـارە حكومەتەكـەی عەبـادی نـەك هـەر ئیفلاسیی سیاسـی كردووە، بەڵكو لـە ڕووی دارایـی و ئابووریشـەوە ئیفلاسـی كـردووە، كەچـی بـۆ موزایـەدەی سیاسـی و تێكدانـی بـاری سـەقامگیری هەرێمـی كوردسـتان، هەفتـەی ڕابـردوو دەڵێـت، ئەگـەر هەرێمـی كوردسـتان نەوتەكـەی ڕادەسـتی بەغـدا بـكات، ئـەوا بەغـدا ئامادەیـە مووچـەی پێشـمەرگە و فەرمانبەرانـی هەرێـم بـدات، كـە ئەمـەش جگـە لـە درۆ و چەواشـەكارییەكی دیكـەی حكومەتـی بەغـدا شـتێكی دیكـە نییـە.

**● لەگـەڵ ئازادكردنـی هـەر ناوچەیـەك لـە دەسـتی داعـش كارەسـاتێكی مرۆیـی بـە دواوەیـەوە**

ئەگـەر هـۆزە عەرەبـە سوننەكانی عێـراق لـە ٢٠٠٧ ئامادەبـوون دژی تیرۆریسـتانی ئەلقاعیـدە شـەڕبكەن و قاعیـدە تێكبشـكێنن، ئایا بۆچـی لـە ئێسـتادا بـە تیرۆریسـتانی داعـش ڕازیـن و هەمـان هەڵوێسـت دووبـارە ناكەنـەوە؟ سـەبارەت بـە وەڵامـی ئـەم پرسـیارە باڵیـۆز ڕایـان كرۆكـەر كـە ئـەو كات باڵیۆزی ئەمریـكا بـووە لـە عێـراق دەڵێـت: لـە سـاڵی ٢٠٠٧ ئێمـە تەنیـا ئەركـی هـۆزە عەرەبەكانمـان گـۆڕی لـە پشـتگیركردنی ڕێكخراوی قاعیـدە بـۆ پاراسـتنی هاووڵاتییانـی سـوننەی عـەرەب، ئەمـەش مانـای ئەوەیـە ئـەوكات لایەنـە شـیعەكان و حكومەتـی عێـراق بـە بەرنامـە ئامانجیـان ئـەوە نەبـوو، پاكتـاوی ڕەگـەزی دژی عەرەبـی سـوننە ئەنجـام بـدەن، سـەبارەت بـەم لایەنـە ڕاپۆرتەكـەی نیویـۆرك تایمـز كـە چاوپێكەوتنـی لەگـەڵ ژمارەیـەك ژن و منداڵـی ڕزگاربـووی ناوچەكانـی ژێردەسـەڵاتی داعـش كـردووە، ئەوەیـان گێڕاوەتـەوە لـەو كاتـەوەی گەیشـتوونەتە دەسـتی هێزەكانـی حەشـدی شـەعبی ژن و منداڵـەكان بـە جیـا بـراون بـۆ كەمپەكانـی ئـاوارە و پیاوەكانیـش بـراون بـۆ بەندیخانـەكان بـۆ لێكۆڵینـەوە

و لەو کاتەشەوە هەتا ئێستا ئەو ژنانە لە هەواڵی برا و هاوسەرەکانیان بێ هەواڵن، پەیامنێرەکەی نیویۆرك تایمز هەوڵیداوە بە ڕێگەی تەلەفۆن پێوەندی بە ژنێکی دیکەوە بکات لە ناوچەی فەلوجە کە لە ژێر دەسەڵاتی داعشدایە، ڕاشکاوانە گوتوویەتی: «دەمەوێت ئەم پەیامەی من بگاتە هەموو خێرخوازانی جیهان، ئێمە کەوتینە نێوان بەرداشی دڕندەیی و ناعەداڵەتی چەکدارانی داعش و نادڵنیایی ئایندەمان لەگەڵ حکومەتی عێراقدا».

سەبارەت بەم بارودۆخە دژوارەی ناوچەکانی عەرەبی سوننە و هەڵوێستی حکومەتی عێراق و گوشارەکانی ئەمریکا بۆ ڕاگرتنی، شێخ فەیسەڵ عیساوی قائیمقامی عامریەی فەلوجە، بە نیویۆرك تایمزی ڕاگەیاندووە: «داعش لەسەر مانگ نەهاتووە، هەروەها لە زەویش هەڵنەتۆقیوە، ئەمە کاردانەوەی بەشێك لە گەلی ئێمەیە دژی گەندەڵی و ناعەدالەتی و کەلتووری ڕق لێبوونەوە، ئێمە دەزانین ئەمریکا هەوڵیداوە گوشار بخاتە سەر حکومەتەکەی عەبادی بۆ ئەوەی هەندێك کۆمپرۆمایز بۆ سوننە بکات و تەواوی بەندکراوە سیاسییە سوننەکان ئازاد بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەی بەڵێنیشی داوە، هیچ کام لەو هەنگاوانەی هەڵنەگرتووە، ئەگەر بە ڕاشکاوی بدوێم، حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانی عێراق بێدەسەڵاتە».

لە کۆی خوێندنەوەی ئەم واقیعە تاڵە و باڵادەستیی میلیشیاکانی حەشدی و جووڵانەوەیان لەبەر ڕۆشنایی ڕێنماییەکانی فەرماندە ئێرانییەکان و بێدەسەڵاتیی حکومەتەکەی عەبادی بۆ هەڵگرتنی هەر هەنگاوێك بۆ ڕیفۆرمی سیاسی و چاکسازی دامەزراوەیی، ئەوا بیرکردنەوە لەوەی جارێکی دیکە عەرەبی سوننە و شیعە دەتوانن پێکەوە بژین، بیرکردنەوەیەکی ناواقیعییە و هەتا لایەنە سیاسییەکانی شیعە و حکومەتی بەغدا لە ژێر هەژموونی سیاسی ئێراندا بن، ئەوا ئەو کارە لە مەحاڵ دەچێت.

**● ئایندەی هەرێمی کوردستان**
**لە ڕاپۆرتەکەی ئەنجومەنی ئەتڵەنتیکدا**

پێش ئەوەی ئامۆژگای ئەنجومەنی ئەتڵەنتیك گرووپی تاسك فۆرس بۆ دیراسەتی ئایندەی عێراق بە سەرۆکایەتی باڵیۆز ڕایان کرۆکەر ڕابگەیەندرێت، لە نیوەی یەکەمی ساڵی ٢٠١٥ ـەوە گروپێکی تاسك فورسی دیکە بە سەرۆکایەتی باڵیۆز نانسی نۆدەربیرگ لە هەمان ئەنجومەنی ئەتڵەتیك بە ناونیشانی (گروپی تاسك فۆرس بۆ بونیادنانی دەوڵەت لە کوردستانی عێراق) دەست بەکاربووە و ئەم گروپە لە مانگەکانی کۆتایی ٢٠١٥ ڕاپۆرتی خۆیان بڵاوکردەوە. ڕاپۆرتەکەی گروپی تاسك فۆرسی بونیادنانی دەوڵەت لە کوردستانی عێراق، کۆمەڵێك ڕاسپاردەی بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دەوڵەتانی ئیقلیمی لە خۆی گرتووە، بۆیە پرسی کوردستانی عێراق لە دیراسەتکردنی بارودۆخی ناوچەکە لەگەڵ عێراق، وەك پرسێکی نیمچە سەربەخۆ لە سەر واقیعێکی دیفاکتۆ خۆی جیاکردۆتەوە، لێرەوە ئەگەر سەرنج لە تەوەرەکانی گروپی تاسك فۆرسی ئایندەی عێراق بدەین، دەبینین ئەم گروپە تازەیە کار لەسەر ئەم تەوەرانە دەکات:

١. ئایندەی هێزەکانی حەشدی شەعبی
٢. بارودۆخی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە عێراقدا.
٣. دوبارە یەکگرتنەوەی ئەو خەڵکانەی لەسەر ماڵوحاڵی خۆیان ئاوارە بوون.
٤. دووبارە نیشتەجێکردنەوەی عەرەبی سوننە لە ناوچەکانی خۆیان.
٥. بونیادنانی حکومەتێکی چالاك لە بەغدا.
٦. ئەنجامدانی ڕیفۆرم لە ئابووری عێراقدا.
٧. دووبارە داڕشتنەوەی سنوورەکان لە نێوان عێراق و هێزە ئیقلیمییەکاندا.

ئەگەر بە وردی سەرنج لەو حەوت تەوەرە بدەین کە ئەم گروپە بۆ دیراسەتی عێراق کاری لەسەر دەکەن، دەبینین لە یەك خاڵدا ئاماژە بە حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوە، ئەمەش نەك وەك بەشێك لە عێراق بەڵکو بۆ شێوازی پێوەندیی ئەم حکومەتە لەگەڵ عێراقدا.

لە میانەی وەڵام و پرسیارەکانی ئامادەبووان کە بەشداربووانی پەنێڵەکە کرا، باسی ئەوەش کرا کە ئێستا سەرۆکی هەرێمی کوردستان داوای کردووە ڕیفراندۆم بکرێت و لە هەمانکاتدا سیستمی دەوڵەتیش لەسەر ئاستی ناوچەکە لەبەریەك هەڵوەشاوە، ئایا ئەمە دەرگایەك نییە بۆ سەربەخۆیی کوردستان؟ لە وەڵامدا ڕایان کرۆکەر سەرۆکی گروپی تاسك فۆرسەکە ڕاشکاوانە ئاماژەی بەوەکرد، ئەم سنوورانەی ئێستا هەن ١٠٠ ساڵ لەمەو پێش دەوڵەتانی

**شێخ فەیسەڵ عیساوی قائیمقامی عامریەی فەلوجە، بە نیویۆرک تایمزی ڕاگەیاندووە: «داعش لەسەر مانگ نەهاتووە، هەروەها لە زەویش هەڵنەتۆقیوە، ئەمە کاردانەوەی بەشێک لە گەلی ئێمەیە دژی گەندەڵی و ناعەدالەتی و کەلتووری ڕق لێبوونەوە، ئێمە دەزانین ئەمریکا هەوڵیداوە گوشار بخاتە سەر حکومەتەکەی عەبادی بۆ ئەوەی هەندێک کۆمپرۆمایز بۆ سوننە بکات و تەواوی بەندکراوە سیاسییە سوننەکان ئازاد بکات**

**لە کۆتایی ساڵی ٢٠١١ ئەمریکا بەپێی ڕێککەوتنی سۆفا تەواوی هێزەکانی لە عێراق کێشایەوە و کۆتایی شەڕی ئەمریکا لە عێراقدا ڕاگەیەندرا، نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی عێراق، سیاسەتێکی مەزهەبگەرای توندی دژی سوننەی عێراق پیادەکرد**

**سەبارەت بە مەترسیی تیرۆریستانی داعشیش لە سەر کۆماری ئیسلامی، کرۆکەر راشکاوانە ئەوەی خستەڕوو نە تیرۆریستانی داعش مەترسین بۆ سەر کۆماری ئیسلامی و نە ئەوانیش مەترسین بۆ سەر داعش، بەڵکو ئامانجی ئێران لەم شەڕە ئەوەیە کە هەموو شارەکانی عەرەبی سوننەی عێراق بە تەواوەتی کاول بکرێت و ژێرخانەکان لەبەریەک هەڵوەشێن و جارێکی دیکە عێراق نەبێتەوە بە هەڕەشە لەسەر ئێران**

**لە میانەی شەڕی ٨ساڵەی نێوان عێراق و ئێراندا، ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی رابردوو بڕیاری ژمارە ٥٩٨ی بۆ راوەستاندنی شەڕی نێوان عێراق و ئێران راگەیاند. ئەوکات کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ ماوەی یەک دوو ساڵ ئەم بڕیارەی جێبەجێ نەکرد، بەو هیوایەی لە بەرەکانی شەڕەوە عێراقی سەردەمی سەدام حوسێن-ی ئەوکات تێکبشکێنێت، بەڵام پشتگیری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی ئەوکات بۆ سەدام حوسێن وایکرد، ئێران ناچار بێت بڕیارەکە قبووڵ بکات و شەڕ لەگەڵ عێراق رابگرێت**

رۆژئاوا ئەو سنوورانەیان دیاریکردووە و گەلانی ئەو ناوچەیە پرسیان پێ نەکراوە. کرۆکەر گوتی: من لە نزیکەوە لەگەڵ هاوڕێ کوردەکانم قسەم کردووە، دەزانم ئەوان ئەم خەونە نەتەوەییان هەیە و دەیانەوێت هەنگاوی بۆ هەڵبگرن، بەڵام تا ئێستا لەبەر بارودۆخەکە ئەو هەنگاوەیان هەڵنەگرتووە، بۆ پشتگیری قسەکانی کرۆکەر، باڵیۆز جیمس جیفری، جەختی لەسەر ئەوە کردووە، ئەگەر سەیری مافی بڕیاردانی چارەنووس بکەین، کورد ئەو مافەی هەیە پیادەی بکات، ئەگەر سەیری بارودۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان و عێراقیش بکەین، ئەوا ئێستا هەرێمی کوردستان خۆی سوپای سەربەخۆ و ئابووری سەربەخۆی خۆی هەیە، هەروەها هەرێمی کوردستان پێوەندییەکی ئابووری زۆر گرنگیشی لەگەڵ تورکیا هەیە.

هەر لەسەر ئەم پرسە ژەنراڵ باربارۆ لەو خاڵەوە دەستی پێکرد، لەو کاتەوەی داعش موسڵی داگیر کردووە، عەرەبی سوننە لە هیچ شوێنێکی عێراق هەست بە ئارامی و دڵنیایی ناکات، بێجگە لە هەرێمی کوردستان، لەو ناوچانەی ناکۆکی لەسەر بووە و پێشمەرگە ئەو ناوچانەی لە دەستی داعش پاراستووە، عەرەبی سوننەی ئەو ناوچانە هیچ رەفتارێکی نەشیاویان بەرامبەر ئەنجام نەدراوە، لەمەش زیاتر لە دوای سەرهەڵدانی داعش، کورد شەڕێکی سەختی لەگەڵ داعش کردووە و ناوچەکانی خۆی پاراستووە، بۆیە جارێکی دیکە ئەم بارودۆخە بۆ پێش دەرکەوتنی داعش ناگەڕێتەوە.

هەر لەسەر ئەم پرسە و سەبارەت بە هەڵوێستی ئێران لە سەر یەکپارچەیی عێراق، پرۆفیسۆر هنری بارکی بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئامۆژگای وۆرد و ویلسن، پرسیارێکی ئاراستەی باڵیۆز رایان کرۆکەر کرد، بەوەی ئێران بە فەرمی داوای پاراستنی خاکی عێراق و دژایەتی سەربەخۆیی کوردستان دەکات، بەڵام ئێوە ئاماژەتان بەوەکرد کە ئێران دەیەوێت تۆڵەی خۆی لە عێراق بکاتەوە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا باڵیۆز کرۆکە دووپاتی کردەوە، ئێران دەیەوێت باشووری شیعەنشینی خاوەنی زۆرینەی نەوت لە ژێر کاریگەری نفوزی خۆیدا بێت، ژێرخانی ناوچە سوننەنشینەکان لەبەر یەك هەڵوەشێنێت، سەبارەت بە هەرێمی کوردستانیش دەیەوێت گەورەترین کاریگەری و هەژموونی لە سەر هەرێمی کوردستان هەبێت، بۆیە ئێران قەت نایەوێت عێراق بەهێز و یەکگرتوو بێت، بەڵکو دەیەوێت لاواز و پەرتەوازە بێت، بۆ ئەوەی هەرگیز نەتوانێت هەڕەشە لە سەر ئێران دروست بکاتەوە.



### ● بەراوردێك لە نێوان تاسك فۆرسی ئەتڵەنتیك و دیراسەتەکەی راپۆرتی بیکەر هاملتۆن

لە ساڵی ٢٠٠٦ پرۆفیسۆر ستیفن بیدل کە توێژەری ستراتیژییە لە ئامۆژگای پێوەندییەکانی دەرەوەی ئەمریکا، لە دوای گەڕانەوەی لە عێراق توێژینەوەیەکی بڵاوکردەوە بە ناونیشانی (کاتێك سەیری بەغدا دەکەین، سایگۆمان بیردەکەوێتەوە)، ستیفن بیدل لەم ناونیشانە مەبەستی ئەوە بوو، عێراق بۆتە ڤێتنامێکی دیکە بۆ ئەمریکا و دەبێت بە دۆڕاوی پاشە کشەی لێ بکەین، بۆ دیراسەتی ئەو بارودۆخە و دۆزینەوەی چارەسەر، بڕیار درا لیژنەیەك بە سەرۆکایەتی جیمس بیکەری وەزیری پێشووی کۆمارییەکان و لی هاملتۆن-ی دیموکراتی سەرۆکی پێشووی کۆنگرێس پێکهێنران، بۆ دیراسەتی ئەو بارودۆخەش پەنا بۆ گەورەترین



پسپۆڕان و شارەزایان لەسەر عێراق بردرا، ئەمجارە لە یەکەم پەنێڵی گروپی تاسك فۆرس بۆ ئایندەی عێراق، دوو باڵیۆز بانگهێشت کراون، کە یەکەمیان باڵیۆز کرۆکەر-ی سەر بە کۆمارییەکانە و دووەمیان جیمیس جیفری سەر بە دیموکراتەکانە، بەهەمان شێوە پەنا بۆ هەمان ئەو پسپۆڕانە براوە کە راپۆرتی بیکەر هاملتۆون پەنای بۆ بردوون. ئەرکی سەرەکیی ئەم دوو گروپە هەردووکیان یەك ئەرکە، ئەویش دیراسەتکردن و دیاریکردنی کێشەکانی عێراقە وەك ئەوەی هەیە بە شێوەیەکی مەیدانی و پاشان دیراسەتکردن و دۆزینەوەی رێگە چارەی خۆی، بەڵام جیاوازی کاری نێوان ئەم دوو گروپە ئەوەیە، گروپی راپۆرتی بیکەر هاملتۆن راپۆرتەکەیان بۆ سەرۆك جۆرج دەبلیو بوش ئامادە دەکرد کە خۆی لە دەسەڵاتدا بوو، بەڵام ئەم گروپەی تاسك فۆرس، راپۆرتەکەیان بۆ سەرۆکی داهاتووی ئەمریکا ئامادەدەکەن، دەیانەوێت دوای کۆتایی هاتنی ویلایەتی سەرۆك ئۆباما، سەرۆکی داهاتوو کۆماری، بێت یان دیموکراتی، نەخشەیەکی رێگەی بۆ ئامادە بکەن بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ واقیعی عێراقی دوای داعش، کەواتە مەزندەکانی ئەم راپۆرتە پێمان دەڵێت:

١. بەپێی ئەم راپۆرتە لە ساڵی **٢٠١٦** تیرۆریستانی داعش کۆتاییان دێت.

٢. شارە سوننەنشینە عەرەبەکانی عێراق بە تەواوەتی کاول بوون.

٣. عەرەبی سوننەی ئەو شارانە ئاوارە بوون.

٤. هەرێمی کوردستان ریفراندۆمی ئەنجامداوە.

بۆ رێکخستنەوەی ئەم واقیعە تازەیە پێویستە ئیدارەی تازەی ئەمریکا، زۆر بە قووڵی بێتە ناو ئەم واقیعە و رۆڵێکی سیاسیی گەورە بگێرێت بۆ رێکخستنەوەی بەشە عەرەبییەکەی عێراق و ئایندەی کوردستان وەك کیانێکی سەربەخۆ، بۆ ئەمەش دەبێت رێز لە ئیرادەی خەڵکی کوردستان بگرێت و ببێتە هاریکار و میانگیرێکی باش بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئاشتییانە ئاکامی ریفراندۆم لەگەڵ عێراق و دەوڵەتانی دراوسێ وتووێژی لەسەر بکرێت و دەوڵەتی کوردستان بە شێوەیەکی ئاشتییانە دابمەزرێت.



### نەزهەت حالی بەڕێوەبەری ئاژانسی پاراستن بۆ گوڵان:

# کلیلی چارەسەری کێشەکان لە دەستی کەسی یەکەمی پارتە سیاسییە سەرەکییەکاندایە

**بارودۆخی ناوخۆیی سیاسی و قەیرانی ئابووری و دارایی بۆتە دوو تەحەددای گرنك لەم قۆناخەدا بۆ پرۆسەی سەربەخۆیی كوردستان و بەردەوامیی ئاشتی و سەقامگیری لە كوردستاندا، ئێستا لایەنە سیاسییەكانی كوردستان لە بەردەم بەرپرسیاریەتییەكی مێژووییدان بۆ ئەوەی نێومالّی كوردستان یەكبخەنەوە و هەموو پێكەوە بە یەكڕیزی و یەكهەڵوێستی ئەم قەیرانە سیاسی و ئابوورییە تێپەڕێنن و هەنگاو بۆ ئایندەیەكی گەش هەڵبگرن. بۆ قسەكردن لەسەر رەوشی سیاسیی ئێستا و پشتگیری بڕیارەكانی سەرۆك بارزانی بۆ چاكسازی و دژایەتیكردنی گەندەڵی ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ نەزهەت حالی ئەندامی سەركردایەتی پارتی دیموكراتی كوردستان و بەڕێوەبەری ئاژانسی پاراستن ئەنجام دا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەكانی گوڵان-ی دایەوە.**

**پشتگیری توركیا و ئێران لە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ لە كوردستانی باشوور، متمانە و ئارامی دەرونی بە هاووڵاتییە كوردەكانیان دەبەخشێت، بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی وڵاتانی خۆیان بە گفتوگۆی سیاسی پرسەكانیان چارەسەربكەن**

*** وێڕای ئەوەی كوردستان بەرەیەكی فراوانی لەگەڵ دەوڵەتی تیرۆریستی داعش هەیە، بەڵام كوردستان لەسەر ئاستی ناوخۆیی رووبەڕووی دوو قەیرانی گەورەی سیاسی بووەتەوە، ئەم قەیرانە سیاسییەش هەڕەشەی جددی لەسەر یەكڕیزی ناو ماڵی كورد دروستكردووە و تا ئێستا نەتوانراوە ئەم گرێیە بكرێتەوە.، ئایا مەخرەجێك بۆ چارەسەركردنی ئەم قەیرانە سیاسییە بوونی هەیە؟**

- ئەگەر ویست و ئیرادەیەكی پاك و بەهێز لای لایەنە سیاسییەكان بۆ چارەسەركردنی كێشەكان هەبێت، بێگومان قەیرانی سیاسیش بە ئاسانی چارەسەر دەكرێت. بەداخەوە ئەزموونی لیژنە و لیژنەكاری ئەزموونێكی زۆر سەركەوتوو نەبووە لە كوردستان، بارودۆخەكە زۆر هەستیارە، ئێمەش لە شەڕێكی دژواردایین لە دژی تیرۆریستان. بارودۆخی سیاسی عێراقیش بە شێوەیەكی گشتی زۆر ئاڵۆزە و پێدەچێت ئاڵۆزتریش ببێت.

پێشتر هەرێمی كوردستان بە بەراورد لەگەڵ عێراق لە هەموو روویەكەوە زۆر سەقامگیرتر بوو، بەڵام بەردەوامبوونی قەیرانی سیاسی لە ناوخۆی هەرێم، ئەم سەقامگیرییەی رووبەڕووی هەڕەشەیەكی راستەقینە كردووەتەوە و رۆژ لە دوای رۆژیش قەیرانەكە قووڵتر دەبێتەوە ئەمەش بەهۆی تێكەڵبوونی لەگەڵ قەیرانی ئابووری كە ئەگەر بە خێرایی چارەسەر نەكرێت، مەترسییەكی زیاتر بۆ سەر هەرێم و هاووڵاتیانی دروست دەكات و مەترسیی لە دەستدانی دەرفەتەكان دێتەئاراوە. كێشە ناوخۆییەكانمان زیاتر لەوەی كێشەی ئایدیۆلۆژی و سیاسی بن، سیمایەكی كەسییان وەرگرتووە، بەڵام سیاسەت نە بە رق و كینە دەكرێت و نە بە عاتیفە دەكرێت، بەڵكو لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە نیشتمانییەكان و بە لەبەرچاوگرتنی هێز و توانای ناوخۆیی و خوێندنەوەی درووستی هەڕەشە و دەرفەتەكان دەكرێت. ململانێی سیاسی شتێكی زۆر تەندروستە، بەڵام تا ئەو

**ئێران و تورکیا دوو دەوڵەتی گرنگن لە ناوچەکە و وەکو عێراق دەستکردی کۆلۆنیالیزم نەبوون، خاڵە هاوبەشەکانی نێوان ئێمە و ئەو دوو دەوڵەتە زۆر لە خاڵە ناکۆکەکانمان زیاترن**

**دراوسێکانمان دەتوانن لە کاتی بڕیاردانی سەربەخۆیی بە پشتگیری کردنمان بۆ جیابوونەوەی ئاشتییانە، رۆڵی مرۆیی و ئایینی خۆیان بگێڕن**

**گەلی کوردستانی باشوور هەموو رێگاکانی پێکەوەژیانی لەگەڵ عێراق لە سیستەمی پاشایەتی، کۆماری، دیکتاتۆری، دیموکراسی، ئۆتۆنۆمی و فیدراڵی تاقی کردووەتەوە، بەڵام هیچ یەکێك لەوانە بۆ عێراق و گەلی کوردستان چارەسەری ریشەیی نەبوون**

**لە هەڕەشەی تیرۆریزم و شەڕی تیرۆر دەکرێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دۆستانمان بەهانامانەوە بێن، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین کەس لە شەڕی دژ بە گەندەڵی بە هانامانەوە نایەت، بەڵکو دەرگای دەستێوەردانی دەرەکی بەتایبەت بە رووی نەیارانی گەلەکەماندا دەکاتەوە**

رادەیە کە سەقامگیری و ئاسایشی ناوخۆ تێك نەدات. ئەو هێرشە نابەرپرس و مەترسیدارانەی کە لایەنە سیاسییەکان لە راگەیاندنەکان دژی یەکتر ئەنجامی دەدەن و گوێنەگرتنی راستەقینە لە یەکتری، کەشێکی سایکۆلۆژی زۆر خراپ و مەترسیداری دروستکردووە، بەداخەوە متمانەی هاونیشتمانییانی بە پرسی نەتەوەییش لاواز کردووە. ئێستاش هەموو دەرگاکان دانەخراون، هێڵی سوور نابێت لە نێوان ئاشتی نەتەوەیی و نیشتمانیدا هەبێت، بەڵکو پێویستە وەکو کورد هێڵی سوور بە دەوری یەکرێزی و تەبایی بەرەکانی ناوخۆییدا بکێشین، بۆ ئەوەی رێگا نەدرێت هیچ کەس و لایەنێك لەو چوارچێوەیە دەربچێت و هیچ دەستێکی بێگانەش نەتوانێت دووبارە ناوماڵی کوردی تێکبدات. پێموایە لە ئێستادا کلیلی چارەسەری کێشەکان لە دەستی کەسی یەکەمی پارتە سیاسییە سەرەکییەکانە، ئەوان دەتوانن زۆر بە ئاسانی گرێ کوێرەکان بکەنەوە، جەماوەری هەموو پارتەکانیش دەتوانن پاڵپشتیان بن، بە تایبەت بە پاراستنی ئارامیی کوردستان. هەر پارتێکی سیاسی لە جیاتی ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە کە بەشی هەرە زۆر لە دەستکەوتەکانی ئێستا وەربگرێت، پێویستە هەوڵ بدات هەموو لایەنەکان لەم دەستکەوتانە بێبەش نەبن و بەشداربن، ئەوە وەکو ئەوە وایە کێکێك هەبێت و هەر لایەنێك لە جیاتی ئەوەی بیر لە گەورەکردنی کێکەکە بکاتەوە بە شێوەیەك کە بەشی خۆی و لایەنەکانی تر زیاتر ببێت، بیر لەوە دەکاتەوە بەشی زیاتر لەو کێکە بچووکە بۆ خۆی ببات، مەبەستم لە کێکەکە دەستکەوتە مادییەکان نییە، بەڵکو دەستکەوتە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانە. کوردستانی باشوور لە وەرچەرخانێکی مێژووییدایە بۆ دروستکردنی دەوڵەت، دەوڵەتسازی و نەتەوەسازی لە جیاتی قسەکردن و یەکتر شکاندن، پێویستی بە ئامانجی هاوبەش و قوربانیدان و کارکردنی جددی هەیە، واتە پێویستیمان بە کۆدەنگی نیشتمانی و بەشداری هەموو کوردستانییان هەیە. راستە زۆربەی هەرە زۆری کوردستانییان خەون و هیوای دەوڵەتی سەربەخۆیان هەیە، بەڵام ئایا ئەوە بووەتە ئامانجی هەمووان؟ بەداخەوە لەبەر ململانێی ناتەندروستی پارتە سیاسییەکان و لە یەك تێنەگەیشتن نەبووەتە ئامانجی گشتگیر، تەنانەت کە باس لە ریفراندۆم و سەربەخۆیی دەکرێت، دەبینین هەندێك دەنگ بەرزدەبنەوە کە بە راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەبەر ئەو ململانێ ناتەندروستە و بوونی هەندێك کێشەی دارایی، دژی دەوڵەتی سەربەخۆن، کە پێموایە ئەوە گەورەترین تاوانە بۆ ئەو کەسانەی ئەو بابەتە باس دەکەن. پێویستە واز لە رق و کینە و بە چاوی دوژمن لە یەکتر روانین بهێنین. کاتێك کۆبوونەوەی لوتکەی لایەنە سیاسییەکان یەك ئامانجی هەبێت، ئەویش گەیشتن بە رێککەوتن بێت، ئەوە چارەسەری گرفتە سیاسییەکان دەکات. بە رێککەوتنیش دەگەینە لوتکەی سەرکەوتن. هەروەها پێویستیمان بە دۆزینەوەی میکانیزمێکی گونجاو هەیە بۆ ئەو قۆناغە، بۆ نموونە دروستکردنی بەرەیەك لە کوردستانی باشوور لە چەشنی بەرەی کوردستانی بەر لە سەرهەڵدان و لە کاتی سەرهەڵدانی ١٩٩١ کە دەستکەوتی گەورەی بۆ گەلەکەمان لێکەوتەوە، یاخود بەستنی کۆنگرەیەکی نیشتمانی تایبەت بە کوردستانی باشوور، بۆ ئەوەی هیوا و ئاواتمان بکەین بە ئامانج و بە یەکەوە بە ستراتیژیەتێکی یەکگرتوو بەرەو سەربەخۆیی هەنگاو بنێین، بۆیە پێویستە بەر لە هەموو شتێك ناوماڵی خۆمان رێك بخەینەوە، چونکە تەنیا یەك پارتی سیاسی بەهێز وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان کە پێشڕەوایەتی گەلی کوردستانی دەکرد لە شۆڕشی ئەیلوول، لەم قۆناغەدا لە گۆڕەپانی سیاسی بوونی نییە کە هەموو چین و توێژەکان کۆبکاتەوە، پەرلەمان و حکومەتی هەرێمیش لەبەر ململانێی سیاسی نەبوون بە کۆکەرەوەی هەموو چین و توێژەکان. جگە لەوەش ئامانجی سەربەخۆیی نابێت تەنیا لە ئاستی پارتە سیاسییەکان قەتیس بکرێت، بەڵکو دەبێت ئامانجی هەر تاکێکی کوردستانی بێت، ناوچەکانی دیکەی کوردستانی لە دەرەوەی هەرێم کە بە کردەیی ئێستا لە ژێر کۆنترۆڵی هێزی کوردستاندان، ئەوانیش دەبێت لە پرۆسەی هەنگاونان بەرەو سەربەخۆیی بەشداربن، گرنگ ئەوەیە بزانین ئێمە ئێستا لە کوێین و بەرەو کوێ هەنگاو دەنێین، نابێت رێگە بدەین ئاسایش و ئارامیی هەرێمی کوردستان لە ژێر هەر بیانوویەك تێك بدرێت.

*** هاوشانی ئەم قەیرانە سیاسییە گەورەیە، بەهۆی دابەزینی نرخی نەوتەوە، کوردستان**

**ڕووبەڕووی قەیرانێکی دارایی ئەوتۆ بووەتەوە کە ترسناکترە لە هەڕەشەی تیرۆریستانی داعش، لە هەمان کاتیشدا باس لەوە دەکرێت ئەوەی ئەم قەیرانەی سەختتر کردووە، بوونی گەندەڵییەکی گەورەیە لە تەواوی جومگەکانی حوکمڕانی کوردستاندا. ئایا قەوارەی گەندەڵی لە کوردستان چۆن دەبینیت؟ چۆن دەتوانرێت بە ئاستێکی ئەوتۆ دژی گەندەڵی بین، بۆ ئەوەی لانیکەم بتوانین ئەم قەیرانە تێبپەڕێنین؟**

- گەندەڵی دیاردەیەکی مەترسیدارە و تەنیا لە ئاستی باڵا بوونی نییە، بەڵکو بۆ خوارەوەش شۆڕ بووەتەوە. هاوتەریب لەگەڵ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لە سەرەوە بۆ خوارەوە، بۆیە پێویستە فەرهەنگی دژەگەندەڵی بڵاوبکەینەوە، دەتوانین سوود لە ئەزمونی وڵاتان وەربگرین، بەڵام بە بەشداری خەڵکی خۆمان، واتە زۆر کەسی ئاکادیمی و دڵسۆز دیراسەتی ئەزموونی وڵاتان بکەن و لە سیاسەتی حکومەتی هەرێم بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی سوودی لێ وەربگرین. بوونی گەندەڵی هەژاری زیاتر دەکات، پێکەوەژیان و ئاسایشی وڵات دەخاتەمەترسی، ڕێگر دەبێت لە پێشکەوتنی کۆمەڵگەکەمان، بۆیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دەبێت لە چوارچێوەی ململانێی سیاسی و لێدانی یەکتر بچینە دەرەوە و ستراتیژیەتێکی نیشتمانی بۆ دابڕێژرێت، هەروەها لە هەمان کاتدا لە ڕێگای یاسا و دامەزراوەیی و تەنانەت پەروەردە و پرۆسەی چاکسازی دەبێت بەردەوام ڕووبەڕووی ببینەوە. کوردستانی باشوور جگە لە دەوڵەمەندی بە سەرچاوە سروشتییەکان خاوەن هێزی مرۆیی گەنجە، کە بەداخەوە کارمان نەکردووە بۆ پەروەردەکردنی ئەو گەنجانە بە زانست و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی. گەندەڵی لەو وڵاتانەی بە قۆناغی گواستنەوەدا تێدەپەڕن، یاخود زۆر لەو وڵاتانەی کە دامەزراوەکانیان لە ڕووی یاسا و سەپاندنی یاسا لاوازن، ڕوودەدات و پەرەدەسەنێت، چونکە بەرژەوەندی کەسی و خزمایەتی و برادەرایەتی ڕۆڵی زۆر زیاتر لە یاسا و ڕێساکان دەگێڕێت. تەنانەت نۆرمە کۆمەڵایەتییەکانیش دەگۆڕێن، بەڵگەش بۆ ئەمە زۆر کەس کە بە دزی و گەندەڵی دەوڵەمەند دەبن، لە جیاتی ئەوەی ببن بە جێگای شەرمەزاری، دەبن بە سیمبولی کەسانی سەرکەوتوو لە کۆمەڵگە، دواتر هەر ئەوانەشن هانی زۆر کەس دەدەن کە بە ڕێگای نادروست و خێرا لە ڕووی داهاتەوە پێش بکەون. پێویستە پلانی ستراتیژی خێرا و درێژخایەن هەبێت، بەڵام بە مەرجێك ئامانج نەهێشتنی گەندەڵی بێت، نەك وەلانانی لایەنێکی سیاسیی دیاریکراو، بەڵام لە پرۆسەی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی ڕاستییەك هەیە، ئەویش ئەوەیە کە پێویستە بە دوای کەسانی دڵسۆز، پاك، شارەزا و نیشتمانپەروەردا بگەڕێین و ئەوان لە پۆستە گرنگەکان دابندرێن، تاکو بتوانن بە گروپ و بە یەك ئامانج ڕووبەڕووی گەندەڵی ببنەوە و ڕێگری لە پەرەسەندنی گەندەڵی بکەن. جیا لە بڕینی بودجەی هەرێم و دابەزینی نرخی نەوت و شەڕی داعش و بوونی ژمارەیەکی زۆر لە ئاوارە و پەنابەر، ئەوەی قەیرانی دارایی هەرێمی قووڵتر کردووەتەوە، نەبوونی پلان و سیاسەتی ئابووری و بوونی گەندەڵییە، جیا لەمانەش کێشەی سیاسیی نێوان هەرێم و بەغدا لە لایەك و قەیرانی سیاسی هەرێم و وروووژاندنی زیاتری لایەنە سیاسییەکان لە لایەکی دیکە، قەیرانەکەیان سەختتر کردووە. بارودۆخی دارایی هەرێم بە بەراورد لەگەڵ بارودۆخی دوای سەرهەڵدان زۆر باشترە، ئەو کات داهاتی حکومەت زۆر کەم بوو، خەڵکیش بە شێوەیەکی گشتی زۆر کەمتر لە ئێستا سەرمایەیان هەبوو، بەڵام ئاستی داواکاری خەڵك ئێستا زیاتر بووە، ئەمەش شتێکی ئاساییە تا ئەو ئاستەی کە نەبێتە هۆی درك نەکردن بە بەرپرسیارێتییەکان بەرامبەر بە دۆخە هەستیارەکان، پێموایە ئەو قۆناغە سەختەش بە هیمەتی هەمووان تێدەپەڕێنین، تەنانەت دەبێتە هاندەرێکی باش بۆ ئەوەی بە خۆماندا بچینەوە و سیاسەتێکی ئابووری گونجاومان بۆ کوردستان هەبێت و ببین بە گەل و وڵاتێکی بەرهەمهێنەر.

*** بەم دواییە سەرۆك بارزانی بە دوو شێواز کۆمەڵێك بڕیاری بۆ چاکسازی ڕاگەیاند، تایبەت بە حکومەت و پارتی دیموکراتی کوردستان، با ئێمە لە شێوازی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی سەرۆك بارزانی بۆ حکومەت لێبگەڕێین، ئایا میکانیزمی گونجاو بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی سەرۆك بۆ نەهێشتنی گەندەڵی لە ناو پارتیدا دەبێت چۆن بێت؟ ئایا ئێوە وەکو ئاژانسی پاراستن بە چ میکانیزمێك پشتگیری بڕیارەکانی سەرۆك بارزانی دەکەن بۆ ئەوەی لە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان سەرکەوتوو بێت؟**

**هەست بە دەستێوەردانی دەرەکی دەکرێت بۆ نانەوەی ئاژاوە لە هەرێمی کوردستان و زیادکردنی نارەزایی جەماوەری، ئەویش لە ئەنجامی چالاکییە هەواڵگرییە نەرێنییەکان و شەڕی نەرم ئەنجام دەدرێت**

**سەرکەوتنی هەرێمی کوردستان و پێشمەرگە و هێزە ئەمنی و هەواڵگرییەکانی هەرێمی کوردستان لە شەڕی تیرۆر بە هاوکاری هاوپەیمانان و سەرکردایەتی سەرۆک بارزانی، پێگەی هەرێمی لە ئاستی جیهانی زۆر بەرزکردووەتەوە**

**ئایندەی گەلی کوردستان زۆر گەورەترە لە هەندێک کەسی گەندەڵ و نابەرپرس و کەمتەرخەم و بەرژەوەندیپەرست، ئینجا سەر بە هەر لایەنێکی سیاسی، یان لە هەر ئاستێکدا بن**

**ئەو قۆناغە سەختەش بە هیمەتی هەمووان تێدەپەڕێنین، تەنانەت دەبێتە هاندەرێکی باش بۆ ئەوەی بە خۆماندا بچینەوە و سیاسەتێکی ئابووری گونجاومان بۆ کوردستان هەبێت و ببین بە گەل و وڵاتێکی بەرهەمهێنەر**

- سەرۆك بارزانی جگە لەوەی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانە، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و رێبەری بزاڤی رزگاریخوازی کوردستانی باشوورە، پێموایە نەك تەنیا پارتییەکان، بەڵکو دەبێت لایەنە سیاسییەکانی تریش بۆ سەرکەوتنی لە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی هاوکاری بن. ئاژانسی پاراستن کە دەزگایەکی هەستیار و ژیارییە رۆڵی بەرچاوی لە پاراستنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان هەبووە، هەمیشە گەندەڵی بە هەڕەشە و مەترسییەکی مەزن بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانی داناوە و پێمانوایە ئەم هەڕەشەیە لە هەڕەشەی تیرۆریزم گەورەترە، چونکە لە هەڕەشەی تیرۆریزم و شەڕی تیرۆر دەکرێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دۆستانمان بەهانامانەوە بێن، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین کەس لە شەڕی دژ بە گەندەڵی بە هانامانەوە نایەت، بەڵکو دەرگای دەستێوەردانی دەرەکی بەتایبەت بە رووی نەیارانی گەلەکەماندا دەکاتەوە. بۆیە ئەوە خۆمانین کە دەبێت پشت بە خۆمان ببەستین و لەم هەنگاوەشدا دوودڵ نەبین و عاتیفە بەکارنەهێنین و نەشترسێین، چونکە پێشکەوتنی داهاتوومان بەندە بەو هەنگاوانەی کە ئێستا بۆ نەهێشتنی گەندەڵی دەیهاوێژین، ئایندەی گەلی کوردستان زۆر گەورەترە لە هەندێك کەسی گەندەڵ و نابەرپرس و کەمتەرخەم و بەرژەوەندیپەرست، ئینجا سەر بە هەر لایەنێکی سیاسی، یان لە هەر ئاستێکدا بن. ئێمە وەکو ئاژانسی پاراستن پاڵپشتی سەرۆك بارزانی و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبین بەپێی ئەو ئەرکانەی بۆمان دیاری دەکرێن لە رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێمە دامەزراوەیەکی فەرمین، حەز دەکەین پارتی بە خۆی چارەسەری کێشە ناوخۆییەکانی بکات، وەکو تاکیش هەر فەرمانێك لە سەرکردایەتی هەبێت بۆ نەهێشتنی گەندەڵی ئامادەین.

*** دوای ئازادکردنەوەی شنگال لەسەر دەستی پێشمەرگە، شەڕی دژی داعش لە ستراتیژیەتی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی و لەسەر ئاستی دەوڵەتانی ناوچەکە پێی ناوەتە قۆناغێکی دیکە، وەك بڵێی سەرەتای کۆتایی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی داعش دەرکەوتووە، بۆیە دەوڵەتانی گەورە و دەوڵەتانی ناوچەکەش زۆر بایەخ بە قۆناغی دوای نەمانی داعش دەدەن، لەم حاڵەتەدا لەگەڵ ئەوەی کوردستان لە رووی سەرکەوتنە سەربازییەکانەوە پێگەیەکی گەورەی هەیە، بەڵام هەست دەکرێت لەسەر ئاستی سیاسی بەرەیەکی فراوان دژایەتی پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان دەکات، ئایا تا چەند ئەم هەڕەشەیە بۆ سەر کوردستان جددییە و چۆن دەتوانین لە ئێستادا خۆمان بۆ قۆناغی دوای داعش ئامادە بکەین؟**

- سەرکەوتنی هەرێمی کوردستان و پێشمەرگە و هێزە ئەمنی و هەواڵگرییەکانی هەرێمی کوردستان لە شەڕی تیرۆر بە هاوکاری هاوپەیمانان و سەرکردایەتی سەرۆك بارزانی، پێگەی هەرێمی لە ئاستی جیهانی زۆر بەرزکردووەتەوە، پشتگیری سیاسی زیاتری بۆ دەستەبەرکردووە، وڵاتانی جیهان باشتر لە داواکارییە رەواکانی کوردستانییان بۆ سەربەخۆیی تێدەگەن. تا ئێستاش بەرەیەك لە ناوخۆ پێکنەهاتووە کە بە ئاشکرا دژی سەربەخۆیی کوردستان بێت، چونکە لە ناخی هەر کوردێك ئارەزووی ژیان لە ژێر ئاڵای دەوڵەتی سەربەخۆ هەیە، بەڵام هەروەك پێشتریش باسم کرد، تێکۆشان بۆ سەربەخۆیی نەبووەتە ئامانجێکی گشتگیر. هەر بەرەیەك دژی سەربەخۆیی بێت، نابێت لە لایەن کوردستانیان جێگەی قبوولکردن بێت، چونکە خوێن و قوربانی زۆرمان بۆ بەدیهێنانی ئەو ئاواتە داوە، بۆیە تاکە چارەسەر رێککەوتنی لایەنە سیاسییەکانە.

*** ئەوانەی چاودێری رووداوە خێراکانی ناوچەکە دەکەن، هەست دەکەن لە ئێستاوە شەڕێکی بەوەکالەت بۆ قۆناغی دوای داعش دەستی پێ کردووە، تەنانەت لە ناو هاوکێشەی سیاسی کوردستانیشدا، هەست بە دەستێوەردانی دەرەکی دەکرێت، ئەم دەستێوەردانەش بە راشکاوی هەستی پێ دەکرێت. ئایا تا چەند کوردستان دەتوانێت خۆی لە شەڕی بە وەکالەت دووربخاتەوە؟**

- بێگومان هەست بە دەستێوەردانی دەرەکی دەکرێت بۆ نانەوەی ئاژاوە لە هەرێمی کوردستان و زیادکردنی نارەزایی جەماوەری، ئەویش لە ئەنجامی چالاکییە هەواڵگرییە نەرێنییەکان و شەڕی نەرم ئەنجام دەدرێت. ململانێی نێوان هێزە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکانیش کاریگەری لەسەر تێکرای رۆژهەلاتی ناوەڕاست بە هەرێمی کوردستانیشەوە هەیە، ئێمە نابێت ببین بە بەشێك لەو

**بوونی گەندەڵی هەژاری زیاتر دەکات، پێکەوەژیان و ئاسایشی وڵات دەخاتەمەترسی، رێگر دەبێت لە پێشکەوتنی کۆمەڵگەکەمان، بۆیە بۆ رووبەڕووبوونەوەی دەبێت لە چوارچێوەی ململانێی سیاسی و لێدانی یەکتر بچینە دەرەوە و ستراتیژیەتێکی نیشتمانی بۆ دابڕێژرێت**

**گەندەڵی دیاردەیەکی مەترسیدارە و تەنیا لە ئاستی باڵا بوونی نییە، بەڵکو بۆ خوارەوەش شۆڕ بووەتەوە. هاوتەریب لەگەڵ رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لە سەرەوە بۆ خوارەوە، بۆیە پێویستە فەرهەنگی دژەگەندەڵی بڵاوبکەینەوە**

ململانێیـه، ئـهوەش تهنیـا پهیوەسـته بـه یهکگرتوویـی و یهکڕیـزی ناوخۆمـان و بوونـی دیـدی سـتراتیژی هاوبـهش بـۆ پرسـهکهمان. هەرچەنـدە هەرێمـی کوردسـتان توانیویەتـی تاکـو ئێسـتا یاریکەرێکـی گرنـگ بێـت، بـهڵام بهپێـی سیسـتهمی سیاسـی ئێسـتای جیهـان، تاکـو ئێمـه نهبیـن بـه دەوڵەتـی سـەربەخۆ، نابیـن بـه یاریکەرێکـی کردەیـی و فەرمـی لەسـەر ئاسـتی نێودەوڵەتـی، بۆیـه دەبێـت هەمیشـه وریـا بیـن بـۆ ئـەوەی نەبیـن بـه بەشـێك لـەو ململانێیـه و نابێـت ڕێککەوتنـی نێـوان لایەنـەکان لەسـەر حیسـابی گەلەکەمـان بێـت.

*** لـه نـاو هێـزه گەورەکانـی ناوچەکـه کـه سـعودیه و ئێـران و تورکیـان، ئێـران و تورکیـا ڕاسـتەوخۆ دراوسـێی هەرێمـی کوردسـتانن و هـەردوو وڵاتەکـەش بەشـێکی کوردسـتانی پێـوه لکێنـراوه، لـه ئێسـتا ئەوەنـدەی هەسـت دەکەیـن ئێـران دژی پرۆسـەی سـەربەخۆیی کوردسـتانه و بـه ئاشـکرا دەوڵەتـی کوردسـتان بـه ئیسـرائیلی دووەم ناودەبـات، تورکیـا هێنـده تونـد نییـه، ئایـا لـه ئێسـتادا بۆچـی ئێـران بـەو ئاسـته دژایەتـی پرۆسـەی سـەربەخۆیی کوردسـتان دەکات؟ ئایا دەبێت هەرێمی کوردستان بـه چ میکانیزمێـك لێکتێگەیشـتنێك لەسـەر ئـەم پرسـه لەگـەڵ ئێـران دروسـت بـکات؟.**

- بەداخـەوه نـەك ئێسـتا، بەڵکـو هـەر لـه دوای سـەرهەڵدانی ١٩٩١ و دوای پێکهێنانـی پەرلەمـان و حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان، لـه نـاو کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران گوێبیسـتی هەندێـك لێـدوان بوویـن کـه هەرێمـی کوردسـتانیان بـه ئیسـرائیلی دووەم ناودەبـرد، ڕاسـتییەك هەیـه ئەویـش ئەوەیـه کـه شۆڕشـی ڕزگاریخـوازی کوردسـتانی باشـوور بـەر لـه دامەزراندنـی دەوڵەتـی ئیسـرائیل هەبـووه، هەروەهـا هەرێمـی کوردسـتان سـەرچاوەی هەڕەشـه نەبـووه بـۆ ئێـران و تورکیـا و هیـچ دراوسـێیەکی تـری و لـه داهاتـووش نابێتـه سـەرچاوەی هەڕەشـه. داواکاری سـەربەخۆیی ئێمـه داواکارییەکـی ڕەوایـه و پەیوەسـته بـه پرسـی ناوخۆیـی عێـراق نـەك وڵاتێکـی دیکـه، پێموایـه دراوسـێکانمان دەتوانـن لـه کاتـی بڕیاردانـی سـەربەخۆیی بـه پشـتگیری کردنمـان بـۆ جیابوونـەوەی ئاشـتییانه، ڕۆڵـی مرۆیـی و ئایینـی خۆیـان بگێـڕن، لەبەرئـەوەی گەلـی کوردسـتانی باشـوور هەمـوو ڕێگاکانـی پێکەوەژیانـی لەگـەل عێـراق لـه سیسـتەمی پاشـایەتی، کۆمـاری، دیکتاتـۆری، دیموکراسـی، ئۆتۆنۆمـی و فیدڕاڵـی تاقـی کردووەتـەوه، بـەڵام هیـچ یەکێـك لەوانـه بـۆ عێـراق و گەلـی کوردسـتان چارەسـەری ڕیشـەیی نەبـوون. گـەر خۆڕاگـری گەلـی کوردسـتان و پێشـمەرگە نەبوایـه دەبوایـه ئێسـتا دەسـەڵاتی ڕێکخـراوی تیرۆریسـتی داعشـمان تاقـی کردبایـەوه، ئایـا ئەمـه ڕەوایـه؟ بێگومـان نەخێـر. هەروەهـا هـەر دەوڵەتێك لـه جیاتـی ئـەوەی ئاسایش و ئارامـی خـۆی پەیوەسـت بـکات بـه ڕێگەگرتـن لـه داواکاری ڕەوای گەلێکـی زۆرلێکـراوی وەکـو گەلـی کوردسـتانی باشـوور، یاخـود ئاسـایش و ئارامـی خـۆی بـه بوونـی نائارامـی لـه وڵاتانـی دیکـه ببەسـتێتەوه، ئـەوا دەبێـت بـه سیاسـەتی خۆیـدا بچێتـەوه و زیاتـر کار بـۆ بابەتـه ناوخۆییەکانـی خـۆی بـکات و چارەسـەری ئاشـتییانه و دیموکراسـی بـۆ ناوخـۆی بدۆزێتـەوه. ئێـران و تورکیـا دوو دەوڵەتـی گرنگـن لـه ناوچەکـه و وەکـو عێـراق دەسـتکردی کۆلۆنیالیـزم نەبـوون، خاڵـه هاوبەشـەکانی نێـوان ئێمـه و ئـەو دوو دەوڵەتـه زۆر لـه خاڵـه ناکۆکەکانمـان زیاتـرن، دەکرێـت بـه گفتوگـۆی ڕاسـتەوخۆ لەگـەل وڵاتانـی ناوچەکـه ڕەوایەتـی داواکاری خۆمـان بچەسـپێنین، لـه ئەنجامیشـدا جگـه لـه بەرژەوەندییـه هاوبەشـەکانمان، ویـژدان و بـاوەڕی ئایینـی و ئەخلاقـی سیاسـی و مرۆڤایەتـی کاریگـەری لەسـەر دراوسـێیەکانمان دەبێـت، بـۆ تێگەیشـتن لـه داواکارییەکانمـان. هیـچ ڕەوا نییـه گەلێکـی (٤٠-٥٠) ملیـۆن کەسـی ڕەسـەنی ناوچەکـه وەکـو گەلـی کـورد خـاوەن یـەك دەوڵەتیـش نەبێـت، بـەو مەرجـەی کوردسـتانی باشـوور هەمـوو سـیماکانی دەوڵەتـی هەیـه، پێموایـه ڕێگـەدان بـه دروسـتکردنی دەوڵەتـی سـەربەخۆ لـەم پارچەیـەی کوردسـتان لـه جیاتـی ئـەوەی ببێتـه هانـدەر بـۆ پەرەسـەندنی بیـری جیابوونـەوە، کاریگـەری دەبێـت لەسـەر ئـەوەی کـورد لـه پارچەکانـی تـر هەسـت بـه زوڵمـی کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی نەکـەن لـه ڕێگریکردنیـان لـه هەبوونـی مافـی ڕەوای تەنانـەت یـەك کیانـی سـەربەخۆ لـه پارچەیـەك لـه پارچەکانـی کوردسـتان کـه هەمـوو پێوەرەکانـی دەوڵـەت بوونـی هەیـه. پشـتگیری تورکیـا و ئێـران لـه دامەزراندنـی دەوڵەتـی سـەربەخۆ لـه کوردسـتانی باشـوور، متمانـه و ئارامـی دەروونـی بـه هاووڵاتییـه کوردەکانیـان دەبەخشـێت، بـۆ ئـەوەی لـه چوارچێوەی وڵاتانـی خۆیـان بـه گفتوگـۆی سیاسـی پرسـەکانیان چارەسـەربکەن، ئـەو کاتیـش دەوڵەتـی کوردسـتانی باشـوور دەتوانێـت ڕۆڵـی ئەرێنـی لـەو نێوەنـدەدا بگێڕێـت.

**ئامانجی سەربەخۆیی نابێت تەنیا لە ئاستی پارتە سیاسییەکان قەتیس بکرێت، بەڵکو دەبێت ئامانجی هەر تاکێکی کوردستانی بێت، ناوچەکانی دیکەی کوردستانی لە دەرەوەی هەرێم کە بە کردەیی ئێستا لە ژێر کۆنترۆڵی هێزی کوردستانیدان، ئەوانیش دەبێت لە پرۆسەی هەنگاونان بەرەو سەربەخۆیی بەشداربن**

**دەوڵەتسازی و نەتەوەسازی لە جیاتی قسەکردن و یەکتر شکاندن، پێویستی بە ئامانجی هاوبەش و قوربانیدان و کارکردنی جددی هەیە**

# دۆسیەی یاسایی پەیوەست بە مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ گەلی کوردستان- عێراق*

• (٢) لە (٣)



و. لە عەرەبییەوە:
عەبدولڕەحمان سدیق
asidiq1962@yahoo.com

• **مەرجەکانی لکاندنی باشووری کوردستان بە عێراقی پێشنیازکراوەوە**

هەرچەندە بڕیاری لکاندنی باشووری کوردستان بە عێراقەوە بە زۆرەملێ بوو، بەڵام کۆمەڵێك مەرجی یاسایی و سیاسی و نیشتمانیی پابەندکار هەبوون کە هاوکاتی پرۆسەی لکاندنەکە بوون، گرنگترینیان بریتین لە:

أ: ماددەی(١٦)ی یاسای ئینتیداب لە ساڵی ١٩٢٠.

ب: کۆنگرەی قاهیرە ساڵی ١٩٢١.

ج: بەیاننامەی بەریتانیی عێراقی هاوبەش ساڵی ١٩٢٢.

د: ڕاسپاردەکانی لێژنەی کۆمەڵەی گەلان (ویلایەتی موسڵ) ساڵی ١٩٢٥.

ع: بڕیاری کۆمەڵەی گەلان سەبارەت بە داواکارییەکانی کورد لە ساڵی ١٩٢٥.

ف: بڕیاری کۆمەڵەی گەلان لە ساڵی ١٩٣٢.

ك: بەڵێننامەکانی عێراق – مەرجەکانی قەبووڵکردنی عێراق لە کۆمەڵەی گەلان لە ساڵی ١٩٣٢.

لکاندنی کوردستان بە عێراقەوە بەپێی خواستی گەلی کورد نەبوو، تەنانەت لەو ریفراندۆمە رووکەشەشدا رەتکرایەوە کە بەریتانییەکان لە سەر هەندێك لە پیاوماقووڵان فەرزیان کردبوو، چونکە بەشداریپێکردنی هاووڵاتیان لە ریفراندۆمەکەدا بەپێی پێوەرگەلێکی تایبەت بوو، وەك لە فەرمانگەی پشتپێبەستراوی باڵای بەریتانیی لە وڵاتی نێوان دوو ڕووباردا (A-8635 بەغداد) لە ١٩٢١/٦/١ دا هاتبوو:

لە شاری سلێمانیی تەنیا ئەو هاووڵاتییانە مافی دەنگدانیان هەیە کە نرخی خانووەکانیان لە سەرووی ٢٠٠٠ رۆپییەوەیە. (ئەم مەرجەش تەنیا ٢٠٠ماڵی دەگرتەوە، کە ١٦٨یان لە دژی لکاندنەکە دەنگیان دا)، بەڵام سەرەڕای ئەمەش بەریتانیا هەر سوور بوو لە سەر لکاندنی باشووری کوردستان بە عێراقی پێشنیارکراوەوە.

لێرەدا بڕیارەکانی لکاندنەکە و مەرجەکانی دەخەینەڕوو:

• **بڕیاری لکاندنەکە:**

لە کۆتاییدا بەریتانیا بڕیاری دا کوردستانی باشوور بە عێراقی پێشنیارکراوەوە بلکێنێت لە (١٩٢١/٢/٢٢)دا و ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقیش لە کۆبوونەوەیەکیدا بڕیاری لەم بارەیەوە دا.

• زاراوەکانی (هەرێم، گەل، دەسەڵاتی سیاسی) لە دەستوور و ڕێککەوتننامە کوردی – عێراقییەکاندا

• کورد و کوردستان لە دەستوور و یاسا عێراقییەکاندا

أ: یاسای بنەڕەتیی عێراقی ساڵی ١٩٢٥

ب: یاسای ئاڵای عێراقی ساڵی ١٩٣١

ت: دەستووری ساڵی ١٩٥٨

ج: دەستووری کاتیی ساڵی ١٩٦٨

د: دەستووری کاتیی ساڵی ١٩٦٤

ح: دەستووری هەموارکراوی ساڵی ١٩٦٨ بەپێی ڕێککەوتننامەی ئاداری ١٩٧٠

ع: دەستووری ساڵی ١٩٧٠

ف: پرۆژەی دەستووری عێراق ساڵی ١٩٩٠

ق: یاسای کاتیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت ساڵی ٢٠٠٤

ك: دەستووری کۆماری عێراق ساڵی ٢٠٠٥

• **بەیاننامە و ڕێککەوتننامە کوردی – عێراقییەکان**

أ: بەیاننامەی ساڵی ١٩٦٤

ب: بەیاننامەی ٢٩ حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٦

ج: ڕێککەوتننامەی ئاداری ساڵی ١٩٧٠

د: یاسای ئۆتۆنۆمیی ساڵی ١٩٧٤

ح: بڕیاری ژمارە ٩٨٦ ساڵی ١٩٩٥ ی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان

• **پاساوەکانی یاسای نێودەوڵەتی بۆ مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ گەلی کوردستان – عێراق**

١. حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق پابەند نەبوون بە بەڵێننامە و مەرجە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق، نە لە پێش و نە لە کات و نە لە دوای دامەزراندنەکە، ئەمەش ڕوونکردنەوەی ئەم قسەیەیە:

• یەکەم: پێش دامەزراندن: عێراق پابەند نەبوو بەم بەڵێننامە نێودەوڵەتییانە:

أ: ماددەی (٤) لە ڕێککەوتننامەی قاهیرە ساڵی ١٩٢١

ب: ماددەی (١٦) لە لائیحەی ئینتیداب ساڵی ١٩٢١

ج: ڕاسپاردەکانی لێژنەی کۆمەڵەی گەلان لە بارەی ویلایەتی موسڵەوە ساڵی ١٩٢١

د: بڕیاری کۆمەڵەی گەلان لە (١٩٢٥/١٢/١٦)

• دووەم: لە کاتی دامەزراندندا:

أ: پابەندنەبوون بە ڕێنماییەکانی کۆمەڵەی گەلان ساڵی ١٩٢٢

ب: پابەندنەبوون بە بەڵێنە هاوبەشەکانی بەریتانیا و عێراق لە (١٩٢٢/١١/٢٨)

ج: پابەندنەبوون بە عورف و بەڵێنەکانی کۆمەڵەی گەلان ساڵی ١٩٣٢ کە وەك مەرج وابوون بۆ قەبوولکردنی عێراق لە کۆمەڵەی گەلان.

● سێیەم: لە دوای دامەزراندن:

١. حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق پابەندنەبوون بەو بڕیار و ڕێککەوتننامانەی کە لە نێوان کورد و ئەواندا مۆرکرابوون:

أ: بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران لە (١٩٢٣/٧/١١)

ب: بەیاننامەی شوبات ساڵی ١٩٦٤

ج: بەیاننامەی (١٩٦٦/٦/٢٩)

د: ڕێککەوتننامەی ئاداری ساڵی ١٩٧٠

ح: یاسای ئۆتۆنۆمی ساڵی ١٩٧٤

ع: پابەندنەبوون بەو ماددانەی کە پەیوەست بوون بە شەریکبوون لە فەرمانڕەوایەتیدا لە دەستوورەکانی ساڵانی (١٩٥٨)، (١٩٦٤)، (١٩٦٨) و (١٩٧٠)، ئێستاش وادەردەکەوێت کە حکومەتی عێراق زۆر پابەندنەبێت بە دەستووری ساڵی (٢٠٠٥)ـەوە.

٢. هەوڵە ڕێکخراوەکان بۆ دوورخستنەوە و پەراوێزخستنی گەلی کورد لە دەستوورەکانی عێراق و لە لای دەسەڵاتدارە یەك لە دوای یەکەکانی:

أ: لە دەستووری ساڵی ١٩٥٨ کە لە (٣٠)مادده پێکهاتووە:
ماددەی (١): دەوڵەتی عێراق کۆمارێکی سەربەخۆی خاوەن سەروەریی تەواوە.
ماددەی (٢) عێراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب.

ب: یاسای ئەنجومەنی نیشتمانیی سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە (٢٥) ساڵی ١٩٦٣ کە لە (٢٠) مادده پێکدێت و تیایدا شراکەتی کورد و عەرەبی هەڵوەشاندۆتەوە.

ج: دەستووری کاتیی ساڵی ١٩٦٤ کە لە (١٠٦) مادده پێکهاتووە:
ماددەی (١): کۆماری عێراقی دەوڵەتێکی دیموکراتیی سۆشیالیستییە، بنەماکانی دیموکراسیی و سۆشیالیستییەکەشی لە کەلەپووری عەرەبی و ڕۆحی ئیسلامەوە وەردەگرێت. گەلی عێراقیش بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب و ئامانجیشی یەکێتی عەرەبیی گشتگیرە کە حکومەت پابەند دەبێت بە کارکردن لەسەر بەدیهێنانی لە نزیکترین کاتدا بە دەستپێکردنی یەکگرتن لەگەڵ کۆماری عەرەبی یەکگرتوو.

د- دەستووری کاتیی (١٩٦٨/٩/٢١)

٣- پاکتاوکردنی نەژادیی و بەعەرەبکردنی نەخشەبۆکێشراو:

أ: مەرسومی کۆماری دەرچوو لەلایەن سەرۆکایەتیی کۆماری عێراقەوە و، واژۆکراو لەلایەن سەرۆك کۆمار(أحمد حسن البکر)ـەوە بە ژمارە (٣٣) ی بەرواری ١٩٧٦/١/٢٥ کە چەند فرمانێکی لەخۆگرتبوو بۆ گۆڕینی ناوی ناوچە کوردییەکان بۆ ناوی عەرەبی و ئەنجامدانی گۆڕینی ئیداریی بەم ئاراستەیە.

ب: بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە (١٩٩) لە (٢٠٠١/٩/٦) کە دەڵێت: هەر کەس لەسەر زەوی عەرەب بژی، بە عەرەب ئەژمار دەکرێت، هەر کوردێکیش نەتەوەی خۆی بگۆڕێت بۆ عەرەبیی لە ئاسەوارەکانی پرۆسەی تەعریب دەرباز دەبێت و گشت مافەکانی بۆ دەگەڕێتەوە).

ج: بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش واژۆکراو لەلایەن سەرۆك کۆمار(صدام حسین)ـەوە بە ژمارەی (٨٥٠) لە (١٩٨٨/١١/٢٧) کە لە (٤)مادده پێکدێت، لە یەکەمیاندا جەخت لە سەر قەدەغەکردنی گۆڕینی ناسنامەی عەرەبیی دەکات بۆ ناسنامەیەکی دی.

د: بڕیاری ژمارە (٨٥/٢٠)ی بەرواری (١٩٩٧/١/٢٠) بۆ دانانی میسرییەکان لە جێگەی کوردە کۆچپێکراوەکان.

٤. دانپێدانانی فەرمیی عێراق بە تەعریب و جینۆساید:
حکومەتی عێراق بە شێوەیەکی فەرمی دانی ناوە بە ڕوودانی پرۆسەی تەعریبکردن لە دژی کوردان، ئەوەش لە:

● ماددەی (٨)ی ڕێککەوتننامەی ١١ ئاداری ساڵی ١٩٧٠

● بڕگەی (ب) لە ماددەی (٥٨) لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی ڕاگوازراوەیی ساڵی (٢٠٠٤).

● ماددی (١٤٠) لە دەستووری عێراقی ساڵی (٢٠٠٥).

● لێژنەی پێکهاتوو بەپێی فرمانی دیوانیی بۆ ناولێنانی سەرۆك و ئەندامانی لێژنەکە بە نووسراوی ژمارە (م ر ن /٤٨/ ١٣٧٣) لە (٢٠٠٦/٨/٩).

٥. ئیدانەی نێودەوڵەتی:
بەهۆی هەوڵەکانی عێراقەوە لە کاتی داگیرکردنی کوێتدا بۆ گۆڕینی پێکهاتەی دیموگرافیی دانیشتووانی کوێت، بڕیاری ئیدانەکردنی عێراق دەرچوو لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە ژمارە (٦٧٧) لە (١٩٩٠/١١/٢٨).

٦. دانپێدانانی فەرمیی عێراق بە جینۆساید:
لە دانیشتنی نۆیەمی پەرلەمانی عێراق لە(٢٠٠٨/٤/١٤) دا، شاڵاوی ئەنفال بە جینۆساید و جەنگ لە دژی مرۆڤایەتی ناسێنراو، سەرۆکایەتی کۆماری عێراقیش ئەو بڕیارەی پەسەند کرد بە بڕیاری ژمارە(٢٦)ی (٢٠٠٨) خۆی.
دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراقدا (٤) بڕیاری دەرچوواند بەپشتبەستن بە

● ئەحکامەکانی ماددەی (١٣٢)ی دەستووری هەمیشەیی ساڵی (٢٠٠٥).

● ماددەی (٢٠٤)ی یاسای مەدەنی ژمارە(١٤٠)ی ساڵی (١٩٥١).

کە تیایدا تاوانەکانی ڕژێمی پێشووی عێراقی دەرهەق بە گەلی کوردستان لە ئاوارەکردن و کۆچپێکردن و ڕووخاندنی گوندەکان و پرۆسەی ئەنفال و کیمیابارانکردندا بە قڕکردنی بەکۆمەڵ و جینۆساید ناساند.

● **تێبینی:**

**ئەم دۆسییەیە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزیی ئامادەکراوە لەلایەن (بۆردی مافی چارەنووسی گەلی کوردستان – عێراق) سەر بە یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان، منیش وەك راوێژکاری بۆردە لەزمانی عەرەبییەوە وەرمگێڕاوە بۆ زمانی کوردی و، بەباشم زانی لەم ساتەدا بەسێ بەش خوێنەرانی گۆڤاری گوڵانی ئازیزی پێ ئاشنا بکەم . ئەمەش بەشی دووەمی بوو.**



سەربەست بامەڕنی نووسەر و ڕۆشنبیر و سیاسەتمەدار بۆ گوڵان:

# ئەو پێوەندییە بەهێزانەی سەرۆک مسعود بارزانی لەگەڵ هێزە گەورەکانی جیهان دروستی کردوون، ڕۆڵێکی سەرەکی لە دروستکردنی ئایندەیەکی گەش دەگێڕێت

**بە هەمـوو مەزنـدە و پێـوەرەکان ناوچـەی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بـەرەو وەرچەرخانێـکی گـەورەی سیاسـی و جوگرافـی هەنـگاو هەڵدەگرێـت، پێگـەی کـورد بەگشـتی و باشـووری کوردسـتان لەنـاو هاوکێشـەی ئێسـتای ناوچەکە توخمێـکی کاریگـەرە و رۆڵێـکی سـەرەکی لـە ئاڕاسـتەکردنی هاوکێشـە تازەکانـدا دەگێڕێـت. قسـەکردن لەسـەر ئـەم رەوشـە و ئامادەیـی نیومالْـی کوردسـتان بـۆ رووبەڕووبوونـەوەی ئـەم بارودۆخـە، ئەرکێـکی مێـژووی خسـتۆتە سـەر هەمـوو لایەنـە سیاسـییەکانی کوردسـتان بـۆ ئـەوەی لـەم قۆناخـەدا بـە بەرپرسـیاریەتی و وریاییـەوە هەنـگاو هەڵبگـرن. بـۆ قسـەکردن لەسـەر ئـەم رەوشـە و پێگـەی کـورد، ئـەم وتووێژەمـان لەگـەڵ سەربەسـت بامەڕنـی نووسـەر و رۆشـنبیر و سیاسـەتمەدار ئەنجامـدا و بەمجـۆرە وەڵامـی پرسـیارەکانی دایـنەوە.**

*** ئـەوە ئاشـکرایە کـە پشـێوی و داڕووخـان باڵیـان بـە سـەر رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا کێشـاوە، بارودۆخەکـە لـە بارێـکی شـڵەژان و شـپرزەییدایە، بـۆ ئـەو دۆخـەی ئێسـتا لـە ناوچەکـەدا دەگـوزەرێ لـە رووی داڕمانـی سیسـتمی هەرێمایەتـی و لێکترازانـی دەوڵەتـە نەتەوەییەکانـەوە چ خوێندنەوەیەکتـان هەیـە؟**

- ئەمـە بەدڵنیاییـەوە راسـتە، حاڵـی حـازر سیسـتمە ئیقلیمییەکـە و ئـەو دەوڵەتانـەی نزیکـەی سـەدەیەك پێش ئێسـتا و لـە دوای جەنگـی یەکەمـی جیهانـی و لـە رێـی رێککەوتنـی سـایکس پیکـۆ-وە بـە گوێـرەی بەرژەوەندییەکانـی فەڕەنسـا و بەریتانیـا دروسـتکران، بـە رەوتێکـی خێـرا لـە داڕووخـان و لێکترازانـدان، ئەمـەش زیاتـر بـە مانـای دووبـارە داڕشـتنەوەی نەخشـەی ناوچەکـە دێـت کـە پێویسـتە ئـەم پرۆسـەیەش لـە لایەکـەوە لەگـەڵ رۆحـی رۆژگارەکـەدا و لـە لایەکی دیکەشـەوە لەگـەڵ پێدراوە نوێیەکانـی سـەر ئـەرزی واقیـع بگونجێـت، بەتایبەتـی ئـەوەی پەیوەسـت بێـت بـە بەرژەوەندییەکانـی گەلانـی ناوچەکـەوە، لـە پێـش هەمووشیانەوە گەلـی کوردسـتان کـە رێککەوتنەکـەی پێشـوو لـە مافەکانـی بێبەشـی کـرد و بـە نـاڕەوا نیشتمانەکەشـی لـە نێـوان چـوار دەوڵەتـدا دابـەش کـرد، بـەوەش کەمتریـن بایەخـی دا بـە مافـی گـەلان بـۆ ئـەوەی خۆیـان مومارەسـەی مافـی بڕیاردانـی چارەنووسـی خۆیـان بکـەن. هـەر ئەمـەش هـۆکاری ئـەو هەمـوو ئـەو نەهامەتییانـە بـوو کـە بـە درێژایـی سـەدەی رابـردوو دووچـاری بووینـەوە. لـە ئێسـتادا دۆخەکـە بـە تەواوەتـی گـۆڕاوە، لـە لایـەك رووداوەکان ئـەو راسـتییەیان سـەلماندووە کـە یەکێتـی ناچـاری و زۆرەملێـی نێـو پێکهاتەکانـی ناوچەکـە مەحاڵـە و سـەرناگرێ و و چیتـر ناکـرێ ئـەم دۆخـە بـەم شـێوەیەی ئێسـتا بـەردەوام بێـت، لـە لایەکـی دیکـەوە دەرکەوتنـی بزووتنـەوەی رزگاری نیشـتمانی کوردسـتانی لەسـەر گۆڕەپانـە سیاسـییەکە دەبینیـن، کـە بۆتـە هێزێکـی دیموکراتـی هاوچـەرخ و ئـەو سـەرکەوتنە گرنگانـەی لـە بەشـەکانی کوردسـتاندا بەدەسـتی هێنـاوە بـە تایبەتـی لـە کوردسـتانی باشـوور و رۆژئـاوا، ئیـدی لەسـەر ئاسـتی ناوخۆیـی بێـت لـە نێویانـدا ئەزموونـە سـەرکەوتووەکەی هەرێمـی کوردسـتان و پـرۆژە دیموکراتییەکـەی کـە بەرەوپێـش دەچێـت، یاخـود لەسـەر ئاسـتی پێوەندییـە هەرێمایەتـی و نێودەوڵەتییـەکان و ئـەو رێـزە گەورەیـەی گەلـی کوردسـتان بەدەسـتی هێنـاوە، لەگـەڵ ئـەو رۆڵـە گرنـگ و سـەرەکییەی دەیگێڕێـت لـە بەرەنگاربوونەوەی تیـرۆری جیهانیـدا. هەمـوو ئەوانـە بـە مانـای ئـەوە

**حاڵی حازر سیستمە ئیقلیمییەکە و ئەو دەوڵەتانەی نزیکەی سەدەیەک پێش ئێستا و لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و لە رێی رێککەوتنی سایکس پیکۆ-وە بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانی فەڕەنسا و بەریتانیا دروستکران، بە رەوتێکی خێرا لە داڕووخان و لێکترازاندان، ئەمەش زیاتر بە مانای دووبارە داڕشتنەوەی نەخشەی ناوچەکە دێت کە پێویستە ئەم پرۆسەیەش لە لایەکەوە لەگەڵ رۆحی رۆژگارەکەدا و لە لایەکی دیکەشەوە لەگەڵ پێدراوە نوێیەکانی سەر ئەرزی واقیع بگونجێت**

**چارەسەرەکە لە ڕێکخستنەوەی بارودۆخی ناوچەکەدایە، ئەویش سەرەتا بە ڕێزگرتن لە ئیرادەی پێکهاتەکانی و دواتر بە پیادەکردنی عەلمانییەت و دیموکراسی و جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت دەبێت**

**ناکرێت وێنای ڕۆژهەڵاتێکی ناوەڕاست بکەین کە لە ئاشتەواییدا بێت لەگەڵ خۆی و لەگەڵ ئەوانی دیکەدا، بێ ئەوەی سەرلە نوێ نەخشەی ئەم ناوچەیە بە پێی ئیرادەی پێکهاتەکانی دابڕێژرێتەوە**

**چەندین جار باسم لە کەمیی هاوکارییە نێودەوڵەتییەکان بۆ هەرێم و حکومەتی کوردستان بەتایبەتی کردووە، ئەمە لە کاتێکدا هەرێم بە قەیرانێکی داراییدا تێدەپەڕێ، بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت و بوونی نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارە و ئەو ئابلۆقە ئابوورییەی کە لایەن حکومەتی فیدراڵییەوە سەپێندراوە**

دێت کە پێویستە جیهانی شارستانی بە نەخشەی ئێستای ناوچەکەدا بچێتەوە و ڕێز لە ویستی پێکهاتەکانی بگرێت، چونکە ناکرێت سیستمێکی هەرێمایەتی هاوسەنگ کە توانای بەردەوامبوونی هەبێت، بنیادبنرێت و دەستەبەر بکرێت بێ دانپێدانان بە مافی ئەم پێکهاتانەدا، بەتایبەتی مافەکانی گەلی کوردستان کە پەیوەستن بە ئازادی و سەربەخۆییەوە، کە نیشتمانەکەشی دڵی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێکدەهێنێت.

*** لە ئێستادا ئەمەریکا تا ڕادەیەك پاشەکشەی کردووە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەمەش بۆشایی و درفەتێکی بۆ هێزە هەرێمایەتییەکان دروست کردووە بۆ ئەوەی برەو بە دەستڕۆیشتوویی خۆیان بدەن بۆ دووبارە داڕشتنەوەی ڕەوتی ڕووداوەکان و سیستمی هەرێمایەتی ئایندە، بۆ نموونە، لەم ساتەوەختەدا ئێران هێزێکی دەستڕۆیشتووترە لە ئەمەریکا لەم ناوچەیەدا، ئایا ئەمە تا چ ڕادەیەك بۆ ناسەقامگیری و پشێوی زیاتر سەردەکێشێت؟**

- ڕۆڵی ئەمەریکا لە پاشەکشەیەکی بەردەوامدایە، نەك لەبەر ئەوەی هەمیشە دیموکراتەکان بایەخ بە دۆخی ناوخۆیی ئەمەریکا دەدەن و، نەك لەبەر ئەوەی ئەمەریکا ئاڕاستەی بایەخپێدانی خۆی بە ئاقاری باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و تەحەددییە نوێیەکاندا گۆڕیوە، بەڵکو هۆکارەکە دەگەڕێتەوە بۆ شکستی ئەم سیاسەتە لە ڕەچاونەکردنی ڕەهەندەکانی ئەوەی پێی دەوترێت بەهاری عەرەبی و هەوڵدان بۆ دامەزراندنی سیستمگەلێك کە تەبەنی ئیسلامی سیاسی میانڕەو بکەن، هەروەك خۆیان بانگەشەیان بۆ دەکرد، ئەم ئاڕاستەیە دژ و پێچەوانە دیتەوە لەگەڵ مێژوو و پەرەسەندنی ڕۆشنبیری گەلانی ناوچەکە و گەشەکردنی بزووتنەوە دیموکراتییە عەلمانییەکان لێرە و لەوێ، ئەمە سەرەڕای دوودڵیی ئەمەریکا، کە بەوە ناسراوە بە دوودڵییەوە بڕیاری گونجاو لە کاتی گونجاودا بدات. دەرئەنجامەکەش ئەوەیە کە ئێستا لە لیبیا و عێراق و یەمەن و سووریا و تەنانەت میسر و تونس بەدی دەکەین. سەرەڕای ئەوەی ئەگەری ئەوە هەیە چەند دەوڵەتێکی دیکەی ناوچەکە دووچاری سیناریۆی هاوشێوە ببنەوە. کەواتە دوودڵی و بێ هەڵوێستی ئەمەریکا –ئەگەر ئەم گوزارشتە ڕاست بێت- هۆکارێك بووە و هۆکارێك دەبێت بۆ سەرهەڵدانی گرژی و دەستێوەردانی نێودەوڵەتی زیاتر، هەروەك لە دەستێوەردانی ڕووسیادا بەدی دەکەین، هەروەها سەردەکێشێت بۆ دەستێوەردانی هەرێمایەتی زیاتر و ململانێ لەسەر ناوچەکانی نفوز، هەروەك لە حاڵەتی ئێرانی دراوسێدا بەدی دەکەین، کە بە شێوەیەکی کرداری بۆتە گەمەکاری سەرەکی لە ڕووداوانەی لە هەر یەك لە عێراق و سووریا و لوبنان و یەمەن-دا ڕوودەدەن، ئەگەرچیناڵێم بە شێوەیەکی فیعلی دەستی بەسەر بڕیاری نیشتمانی لەم وڵاتانەدا گرتووە. هەموو ئەمانە بوونەتە هۆی هاندانی هێزی هەرێمایەتی دیکە لە ناوچەکەدا، وەك سعودیە و تورکیا، بۆ ئەوەی دەستێوەردان بکەن بە ئامانجی پاراستنی بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانیان و بۆ گەڕاندنەوەی هاوسەنگی بۆ تەرازووی هێزە هەرێمایەتییەکان کە لە ئێستادا بە توندی لە بەرژەوەندی ئێران لاسەنگ بووە، لەبەر ئەوە شتێکی سروشتییە کە ئەم ململانێ ئاشکرا و نەرێنییە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیە لە ڕێی لایەنی سێیەمەوە سەربکێشێت بۆ بارگرژی و پشێوی و کوشت و بڕ و شەڕی بەوەکالەت، ئەگەر بەهۆی لاوازی هەڵوێست و پاشەکشەی بەردەوامی ئەمەریکاوە نەبوایە، ئەوا دەمانتوانی خۆمان لەم دەرئەنجامانە لابدەین.

*** بەم دواییانە بارگرژییەکان لە نێوان دوو هێزی هەرێمایەتیدا بەرەو هەڵکشانی زیاتر چووە، مەبەستمان لە ئێران و سعودیەیە، ئەوەی بارودۆخەکەی پتر ئاڵۆز کردووە، ئەوەیە ئەم ململانێیە ڕەهەندێکی تایفەگەری هەیە، هەروەها ئەم دوو هێزە ناوچەکەیان کردووە بە گۆڕەپانی برەودان بە نفوزی خۆیان، کەواتە ئایا دەرهاویشتە مەترسیدارەکانی ئەم ململانێ تایفەگەرییە چین؟**

- بەگشتی ململانێی هەرێمایەتی زادەی ئێستا نییە، چونکە هێزە سەرەکییەکان هەوڵیانداوە و هەوڵدەدەن بۆ هێنانەدی بەرژەوەندییە ژیاریەکانیان، بۆ نموونە، شەڕی عێراق و ئێران کە هەشت ساڵی خایاند، بەڵگەیە لەسەر بوونی ئەم ململانێیە، کە ناو بە ناو دەردەکەوێت، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ریشە مێژووییەکانی کە بۆ سەرەتای بانگەشەی ئیسلامی و شەڕی ناسراوی خێڵەکانی قوڕەیش دەگەڕێتەوە، کە بە درێژایی مێژوو ئیستیغلال کراوە بۆ پەردەپۆشکردنی ململانێ نەتەوەییەکان. ئەو ململانێ تایفەگەرییەی ئێستاش بە ڕاستی مەترسیدارە و هاووڵاتیانی ئاسایی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست باجی ئەم شەڕە بێهوودەیە دەدەن، هەروەها ئەمە بەڵگەشە لەسەر شکستی سایکس پیکۆ و کۆکردنەوەی هەڕەمەکییانەی ئەو پێکهاتانەی لە بنەڕەتدا

جیاوازن لە ناوچەیەکدا کە هێشتا فیکر و هۆشیاری ڕێزگرتن لە یەکتری لە سەرەتاکانیدایە، بە هەمان شێوە بەڵگەیە لەسەر شکستی ئەو سیستمانەی لەسەر بنچینەیەکی ئایینی بنیادنراون. چارەسەرەکە لە ڕێکخستنەوەی بارودۆخی ناوچەکەدایە، ئەویش سەرەتا بە ڕێزگرتن لە ئیرادەی پێکهاتەکانی و دواتر بە پیادەکردنی عەلمانییەت و دیموکراسی و جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت دەبێت، لەبەر ئەوە ناکرێت وێنای ڕۆژهەڵاتێکی ناوەڕاست بکەین کە لە ئاشتەواییدا بێت لەگەڵ خۆی و لەگەڵ ئەوانی دیکەدا، بێ ئەوەی سەرلە نوێ نەخشەی ئەم ناوچەیە بە پێی ئیرادەی پێکهاتەکانی دابڕێژرێتەوە، لە نێویاندا ڕێزگرتن لە ئیرادەی گەلی کوردستان لە بەشەکانی نیشتمانەکەیدا.

*** هیچ دەوڵەتێکی ناوچەکە ناتوانێت خۆی لە نائارامی و ناسەقامگیرییەکانی ناوچەکە بەدوور بگرێت، بۆ نموونە، ئیسرائیل ناتوانێت ڕۆڵی تەماشاکار ببینێت و هیچ کاردانەوەیەکی نەبێت. ئایا دەکرێت پێشبینی ئەوە بکەین ئیسرائیل لە دووبارە گەڕاندنەوەی سیستمە هەرێمایەتییەکە ڕۆڵی هەبێت؟**

- لەو باوەڕەدا نیم ئیسرائیل بتوانێت خۆی بەدوور بگرێت لە پەلکێشان بۆ حاڵەتی ناسەقامگیری و نائارامی، چونکە لە نێو جەرگەی ڕووداوەکاندایە و لە ڕووی ئەمنییەوە بە تەواوەتی پارێزراو نییە، بەڵام ئەم وڵاتە بە عەقڵیەتی دەوڵەت و دامەزراوەکان هەڵسوکەوت دەکات، واتە بە دوور لە بیرۆکەی پیلانگێڕی و ئەوەی بانگەشەی بۆ دەکرێت کە جوولەکەکانی فڕێدەدرێنە دەریاوە. ئەوە ڕاستە کە گەلانی ناوچەکە و گەلی کورد بەتایبەتی هاوسۆزن لەگەڵ کێشەی فەلەستیندا و پەرۆشی ئەوەن چارەسەرێکی ئاشتییانەی یەکجارەکی بۆ کۆتاییهێنان بە نەهامەتی هەمووان بێتەئاراوە، بەڵام ئەمە بە مانای نادیدەگرتنی ڕاستیەکانی سەر ئەرزی واقیع نییە، چونکە ناکرێت ئیسرائیل چاوپۆشی بکات لە سەرهەڵدان و پەلکێشانی تیرۆر لە ناوچەکەدا، چونکە لە کۆتاییدا ئەم تیرۆرە هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایشی ئیسرائیل، هەروەك چۆن هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایشی هەموو لایەك، لەبەر ئەوە لە ئێستادا ئاساییبوونەوەی نێوان ئیسرائیل و تورکیا بەدی دەکەین، لەگەڵ بەردەوامبوونی ئیسرائیل لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ زۆرێك لە دەوڵەتە عەرەبی و ئیسلامییەکاندا، کە هەندێکیان ئاشکرا و هەندێکیان نهێنین، لەبەر ئەوە بە دووری ناگرم هاوکارییەك لە نێوان هەموو ئەم لایەنانە و ئیسرائیلدا بێتەئاراوە بە لای کەمەوە لە پرسی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆردا.

*** ئێمە دەزانین تیرۆر لەم ناوچەیەدا، بەتایبەتی لەلایەن داعشەوە، سەرچاوەی هەڕەشەیەکی مەترسیدارە، بەڵام ئەو ڕاستییەش بەدی دەکەین کە کورد توانا و پابەندبوونی خۆی سەلماندووە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم تیرۆریستانە، بەڵام کوردان لە هەرێمی کوردستاندا بە دۆخێکی ئابووری سەختدا تێدەپەڕن، ئەمەش کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر تێکۆشانەکەیان دژی ئەم مەترسییە، پێتوانییە پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە ئەرکی ئەخلاقی و سیاسی خۆی هەڵبستێت و لەم دۆخە دژوارەدا زیاتر هاوکاری کورد بکات ؟**

- چەندین جار باسم لە کەمیی هاوکارییە نێودەوڵەتییەکان بۆ هەرێم و حکومەتی کوردستان بەتایبەتی کردووە، ئەمە لە کاتێکدا هەرێم بە قەیرانێکی داراییدا تێدەپەڕێ، بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت و بوونی نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارە و ئەو ئابڵوقە ئابوورییەی کە لایەن حکومەتی فیدراڵییەوە سەپێندراوە. کەمی و بگرە دەگمەنیی هاوکارییە داراییەکان و ئەو هاوکارییانەی پەیوەستن بە پڕچەککردنەوە، توانای هەرێم سنووردار دەکەن لە بەرەنگاربوونەوە و ڕیشەکێشکردنی تیرۆر، ئەمە لە کاتێکدا کە هەرێم بە حکومەت و گەلەکەیەوە سەلماندوویانە کە هێزی سەرەکی و کاران لە بەگژداچوونەوەی تیرۆر و مەترسی پەلکێشانی تیرۆریستان، لەبەر ئەوە بۆتە ئەرك و پێویستی کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ئاست بەرپرسیارێتی ئەخلاقی و سیاسیدا بێت و یارمەتی پێویست پێشکەش بە خەڵکی کوردستان بکات، هەر خەمساردییەك، یان فەرامۆشکردنێك لەم بوارەدا بە شێوەیەکی حەتمی دەبێتە هۆی درێژکردنەوەی تەمەنی تیرۆر و بەردەوامبوونی تاوانە ترسناکەکانی و پەلکێشانی بۆ ناوچەکانی دیکە لە جیهاندا، ڕەنگە ڕووداوەکانی پاریس باشترین بەڵگە بن لەم ڕووەوە. لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕم وایە کە پێویستە ئەوەندی دەکرێت پشت بە خۆمان ببەستین و هەوڵبدەین پاڵپشتی دارایی و چەك بەدەست بێنین بۆ هێزەکانی پێشمەرگە و حکومەتی هەرێم، هەروەها بە پێویستی دەزانم هەڵمەتێکی جیهانی بخرێتەگەڕ بۆ کۆکردنەوەی کۆمەك و هاوکاری

**دەگمەنیی هاوکارییە داراییەکان و ئەو هاوکارییانەی پەیوەستن بە پڕچەککردنەوە، توانای هەرێم سنووردار دەکەن لە بەرەنگاربوونەوە و ڕیشەکێشکردنی تیرۆر**

**پێداگیری کورد، ئیدی لە هەرێمی کوردستان بێت، یان لە هەر بەشێکی دیکەی نیشتمانە دابەشکراو و زەوتکراوەکەی بێت، لەسەر مومارەسەکردنی مافی بڕیاردانی چارەنووس و بەدەستهێنانی سەربەخۆیی هاوشێوەی گەلانی جیهان جێی سەسوڕمان نییە، بەڵکو ئەوەی جێی سەرسوڕمان و سەرشۆڕییە نکۆڵیکردنە لەم مافە ڕەوایە کە یاسا ئاسمانی و زەمینییەکان ئیقراریان پێ کردووە**

**پێویستە ریفراندۆم ڕێکبخرێت بۆ ئەوەی ئیرادەی گەلی کورد بۆ جیهان پیشان بدرێت، کە ئەمەش یەکێکە لە مافە سەرەکییەکان لە هەر سیستمێکی دیموکراسیدا کە ڕێز لە مرۆڤ و ئیرادەی ئازادی مرۆڤ دەگرێت**

بۆ پاڵپشتیکردنی هەوڵەکانی شەڕکردن لە دژی تیرۆری جیهانی.

*** کورد لە هەرێمی کوردستاندا پێداگری لەسەر مومارەسەرکردنی مافی بڕیاردانی چارەنووس و بەدەستهێنانی سەربەخۆیی دەکات، هەروەها بانگەشەی جددی لە ئارادایە بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم، چونکە هەندێ لایەن هەن پێیانوایە سەرەڕای قەیران و دژوارییەکان ئەوا دەرفەتێکی رەخساو هاتۆتەپێش و دەبێت کەڵکی لێوەربگیرێت بۆ بنیادنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستانی، تێڕوانینی ئێوە لەم رووەوە چییە؟**

- پێداگیری کورد، ئیدی لە هەرێمی کوردستان بێت، یان لە هەر بەشێکی دیکەی نیشتمانە دابەشکراو و زەوتکراوەکەی بێت، لەسەر مومارەسەکردنی مافی بڕیاردانی چارەنووس و بەدەستهێنانی سەربەخۆیی هاوشێوەی گەلانی جیهان جێی سەسوڕمان نییە، بەڵکو ئەوەی جێی سەرسوڕمان و سەرشۆڕییە نکۆڵیکردنە لەم مافە رەوایە کە یاسا ئاسمانی و زەمینییەکان ئیقراریان پێ کردووە و جێی ناکۆکی و جیاوازی نییە، تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە مەسەلەکە پێوەندی بە کێشەی کوردەوە هەبێت، ئەویش لەلایەن داگیرکارە رەگەزپەرستەکانەوە کە هەموو چەشنە تاوانێکیان دژی گەلی کوردستان ئەنجام داوە بۆ سڕینەوەی وجوودی ئەم گەلە لە سەر نەخشەی ناوچەکە و لە ویژدانی گەلان و مێژووەکەیدا. بۆیە پێویستە ریفراندۆم رێکبخرێت بۆ ئەوەی ئیرادەی گەلی کورد بۆ جیهان پیشان بدرێت، کە ئەمەش یەکێکە لە مافە سەرەکییەکان لە هەر سیستمێکی دیموکراسیدا کە رێز لە مرۆڤ و ئیرادەی ئازادی مرۆڤ دەگرێت، تەنانەت کاتێك مەسەلەکە پێوەندی بە چەند پرسێکی ئاساییەوە هەبێت کە پێویست دەکات رای گەلی لەسەر وەربگیرێت، لەبەر ئەوە هەوڵەکان بۆ بێبەشکردنی گەلی کوردستان لە مومارەسەکردنی مافی رەوای چارەنووسی دەچێتە خانەی دەمارگیری نەتەوەگەرایی کوێرانە و دواکەوتوویی شارستانییەوە. بەڵێ لەم ساتەوەختەدا گەلی کوردستان هەلێکی بۆ رەخساوە بۆ ئەوەی خۆی بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات و بۆ ئەوەی خەونی رەوای خۆی بەدی بێنێت کە بەرجەستە دەبێت لە بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی نیشتمانی، لەبەر ئەوە ئەرك و زەرورەتە کە سەرکردە کوردەکان پێداگیری لەسەر ئەم مافە بکەن و لە سەر هەردوو ئاستی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی تەرحی بکەن و رێگە بگرن لە دووبارە بێبەشکردنەوەی گەلی کورد لەم مافە. هەروەها پێموایە تەرحکردنی پرسی سەربەخۆیی و بە تەوافوق لەگەڵ لایەنەکانی دیکەدا لە لایەن بەڕێز مسعود بارزانییەوە چارەسەرێکی واقیعییانەیە کە دەستەبەری ئەوە دەکات گەلی کوردستان مافە رەواکانی خۆی بەدەست بێنێت لەگەڵ زەمانەتکردنی پێوەندی دۆستانە و ئاشتییانە لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکەدا و چەسپاندنی بنچینەکانی ئایندەیەکی باشتر بۆ نەوەکانی داهاتووو دوور لە شەڕ و ناکۆکی.

*** چۆن لە سەرکردایەتی سەرۆك مسعود بارزانی دەڕوانن کە لەم بارودۆخە دژوارەدا کە کوردستانی پێدا تێدەپەڕێت، لە هەوڵی ئەوەدایە پێوەندی هاوسەنگ لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ دابمەزرێنێت و پێوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتە کاریگەرەکانی جیهاندا قووڵ بکاتەوە؟**

- ئەم پرسیارە ئەو نامەیەی سەرۆکی نەمر مستەفا بارزانی-م دێنێتەوە یاد کە لە کاتی خۆیدا ناردی بۆ حکومەتی تورکیا کە بێ ئەوەی نامەکەی بکەنەوە گەڕاندیانەوە، ئەوەشم بیرە کە تێکۆشەری نیشتمانپەروەر جەلال تاڵەبانی وتی لە یەکەم کۆبوونەوەی دەستەی ناوەندی راگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ساڵی ١٩٨٤ لە ناوچەی بەرگەڵو دەربارەی هەوڵە زۆرەکانی بارزانی سەرکردە بۆ شکاندنی تەوقی ئەو ئابلۆقەیەی لەسەر کێشەی کوردی دروستکرابوو، کە بەڕێز تاڵەبانی بە شەخسی راسپێردرابوو بۆ جێبەجێکردنی، بۆ مێژوو دەیڵێم کە هەر یەك لە بەڕێز سەرۆك کۆماری ئێستا دکتۆر فوئاد مەعسوم و بەڕێز ئەرسەلان باییز و خوالێخۆشبوو سامی شۆڕش لەوێ ئامادەبوون، کاتێك ئەوەم دێتەوە یاد لەگەڵ ئەوەی زانیومە و بینیومە و ئەوەی خۆم هەوڵمداوە بۆ پێوەندیکردن تەنانەت بە کارمەندێکی ئاسایی لە وەزارەتی دەرەوەی ئەم دەوڵەت، یان ئەو دەوڵەتە کە ئێمە ئەوەمان بە دەستکەوتێکی گەورە لە قەڵەم دەدا، واتە کاتێك ئەمەم بیردێتەوە و بەراوردی دەکەم بەوەی تا ئێستا بزووتنەوەی رزگاری نیشتمانی و سەرکردایەتی بەڕێز مسعود بارزانی بەدەستی هێناوە و ئەو پێوەندییە بەهێزانەی کە بنیادی ناوە لەگەڵ دەوڵەتانی جیهان و دیارترین کەسایەتییە سیاسی و فیکرییەکان، ئەوا تەنیا دەتوانم ئەوە بڵێم کە ئەمە بەڕاستی و بە هەموو پێوەرێك دەستکەوتێکی گەورە و کاریگەرە و ئەم دەستکەوتەش رۆڵی سەرەکی دەبینێت لە رەسمکردنی وێنای ئایندەیەکی گەش.

**دەکرێت بەردەوامبوونی ئەم دۆخەی ئێستا و بگرە و بەردەی نێوان هێزە سەرەکییەکانی کوردستان بە هەڵوێستێکی ناپەرپرسیارانە وەسف بکرێت، بەتایبەتی ئەو هەڵمەتە ستەمکارانەی دژی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکرێت**

**پێویستە یەکڕیزی نێوماڵی کورد لە پرسە نیشتمانییە چارەنووسسازەکاندا و لە کاتێکدا کە کوردستان رووبەڕووی دوژمنکارییەکی دەرەکی بۆتەوە، هێڵی سوور بێت و قابیلی پێشێلکردن نەبێت**

**ئەم قەیرانە دروستکراوە و پەکخستنی پرۆسە سیاسیەکەش لە کوردستاندا راستەوخۆ دەڕژێتە خانەی بەرژەوەندییەکانی دوژمنانی گەلەکەمان، ئیدی ئەو پەکخستنە لە نەزانینەوە بێت، یاخود بە ئەنقەست بێت، لەبەر ئەوە پێویستە بە زووترین کات سنوورێک بۆ ئەم قەیرانە دابنرێت**

*** لە ئێستادا ناكۆكییەكان لە نێوان هێزە سیاسییەكانی هەرێمی كوردستاندا ئاڵۆزبوون، بە رادەیەك كە پرۆسە سیاسییەكە پەكیخراوە، ئەمە لە كاتێكدا هەرێم زۆر پێویستی بە یەكێتی و هاوهەڵوێستییە لەسەر پرسە چارەنووسسازەكان، ئایا چۆن هەوڵەكانی سەرۆك بارزانی بۆ رێكخستنەوەی نێماڵی كورد و گەڕاندنەوەی پرۆسە سیاسییەكە بۆ سەر رەوتی دروستی خۆی هەڵدەسەنگێنن؟**

- رێم پێبدەن بڵێم، -هەروەك چەندین جار لە وتارەكانمدا دووپاتم كردۆتەوە-، ئەم قەیرانە دروستكراوە و پەكخستنی پرۆسە سیاسیەكەش لە كوردستاندا راستەوخۆ دەڕژێتە خانەی بەرژەوەندییەكانی دوژمنانی گەلەكەمان، ئیدی ئەو پەكخستنە لە نەزانینەوە بێت، یاخود بە ئەنقەست بێت، لەبەر ئەوە پێویستە بە زووترین كات سنوورێك بۆ ئەم قەیرانە دابنرێت، ئەمەش بە وەڵامدانەوە و بە پیرەوەچوونی پرۆژە نیشتمانییەكەی سەرۆك بارزانی دەبێت بۆ رێكخستنەوەی نێوماڵی كورد و پاراستنی پرۆژە دیموكراتییەكە تازەكە و خۆئامادەكردن بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەركەكانی ئایندە بۆ دەستەبەركردنی مافی گەلەكەمان لە بەدەستهێنانی ئازادی و سەربەخۆیی. دەكرێت بەردەوامبوونی ئەم دۆخەی ئێستا و بگرە و بەردەی نێوان هێزە سەرەكییەكانی كوردستان بە هەڵوێستێكی ناپەرپرسیارانە وەسف بكرێت، بەتایبەتی ئەو هەڵمەتە ستەمكارانەی دژی پارتی دیموكراتی كوردستان و بەڕێز سەرۆكی هەرێمی كوردستان دەكرێت، ئەمە سەرەڕای بەشداریكردنی هەمووان لە حكومەت و لە بڕیاردانداا، كە ئەمەش دەبێتە هەڕەشە لەسەر سەرجەم ئەو سەركەوتنە سیاسییانەی گەلەكەمان لە ماوەی رابردوودا بەدەستی هێناوە. پێویستە یەكڕیزی نێوماڵی كورد لە پرسە نیشتمانییە چارەنووسسازەكاندا و لە كاتێكدا كە كوردستان رووبەڕووی دوژمنكارییەكی دەرەكی بۆتەوە، هێڵی سوور بێت و قابیلی پێشێلكردن نەبێت، كە بەڕاستی ئەمەش پێچەوانە نییە لەگەڵ بوونی جیاوازی لە تێڕوانین و ئاڕاستەكان و سروشتی ئەو رێگاچارانەی بۆ چارەسەركردنی كێشە سیاسی و دارایی و ئابوورییەكان دەخرێنەڕوو. ئاستی نیشتمانپەروەرێتی هەر لایەنێك و دڵسۆزبوونی بۆ كێشەی سەرەكی گەلەكەمان پێوەندیەكی بەتینی بە ئاستی پابەندبوونی بە یەكڕیزی نێوماڵی كورد لە بەرامبەر مەترسی و هەڕەشە و دەستدرێژییە دەرەكییەكاندا هەیە.

## پرۆفایل

- سەربەست عومەر حەسەن بامەڕنی
- ساڵی ١٩٤٥ لە ناحیەی بارزان لە دایك بووە
- ١٩٥٩- ١٩٦٠ بۆتە ئەندامی پارتی دیموكراتی كوردستان
- ١٩٦٢-١٩٦٤ پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول بووە.
- ١٩٦٤-١٩٧٠ ئەندامی سەركردایەتی یەكێتی قوتابیانی كوردستان بووە
- ١٩٦٨-١٩٦٩ بەكالۆریۆسی ئادابی لە زمانی كوردی لە زانكۆی بەغدا وەرگرتووە.
- ١٩٦٩-١٩٧٠ بەكالۆریۆسی یاسای لە بەشی یاساو رامیاری زانكۆی موستەنسریە وەگرتووە.
- ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری سەندیكای رۆژنامەنووسانی عێراق بووە.
- ١٩٧١-١٩٧٥ ئەندامی سەكردایەتی یەكێتی لاوان بووە.
- ١٩٧٠-١٩٧٤ سەرپەرشتیاری دەركردنی رۆژنامەی هاوولاتی بووە لە وەزارەتی ئیعلام
- ١٩٧٠-١٩٧٤ رۆژنامەنووس بووە لە رۆژنامەی (التاخي).
- ١٩٧٤ سەرپەرشتیاری دەركردنی یەكەمین رۆژنامەی رۆژانە بە زمانی كوردی بووە لە عێراقدا، ئەویش رۆژنامەی برایەتی بووە.
- لە ١٩٧٤-١٩٧٥ سەرپەرشتیاری چاپی عەرەبی رۆژنامەی خەبات بووە و مامۆستای ئامۆژگای كادران بووە.
- ١٩٧٨ چۆتە دەرەوەی وڵات و لە ماوەی ساڵانی ١٩٨٢-١٩٨٣ سەرپەرشتیاری دەركردنی رۆژنامەی شەرارە بووە لە دیمەشق.
- لە ١٩٨٣-١٩٨٥ ئەندامی سەركردایەتی یەكێتی نیشتمانی بووە و پێشمەرگە بووە.
- ١٩٩٨ -٢٠٠٣ جیگری سەرنووسەری رۆژنامەی (المؤتمر) بووە لە لەندەن كە سەرنووسەرەكەی حەسەن عەلەوی بووە.
- لە ٢٠٠٣ -٢٠٠٧ بریكاری وەزیری رۆشنبیری عێراق بووە، لەسەر داوای خۆی و دوای دەست لەكاركێشانەوەی لە یەكێتی نیشتمانی كوردستان خانەنشین كراوە و ئەستۆپاكیی خۆی سەلماندووە.
- لە ٢٠٠٧-٢٠١٥ كاری نووسین و رۆژنامەگەری لە ژمارەیەك رۆژنامەی عەرەبی كردووە، بە تایبەتیش رۆژنامە ئەلكترۆنییەكان.

# سیاسەتی هەرێمی کوردستان و قەیرانی ئابووری- دارایی

● (١-٢)



د. شێرزاد نەجار
تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

ئەو قەیرانە ئابوورییە سەختەی کە هەرێمی کوردستان پێیدا تێدەپەڕێت کاریگەریی زۆری کردۆتە سەر سیستەمە سیاسییەکەی، بە شێوەیەك کێشەیەکی جیدی بۆ سیستەمی حوکمڕانیی خستۆتە پاڵ ئەو کێشانەی دیکەی کە پێشتر دووچاری بووبوونەوە.

ئامانج لەو توێژینەوەیە پەیوەستە بە:

- دەست نیشانکردنی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەو قەیرانەی ئێستا و ئاماژەدان بە پەرەسەندنە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان کە ڕێگایان بۆ هاتنەئارای ئەو قەیرانە خۆشکردووە
- خستنە رووی روونکردنەوەیەك دەربارەی ئیدارەدانی قەیرانەکە
- هەڵسەنگاندنی قەیرانەکان

- **پێشەکی**

گرنگیدانە نێودەوڵەتی و ئیقلیمییەکان بە رەوشی هەرێم لە ئەنجامی دەستکەوتەکانییەوە نەبووە، بەڵکو لە ئەنجامی چەند هۆیەکی جیاواز بووە لەوانە:

- داخوازییە رەواکانی گەلی کورد
- رەوشی هەرەسهێناوی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لە عێراق
- ئاراستەو رووگە نێودەوڵەتییەکان بەرەو بەدیهێنانی گۆڕانکاریی ریشەیی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

توێژەران زیاتر جەخت لە چۆنێتیی پەرەسەندنە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان دەکەنەوە لە هەرێم( ئەنجامدانی هەڵبژاردنی دەوریی پەرلەمان، پێکهێنانی حکومەتەکان کە لە زۆرینەی پەرلەمانی هەڵدەکەون، دەستکردن بە هەنگاوەکانی گۆڕانکاریی لە ژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتی). بەڵام ئەو پەرەسەندنانە لەوەتەی دوو ساڵە رووبەڕووی چەندین کێشەی جیدی دەبنەوە لەوانە: سەرهەڵدانی هەڕەشە بۆسەر ئاسایشی نیشتمانیی هەرێم، سەرهەڵدانی قەیرانی ئابووری، کە بریتی بوو لە نەناردنی پشکی هەرێم لە بودجەی فیدراڵی، ئەمەش ئەو ئەنجامە مەترسیدارانەی لێکەوتەوە:

- پەکخستن دواتر راگرتنی خەرجکردنی مووچەکان لە کاتی دیاریکراودا.
- راگرتنی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان.
- دەستگرتنەوەی توند لە خەرجییەکانی حکومەت.

ئەم هەموو ئەنجامانە ئاماژەن بۆ رەوشی داکشانی ئابووری کە دواتر بۆتە قەیرانێکی توندی ئابووری و دۆخێکی شکست و نائومێدی frustration لای هاووڵاتیانی هەرێم هێنایە ئاراوە، بە تایبەتیش لای چینی لاوان کە وایان لێهات بەرەو دەرەوە کۆچ بکەن. ئەم دۆخە هەرێمی کردە قەوارەیەکی مایەپووچ.

- **دابەشبوونی سیاسی و مەحسوبییەت و بیرۆکراسیی**

دەتوانین هۆکاری قەیرانی ئابووری- دارایی هەرێم بۆ دە ساڵەی رابردوو بگەڕێنینەوە کە پێوەندیی هەیە بە دەستبڵاویی دارایی و مەحسوبییەت clientelism و گەندەڵی و پەیڕەوکردنی پۆپۆلیستیی حزبە سیاسییەکان و ناکارایی دامەزراوەی حکومییەوە، لەپاڵ کێشە سیاسی و دامەزراوەییەکان لەگەڵ دەسەڵاتی فیدراڵدا، بۆیە لە رووبەڕووبوونەوەی ئەو کێشانە ئەم پرسیارە دێتە پێشەوە: ئایا ئەو چاکسازیانەی لەژێر فشاری قەیرانی ئێستا جێبەجێ دەکرێن دەبنە هۆی قەرەبووکردنەوە و چارەسەرکردنی هەندێ لەو کێشانە؟ ئەم پرسیارە هەر بە کراوەیی و بێ وەڵامێکی دیاریکراو دەمێنێتەوە.

دوای ئەو پرسیارەی سەرەوە، هەوڵدەدرێت کاریگەرییەکانی ئەو هۆکارانەی سەرەوە و کێشەو لاوازیی هەیکەلبەندیی حوکمڕانیی لە هەرێم هەڵبسەنگێنرێت.

مەحسوبییەت patronage بۆتە سیمایەکی دیاری سیستەمی حوکمڕانیی لە هەرێمداو بۆتە پێوانەی سەرەکیی شرۆڤەکردن. حزبە سیاسییە سەرەکییەکان هەمیشە کاریان لەسەر مەحسوبییەت کردووە لە میانی بەکارهێنانی ڕێکخراوە جەماوەرییە حزبییەکان لەپێناو فراوانخوازیی جەماوەری و خزانە نێو دامەزراوەی حکومی و ڕێکخستنی بەرژەوەندییە جیاوازییەکاندا.

سەرەڕای ئەو وەسفە جۆراوجۆرانەی سیستەمی

مەحسوبییەت( مەحسوبییەتی بیرۆکراسی، مەحسوبییەتی حزبی، مەحسوبییەتی سیاسی) بەڵام راستییەکە هەر دەمێنێت ئەویش ئەوەیە کە بەشداریکردنی هاووڵاتیان و دەنگدانیان لە هەڵبژاردنەکاندا بۆ سوودو بەرژەوەندیی حزبییە، لەجیاتی سوود بۆ هاووڵاتیان، ئەمەش مانای وایە کە حزب سوودەکان لە رێی رێکخراوی حزبی بەسەر ئەو هاووڵاتیانەی دەنگیان بۆ داوە، هەروەها بۆ ئەو کۆمەڵانەی لایەنگری ئەون، دابەش دەکات.

لێرەدا دوو فاکتەر هەن کە بەشدارن لە هێنانەکایەی ئەو دۆخەی سەرەوە:

- سیستەمی حوکمڕانیی هەرێم، سەرەڕای بوونی چەند حزبێکی سیاسی، لە میانی بوونی دوو حزبی گەورە کاردەکات ئەمەش بۆتە هۆی پێکهێنانی (جەمسەری سیاسی political polarization) و دواتر دابەشکردنی سوودو دەستکەوتەکان بەسەر ئەوانەی لەسەر حزب حسێبن party`s clientele
- فراوانبوونی چالاکییەکانی حکومەت لە بوارە گشتییەکاندا بووبووە دەرچەیەك outcome و لە هەمان کاتدا هاندەرێك بۆ ژێرخان و هەیکەلبەندیی مەحسوبییەتی سیاسی.

نەریتە سەنتراڵییەکانی دەوڵەت و بەسیاسەتکردنی توندی بیروکراسییەت بووە هۆی بەردەوام دیاریکردن و قووڵکردنەوەی ئەو رەفتارەی پێشتر لەئارادابوو، هەروەها فراوانبوونی ناعەقلانیی کەرتی حکومی ئەنجامی ئەو هەوڵەی حکومەت بوو بۆ هێنانەکایەی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی wel-fare state و لە ئەنجامی ستراتیژییەتی حزبە گەورەکان بۆ دامەزراندنی هەیکەلبەندیگەلێکی تازەی گشتی( زانکۆکان، نەخۆشخانەکان، خزمەتگوزارییە ئیدارییە تازەکان...) هەروەها لەسەر بنەمای نۆڕمەکانی هەڵبژاردن لەجیاتی نۆڕمەکانی عەقلانیی ئابووریی و نۆڕمەکانی وەزیفی.

ئەو ستراتیژییەتە حزبییە بابەتێکی گرنگی بۆ گفتوگۆکردن هێنایە ئاراوە، ئەویش بابەتی پۆپۆلیستییەpopulism و بە کارهێنانی لە سیاسەتدا لە هەرێمی کوردستان.

لایەنێکی بنەڕەتیی پۆپۆلیستی بریتییە لە گرتنەبەرو جێبەجێکردنی سیاسەتەکان لەسەر بنەمای نۆڕمەکانی هەڵبژاردن و حزبایەتیی تەسك و لەڕێی بانگەشەی ئەوەی کە سیاسەت بۆ سوودی گەلە و حزبیش لەسەریەتی کە پابەندو ملکەچ بێت بە داواکارییە تایبەتیەکان کە رێکخراوە حزبییەکان و کۆمەڵەکانی مەحسوبیەت پێشکەشیان کردووە.

ئەنجامی کۆتایی ئەو سیاسەتە بریتی بوو لە: هەڵاوسانی کەرتی گشتی و هەڵاوسانی دەستگای حزبی. بەکارهێنانی کەناڵە حکومییەکان لەلایەن حزبە سیاسییەکان بووە هۆی ئەوەی کە ئەو حزبانە بتوانن فراوانکاری بکەن و کۆنترۆڵی سەرجەم بوارەکانی ژیانی گشتی بکەن، وەك (بەرژەوەندییە رێکخراوەکان، خزمەتگوزارییە گشتییەکان، دەسەڵاتەکانی ناوخۆو زانکۆکان). زانکۆکان نموونەیەکی دیار پێشکەش دەکەن کاتێ رکابەریی حزبی دەگۆڕن بۆ یەکێتییەکانی قوتابیان( بەهەمان شێوەی سەندیکاکانی کرێکاران) کە بەپێی سیاسەت و رێنماییەکانی حزبەکان رێکدەخرێن، لەم بوارەدا دەکرێ ئاماژە بە فراوانبوونێکی ترسناك بدەین لە چەند زانکۆیەك( ٣٠ زانکۆی حکومی و ئەهلی ) کە کێشەگەلێکی جیددی هێناوەتە ئاراوە( پڕۆگرامەکانی خوێندن، ئاستی زانیاری، پۆلێنکردنی زانکۆکان لە ریز پۆلێنکردنی جیهانیدا...) تەنانەت کەرتی تایبەت پەرەی سەندووە بە پەیوەندیی لەگەڵ سیستەمی حزبیدا ئەویش بەوەی کە کۆمەکی دارایی پێدەگات لە حزبە سیاسییەکانەوە و لە رێگەی دەزگای حکومییەوە بۆ دابینکردن و پێدانی مۆڵەتی بازرگانی. بە دڵنیاییەوە گفتوگۆکان ئەنجام دەدرێن دەربارەی: ئایا حزب یان حکومەت دەستی باڵای هەیە لە خولْقاندنی ئەو جۆرە پاشاگەردانییە؟

دەتوانین بڵێین کە حزبە گەورەکان لە هەرێم هێزو کاریگەرییان هەبووە لەسەر پەرەسەندنی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لە هەموو بوارەکاندا، وێڕای فراوانبوونی دەزگای حکومی و دواتر سەرهەڵدانی چەند بەرپرسیارێتییەکی تازەی حکومەت لەپاڵ بەرپرسیارێتییەکانی پێشوویدا، بە دەربڕینێکی دیکە خزانە نێو دەزگای حکومی، بووە هۆی جێگیربوونی پێگەو پایەو هێزی کەس و گروپەکان.

بەڵام سەرباری ئەو فراوانکارییە، سیمای سیستەمی حوکمڕانی لە هەرێم لاواز بووەو بۆتە قوربانیی ئەو بەرپرسیارێتییە قەبانەی کە خستبوونیە سەرشانی خۆی.

حزبە سیاسییە گەورەکان ئەو بەرپرسیارێتییەیان دەکەوێتە ئەستۆ لەئاست ئەو کێشانەی رووبەڕووی هەرێم دەبنەوە، چونکە مەحسوبییەت و گەندەڵی و نەشیاویی دامەزراوەی کەرتی گشتی و لاوازیی کۆمەڵگەی مەدەنی و ئایین بە گشتی، هەموویان پەیوەستن بە دەستکەوتەکانی حزبە سیاسییەکان کە پەیوەندیی تایبەتیان لەگەڵ دەوڵەتدا هەیە، بەڵام لەلایەکی دیکەوە ئەو حزبە سیاسییانە نەیانتوانی پەیوەندییە دیموکراسییەکانی ناوخۆ بنیادبنێن و پەرەیان پێبدەن، کە دەکرێ لە میانی ئەمەدا تێکەڵ بە بناغەی کۆمەڵایەتی بکرێت بێ دەستێوەردانی تۆڕی مەحسوبییەت.

بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە هەرێم هیچ ئەنجامێکی لێ نەکەوتەوە جگە لە چەند ئەنجامێکی کەم نەبێت، بۆیە شکستی چاکسازیی گەواهیدەرە لەسەر ئەو هەوڵە سەرنەکەوتووانە بە تایبەتیش لە بوارەکانی پەروەردەوە تەندروستی و بازاڕی کارو ئاسایشی کۆمەڵایەتیدا، پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی نێوان حزبە سیاسییەکان و دەوڵەت و پڕۆسەکانی چاکسازی گەواهیدەری ئەو شکستەن. بۆیە ئەو پرسیار دێتە پێشەوە: ئەو شکستە لە چاکسازی لەبەرچی؟


**ئەم هەموو ئەنجامانە ئاماژەن بۆ رەوشی داکشانی ئابووری کە دواتر بۆتە قەیرانێکی توندی ئابووری و دۆخێکی شکست و نائومێدیی لای هاووڵاتیانی هەرێم هێنایە ئاراوە، بە تایبەتیش لای چینی لاوان کە وایان لێهات بەرەوە دەرەوە کۆچ بکەن**

**دەتوانین هۆکاری قەیرانی ئابووری- دارایی هەرێم بۆ دە ساڵەی رابردوو بگەڕێنینەوە کە پەیوەندیی هەیە بە دەستبلاویی دارایی و مەحسوبییەت و گەندەڵی و پەیڕەوکردنی پۆپۆلیستیی حزبە سیاسییەکان و ناکاراییی دامەزراوەی حکومییەوە**

**حزبە سیاسییە گەورەکان ئەو بەرپرسیارێتییەیان دەکەوێتە ئەستۆ لەئاست ئەو کێشانەی رووبەڕووی هەرێم دەبنەوە، چونکە مەحسوبییەت و گەندەڵی و نەشیاویی دامەزراوەی کەرتی گشتی و لاوازیی کۆمەڵگەی مەدەنی و ئایین بە گشتی**

# هەر عەقڵەی لە خەسارێک

# با ڕۆژ لە کوردستانەکەمان ئاوا نەبێت



پ. جەمال ڕەسول محەمەدئەمین*

تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

باوکی ڕەحمەتیم هەرچەندە نەخوێندەوار بوو، بە بەردەوامی هەوڵی دەدا و پشتگیری دەکردین کە بەردەوام بین لە گەڕان بە دوای زانستدا و زیاتر ئامادەی بەرەوڕووبوونەوەی کێشەو چەرمەسەرییەکانی ژیانمان بین. لەو میانەیەدا، بیرمە باسی کەسایەتیەکی دەکرد بە ناوی "خدری زیندە" کە زۆر بە ژیر پێناسە کرابوو. بە واتەی باوکی ڕەحمەتیم، کە لەم کەسایەتیە ژیرەیان پرسیوە، ئەو هەموو عەقڵەی لە کوێوە هێناوە، لە وەڵامدا وتوویەتی: هەر عەقڵەی لە خەسارێك!

هەرچەندە کە ئێستا چاو بەو وەڵامەدا دەخشێنمەوە، مەبەستی باوکم دەبێت ئەوە بووبێت کە ئەگەر هەڵەیەکمان کرد، لێوەی فێر ببین و لە داهاتوودا هەمان هەڵە نەکەینەوە، ئەمەش وەك قسەی نەستەق لە گشت کەلتوورە کۆمەڵایەتییەکاندا بە شێواز و ڕستەی جیاواز لە نەوەکاندا گوازراوەتەوە. هەرچەندە ئەگەر چاوێکی کەی پێدا بخشێنینەوە، ئەگەر هەر عەقڵەی لە خەسارێکمانەوە فێر ببین، هەتا کۆتایی تەمەنمان، هێندە فێر نابین کە لە چەرمەسەرییەکانماندا فریامان بکەوێت، بەڵام لەم سات و وەختانەدا زانیارییەکان هێندە بە ئاسانی بەردەستن، دەکرێت لە خەسارەی لایەنانی کەشەوە فێری عەقڵەکان ببین تەمەنی بە ئاگابوونمان کورت بکەینەوە.

لە ڕوانگەیەکی دیکەوە، یەکێك لە پێناسە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەیەکی ڕەسەن ئەوەیە کە مەترسیی دەرەکی و تەنگژە و نەهامەتی بەشەکانی لەیەك نزیك دەکاتەوە و بۆ ڕزگار بوون لە قەیرانەکان پێکەوە کار دەکەن. ڕەسەنایەتیی کۆمەڵگەی کوردستانیش مێژوو سەلماندوویەتی و هەر لەو ڕوانگەیەشەوە هیوادارم ئەم قەیرانانەش ببنە هۆکاری لەیەك نزیکبوونەوەمان و پێکەوە کار لەسەر چارەسەرەکان بکەین بۆ دەربازبوون لەم قەیرانەی کە زیاتر گروپە تیرۆریستەکانی داعش و دابەزینی بەرچاوی نرخی نەوت بەرپرسن لێی و نەك هەر کوردستان بەڵکو گەلێك وڵاتانی تریشی گرتۆتەوە (بڕوانە پەراوێزەکانی ٧ و ٨).

لە دەستپێکی ٢٠١٤دا ڕاپۆرتێکم بڵاوکردەوە کە پاڵپشت بە ئەزموونی سەدان وڵاتی سەرکەوتوو و هەزارانی لەناوچوو گشتیان لە بارودۆخی جیاوازدا

و ئەوەی پێناسەی بەردەوامی و مانەوەی کردوون، بەرپاکردنی سیستمێکی ئابووریی گشتگیر و دوور لە قۆرخکاری و باوەشکردنەوە بۆبەهرەداران و توانا مرۆییەکان [٥] بووە و لێوەی چەند پێشنیارێکی گرنگم خستە بەرچاو.

جێگای داخە کە زۆربەی ئابووریناسان و پسپۆڕانی جیاجیا لە میدیاکاندا لە دۆخی ئابووریی هەرێم دەکۆڵنەوە و پێشنیاری هەمەجۆر دەکەن، تەنیا لە ڕوانگەی تەسکی ئابوورییەوە و بێ ئەوەی گرنگی بە 'ئابووریی سیاسی' و 'ئابووریی کۆمەڵایەتی' بدەن. بۆ نموونە، هەوڵە پیرۆزەکانی سەربەخۆیی ئابووری دەبەستنەوە بە نەبوون و کورتهێنانی مووچە و شانبەشانی پشنیارە تازەکەی بەڕێز عەبادی کە ئەگەر خۆمان بەدەستەوە بدەین، مووچەمان بۆ دابین دەکات! ئەوە لە بیر خۆیان دەبەنەوە کە گشت نەهامەتییەکانی ئێمەی کوردستانی لە سەد ساڵەکانی ڕابردوودا ئەوە بووە کە بەشێك بووین لە وڵاتێکی نامۆ کە ئێستا تەنانەت ناوەکەی خۆیشی لەدەست داوە. لەناوخۆشماندا ئابووریناسان و سیاسەتمەداران لە پێناو زیادکردنی داهاتی هەرێمدا، ئاماژە بە سەپاندنی باج دەکەن و پاساوی هەبوونی لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا دەهێننەوە و ئەوە لە بیرخۆیان دەردەکەن کە سیستمی بەڕێوەبردنی وڵات لای ئێمە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی لە ڕیشەوە جیاوازن لە سیستمی وڵاتە پێشکەوتووەکان، هەر وەك لە ڕاپۆرتێکمدا لەسەر بنیادنانی نیشتمانی لە ساڵی ٢٠١٢دا بڵاوم کردەوە [٣] ئاماژەم پێ کردووە. هەر ئەو جیاوازییەیە کە ڕۆڵی سەرەکی بینیوە لە پەروەردەی هێزێکی کاری داهێنەر و ئابوورییەکی گەشەدار وبەردەوام و سەرکەوتووی لەو وڵاتانەدا چەسپاندوە.

هەرچەندە پێویستیی هەبوونی کۆدەنگیی تەواو دەبیسترێت لە گشت لایەنەکانەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکان، بەڵام کۆ هەنگاوی هێشتا لە چاوەڕوانیدایە و گرنگە بۆ لە دەستنەدانی دەرفەتە مێژووییەکەی بۆمان لە مەیداندایە، خۆمان بە کارەکانەوە سەرقاڵ نەکەین کە هەرچەندە گرنگ بن، کاتیان شیاو نەبێت، سەرقاڵمان بکات و لە ڕێگا لامان بدات، وەك شەڕەکەی دەستووری هەرێم کە هێشتا سنوورێکی دیاریکراومان نییە (بڕوانە ڕاپۆرتی ژمارە ١٠ لە پەراوێزەکاندا).

**● پێشنیارەکان:**

١. هەرچەندە لەم ساتانەدا چەندین پێشنیار لە میدیاکاندا تاوتوێ کراون بە مەبەستی چارەسەری قەیرانەکان، گرنگە ئەو پێیشنیارانە لێکۆڵینەوەیان بۆ ئەنجام بدرێت و تەنیا چاو لەسەر ئەوانە نەبێت کە دەکرێ سوودێکی هەنووکەییان هەبێت بۆ چارەسەری کێشەکان، بەڵام لە مەودایەکی کەمدا کێشەی زیاتر لە پاش خۆیانەوە بەجێ بهێڵن، هەر وەك ئەوەی تەنیا قەرز بکەین بۆ دابینکردنی مووچەی چەند مانگێك. لە ڕاپۆرتێکدا کە لە دەستپێکی ٢٠١٢دا بڵاوم کردووەوە [٢]، پێشبینیی ئەوەم کرد کە حکومەتی بەغداد بەشە بودجەی هەرێم دەبڕێت و سەرمایەدارەکانمان لەو ساتە سەختانەدا فریامان دەکەون و ئەو سەرمایەدارەی پێشەنگ دەبێت، ناوی بە ئاڵتوون لە مێژوودا تۆمار دەکرێت. ئەوا ماوەیەکی زۆرە بەشە بودجەکەمان بڕاوە، بەڵام هێشتا سەرمایەداران بەو شێوازە نەهاتوونەتە مەیدان. لێرەدا من بە هیچ شێوازێك بە تەندروستی نازانم کە کۆمپانیاکان سەرمایەکانیان بخەنە ژێر دەستی حکومەتەوە، هەتا بەکاری بهێنن بۆ دابینکردنی مووچە، هەتا ئەویش تەواو دەبێت و سەرمایەدارەکانمان مایەپووچ دەبن. ئەوەی کە لە ڕووی چەمکەکانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە دروستە، با بە هاوکاریی حکومەت بکەن، کۆمپانیاکان بە پێی ئەزموون و سەرمایەی خۆیان کار لەسەر دامەزراندنی کۆمپانیاکانی سەر بە کشتوکاڵ و ئامێرەکان و نەوت و کیمیاسازی بکەن و ئەوانەی پێویستن لە ناو هەرێمدا بایەخی پێبدەن. دەکرێت هاوکاریی حکومەت بە شێوازی دابینکردنی هێزی کار بێت بە گواستنەوەیان لە کەرتی گشتییەوە بۆ کەرتی تایبەت و بە هەماهەنگی لەگەڵ کۆمپانیاکاندا بە شێوازێك کە حکومەت پابەندی بەردەوامی پێدانی مووچەکانیان بێت، هەتا ساڵێك، یان شەش مانگ و لە کەرتی گشتیشدا ڕاژەکانیان بەردەوام بێت. پڕۆژەیەکی تۆکمەش لە لایەن وەزارەتی پلاندانانەوە لە هەنگاوە کۆتاییەکانیدایە بە هاوکاریی بانکی جیهانی بۆ دامەزراندنی سیستمی پاراستنی کۆمەڵایەتی کە تێیدا ڕاژەی کارمەندانی کەرتی تایبەت هەژمار بکرێت بە هاوتای کارمەندانی کەرتی گشتی.

هەرچەندە ئەم پێشنیارە دەکرێت پێویستیی بە سەرمایەیەکی زۆر و کاتی زیاتر بێت بۆ گەیشتن بە وادەی بەرهەمهێنان، بەڵام گۆڕانێکی ڕیشەیی ئەنجام دەدات و کوردستان بەرەو قۆناغێکی تازەی هاوکاریی کەرتی گشتی و تایبەت دەبات و بەشێکی دیاری هێزی کاری بێکار لە کۆڵ حکومەت دەکاتەوە و تواناکانیان بە باشی دەخرێتەگەڕ. بۆ ئەمەش دەکرێت کۆمپانیا زەبەلاحەکانی نەوت کە ئێستا لە هەرێم سەرقاڵی دەرهێنانی نەوتن، هاوکاری کۆمپانیا خۆماڵییەکان

**یەکێک لە پێناسە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەیەکی ڕەسەن ئەوەیە کە مەترسیی دەرەکی و تەنگەژە و نەهامەتی بەشەکانی لەیەک نزیک دەکاتەوە و بۆ ڕزگار بوون لە قەیرانەکان پێکەوە کار دەکەن**

**پێویستە بە هەمووان کار بۆ ئەوە بکەین کە یاسا و ڕێساکانی تایبەت بە هەردوو بەکاربەر و وەبەرهێنەر بناسێنین و پێداچوونەوە بەو یاسایانەدا بکەین کە پێویستە پێداچونەوەیان بۆ بکرێت هەتا زیاتر سەردەمییانەبن و بە باشی سوودیان لێ وەربگیرێت**

بکەن لە دامەزراندنی کۆمپانیاکان و وەبەرهێنانی کاڵا نەوتییەکان، ئەمەش کوردستان لە وەبەرهێنەری نەوتەوە دەخاتە لیستی بەکارهێنەرەکانیشیەوە و گشت لایەنەکان لێی سوودمەند دەبن. ئەم هەنگاوەش، پێویستیی بە پێداچوونەوەی یاسای وەبەرهێناندا هەیە هەتا باشتر دۆستی وەبەرهێنەران بێت.

٢. لەو ڕاپۆرتەدا کە لە گۆڤاری ئابووریی سیاسیدا بڵاوم کردۆتەوە [١١]، باسی گرنگیدان و پشتگیری کردنی کۆمپانیا بچووکەکان و باوەشکردنەوەی حکومەتە بۆ بەهرەداران و پاراستنی بیرۆکەکانیان و پشتگیرییان لە دامەزراندنی کۆمپانیا بۆ وەبەرهێنان و کردنەوەی بنکەی پشتگیری لە زانکۆکاندا و پەیڕەوکردنی یاسایەکی گشتگیر لە گشت کارەکاندا. وردەکاریی زیاتر لەو بڵاوکراوەیەدا بەدەست دێت، بەڵام ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێ بکرێت، کە پرۆژە و کارکردنی بەم شێوازانە زۆر پێویستن بۆ ئاشتکرنەوەی کۆمەڵگە و هەستکردنیان بەوەی کە حکومەت هی هەموانە و هەموومان پێکەوە هاوکار دەبین لە تێپەڕاندنی تەنگەژەکان و پێکەوە تامە شیرینەکانی دەچێژین. گەر لەم گۆشەیەوە، بۆ پتەوکردنی پردی بەینی حکومەت و کۆمەڵگە، شێوازێکی کارم لە ساڵی ٢٠١٢دا پێشنیار کردووە [١].

٣. پێویستە بە هەموان کار بۆ ئەوە بکەین کە یاسا و ڕێساکانی تایبەت بە هەردوو بەکاربەر و وەبەرهێنەر بناسێنین و پێداچوونەوە بەو یاسایانەدا بکەین کە پێویستە پێداچونەوەیان بۆ بکرێت هەتا زیاتر سەردەمییانەبن و بە باشی سوودیان لێ وەربگیرێت لە کاتی پێویستدا.

a. زانیاریی بەدەست بێت دەربارەی گشت ئەو کاڵایانەی کە لە هەرێمدا وەبەرهەم دێن و وەك دەستپێکێك بە هاوشێوەی ئەو یاسایەی کە ڕێگا لە بەروبوومە کشتوکاڵییەکان دەگرێت هاوردەی هەرێم بکرێن لە وەرزی وەبەرهاتنی کاڵا خۆماڵییەکاندا، بەپێی کوالیتی، ڕێگا لەو کاڵایانە بگیرێت کە لەناوخۆدا وەبەرهەم دێن.

b. کارلەسەر یاسایەك بکرێت بۆ پاراستنی گشت ئەو کاڵایانەی کە ناوخۆدا وەبەرهەم دێن.

ئەم کارەش پشتگیرییەکی گەورە دەبێت بۆ ئابوورییەکی تەندروست بە پشتگیریی کاڵا خۆماڵییەکان کە کارێکی تەندروستە و لە گشت وڵاتاندا کارێکی ڕۆتینە، پاڵ بەو لایەن و بازرگانانەوە دەنێت کە چەندەها ساڵە کاڵا هاوردەی هەرێم دەکەن، کار لەسەر دامەزراندنی کارگە بکەن لە ناو هەرێمدا، پێداویستی هێزی کاری خۆماڵی زیاد دەکات و پەرەپێدان و گەشەسەندن و بەردەوامیی ئابووری لە هەرێم برەو پێدەدات.

**نابێت میدیاکانی خۆمان ئەمرۆ ڕێگایان پێ بدرێت دەست بە چەواشەکردنی کۆمەڵگە بکەن و لە ژێر دروشمی ئازادیی ڕۆژنامەوانیدا ماڵ لە هەموان تێک بدەن**

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ساڵانی نەوەدەکان و هەڵسەنگاندنێك بۆ ڕۆڵی میدیای جیهانی ڕۆژئاوا و کاریگەرییەکانی بکەین کە لە سەر ڕەوە ملیۆنییەکەی کوردستان هەیانبوو، دەزانین کە گشت سیاسەتمەداران و وڵاتە مرۆڤدۆستەکانی هەژاند و بە ناچاری ناوچە دژەفڕینەکەیان دروست کرد و بناغەی کوردستانەکەی ئەمرۆمانی سەپاند. نابێت میدیاکانی خۆمان ئەمرۆ ڕێگایان پێ بدرێت دەست بکەنە چەواشەکردنی کۆمەڵگە و لە ژێر دروشمی ئازادیی ڕۆژنامەوانیدا ماڵ لە هەموان تێك بدەن. واتە پێویستە ڕۆژنامەوانان بە پرۆفیشناڵی و نیشتیمانپەروەرانە کارەکانیان ئەنجام بدەن.

**● پەراوێزەکان:**

١. سەروەری کۆمەڵگە و فەیسبووکەکەی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی، گوڵان ژمارە ٨٧٢، ٢٠١٢/٣/١٩، لاپەڕە ١٦. ١٧ و ١٨

٢. با وەکو چیك و سلۆڤاك بە خۆشەویستی جیا بینەوە. گوڵان ژمارە ٨٧٤، ٢٠١٢ لاپەڕەکانی ٢٦،٢٧

٣. سەروەری کۆمەڵگە لە بڕیاردان و بنیادنانی نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان، گوڵان ژمارە ٩٠٠، ٢٠١٢/١٠/١٥، لاپەڕە ١٦، ١٧، ١٨ و ١٩

٤. ئابووری حکومەت لە ڕێگای نەوت و غازەوە ڕووی لە سەربەخۆیی ناوە، دەبێت بەرەو سەربەخۆیی تاکیش هەنگاو بنێین. گوڵان ژمارە ٩٤٦، ٢٠١٣/٩/٢٣

٥. با نەڕووخێین. گوڵان ژمارە ٩٦٧. ((٢٠١٤/٣/٥

٦. نەوت بەکاربهێنین یان بەکارمان بهێنێت؟ گوڵان ژمارە ١٠٠٩، ٢٠١٥/١/١٢. لاپەڕەکان: ٥٨ تا-٦١.

7. Order Out of Chaos، Gulan، 23/4/2015
http://gulan-media.com/english/articles.php?id=207&eid=25

٨. ڕێکخستنی ماڵی کورد لەم بارودۆخە ناجێگیر و پشێویەی ئێستادا، گوڵان ژمارە ١٠٢١ ٢٠١٥/٤/١٦، لاپەڕەکان: ٤٤،٤٥

٩. با بە پەتەکەی ملمانەوە ململانێ بۆ سبەینێ نەکەین، گوڵان ژمارە ١٠٣٣ ٢٠١٥/٧/٩، لاپەڕەکان: ٢٦,٢٧

١٠. ڕێك دەکەوین کە ڕێك نەکەوین، گوڵان ژمارە ١٠٤٤ ٢٠١٥/١٠/١١، لاپەڕەکان: ٣٤،٣٥

١١. بەردەوامیی لێدانی دڵی ئابووری بۆ کوردستان، ئابووریی سیاسی، ژمارە ٣٩، ٢٠١٤، لاپەڕەکانی ٢٥-٢٨

*** ڕاوێژکار لە وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

# یەک مووچەخۆری حکومەت لە هەمان کاتی دەوام چەند کاری جیاجیا دەکات



د.وەلی مەحمود*

تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

هەمـوو خەڵـك ماوەیەكە هـەر بابەتـی دوومووچەیی و سـێ مووچەیـی و بندیـوار و ژمـارەی زۆری پۆلیس و ئاسـایش و هێزی چەكدار دەبیسـتن و دەبینن. ئەوەی خوێنـدەوار بێـت، لـە ڕۆژنامـە و گۆڤـار و فەیسـبووك و پەیجـەكان دەیخوێننـەوە، نەخوێندەواریـش بێـت، هـەر نەجاتـی نابـێ، چونكە لە تەلەفزیۆنـەكان و ڕادیۆكانی دەبینێ و دەیبیستێ. سەرجەم بەرپرسانی حكومەت دەڵێن (٠٠٠، ٤٠٠، ١) یەك ملیۆن و چوار سەد هەزار كەس مووچەخـۆرن، بـەڵام گوایە نزیكـی (٧٠٠٠٠٠) حەوت سەد هەزار كەس فەرمانبەر و ئیشكەری ڕاستەقینەن!

لەم بابەتەم مەبەستم نییە باسی بابەتی دوومووچەیی و سـێ مووچەیی و بندیوار بكەم، بەڵام باسـی بابەتێك دەكەم كە ئەویش هەر دەچێتە خانەی گەندەڵی و بێتوانایی دەزگاكانی حكومەت. ماوەیەك لەمەوبەر برادەرێك بۆی گێڕامەوە لە نزیك دێگەڵە لە كاتی گەڕانەوەی لە هەولێر بـۆ كۆیە، لەو شـوێنە ئۆتۆمبێلەكـەی (عاتڵ) دەبێ و دەوەسـتێ. وتی زۆر پەشـۆكا بووم ئۆتۆمبێلەكەم كاری نەدەكـرد، بـەڵام زۆری پێ نەچـوو ئۆتۆمبیلێك هاتو لە تەكم ڕایگرت و شـۆفیرەكەی وتی: چیت پێویسـتە، تا یارمەتیت بدەم؟ وتم: هیچی لێ نازانم، بەڵام كارناكات. ئەویش هات و هەندێكی سـەیركردو دووجار سـولفی لێ دا و وتـی: كاكـە زانیـم چیەتـی. وتـم: چیەتی؟ وتی: تـۆ (بەنزین)ت دەوێ، چونكـە ئۆتۆمبیلەكەت بەنزینی تیـا نەمـاوە. وتـم: باشـە چـارە چییـە و چـی بكەیـن، هیـچ بەنزیـن خانەمـان لـێ نزیـك نییە؟ وتـی من یەك جلیكانـی (٢٠) لیتریـم پێیـە، بەڵام شـتێكم خێر بدەیێ و ئەتدەمـێ. ناچاربـووم وتم باشـە. چەند هەزارێكم خێر دایێ و بە خێرایی بەنزینەكەمان تێ كرد (بەڵام لە دڵی خۆمـدا دەموت پیاوی ئـازا ئاوایە هەر بەڕێگاوە بەنزین دەفرۆشـێت). بـەڵام دواتـر هەر كاری نەكـرد. وتم كاكە ئـەوە بەنزینیشـمان تێ كـرد، هەركار نـاكات، هەندێكی تـر خەریكـی بـوو، وتـی: وەڵڵا كاكـە ئەوە (عەقڵ)ـە، بۆیـە دەبـێ فیتـەر ئـەم ئۆتۆمبیلە ببینێ. دیسـان من دڵگرانی دایگرتم و وتم: باشـە چۆنی ڕابكێشـم و چۆن بیگەنمە لای فیتەر لە كۆیە؟ وتی: وەڵڵا من (حەبل) و شتم پێیە، پارەیەكم بدەیێ ڕایدەكێشم. منیش زۆر ناچار بـووم بۆیـە ڕێككەوتین كە بۆم ڕابكێشـێ و بڕێك پارەم دایـێ. دواتـر لە ڕێـگا زۆر خێرا لێی دەخوڕی و زۆری پەلـە پەلـی دەكـرد، گوتـم كاكـە بـا تووشـی ڕووداوێك نەبیـن، بۆچـی وا خێـرا دەڕۆی و دەتـەوێ هێنـدە زوو بگەیتـە كۆیـە؟ لـە وەڵامـدا وتـی: وەڵڵا ڕاسـتییەكەی مـن هەندێـك خوێندكارم هەیە، بـە مانگانە گرتوویانم و ڕۆژانـە دەیانبـەم بۆ خوێندنـگاو دەیانبەمەوە بۆ ماڵەوە، بۆیـە دەمـەوێ زوو بگەینـەوە كۆیـە، تاوەكـو بەخێرایی ئـەم كارە بكـەم. منیـش دوای ئـەوەی داوام لێ كرد كە هیـوادارم دوانەكەویـن و زوو بگەینـەوە كۆیە، بەم چەند دەقیقەیـەش هیـچ نابێ. لە دڵی خـۆم دەموت (مرۆڤی چەنـد سـەیر و بەتوانـا هەیـە، هەم بەنزین فرۆشـە، هەم كرێنە، چونكە ئۆتۆمبیلەكەی ڕادەكێشـام، هەم تاكسیە چونكە خوێندكارەكانی لە كۆیە چاوەڕوانیان دەكرد). كە گەیشتینە كۆیە و ئۆتۆمبیلەكەمی گەیاندە پیشەسازی و پێش ئەوەی خواحافیزی لێك بكەین، وتم: تۆ لە كوێ دەژی لەنـاو كۆیـەی یاخـود ناحیـەكان و دەوروبـەری؟ لـە وەڵامدا وتی: مـن كارمەندی دەزگایەكی هێزەكانی ناوخۆم، شـوكر بۆخوا مووچە و شـتی باشـم هەیە، ئەم تاكسـیەش هـی خۆمە. هەر بەڕاسـتی سـەرم سـوڕما. چونكـە لـە یـەك كاتـدا چەنـد كارێكـی دەكـرد. بـەڵام چونكـە وڵات بـە دامەزراوەیـی نەكـراوە و ئیـش و كار دابـەش نەكـراوە، دەزگاكانـی حكومـەت و بێهێز و لاواز كـراون، ئەوەنـدەی قازانجـی تـاك لەبەرچـاوە، قازانجی گشـتی و هەیبەتی دامەزراوەكان حیسـابی بۆ نەكراوە. شتی وا ڕوو دەدات. بە دڵنیاییەوە ئەم چەند كارەی ئەو كەسە دەیكرد، دەبوایە یەك دوو كەس بەلانی كەم بیكەن، ئەگـەر نەڵێم سـێ چوار كەس. هـەر بۆیەش گلەیی لە حكومەت دەكرێت و وڵات لەم جۆرە فەوزایە دەژی.

---

*سەرۆكی زانكۆی كۆیە



### ئەحمەد حاجی ڕەشید بڕیاردەری لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق:

# لێدوانەکەی حەیدەر عەبادی بە ناردنی مووچە بۆ کوردستان ڕاست نییە و عێراق خۆی ٨١ ملیار دۆلار قەرزدارە

**لەناو ئەو قەیرانە ئابوورییەی ڕووبەڕووی کوردستان و عێراق بۆتەوە، موزایەدەی سیاسی و دروستکردنی گوشار بۆ سەر هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغداوە بەردەوامی هەیە، هەفتەی ڕابردووش حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانی عێراق ڕایگەیاند، ئەگەر کوردستان نەوتەکەی رادەستی بەغدا بکات، ئەوا بەغدا ئامادەیە مووچەی پێشمەرگە و فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان ڕەوانە بکات، سەبارەت بەم قسە بێ بنەمایە ئەم وتووێژەمان لەگەڵ پەرلەمانتار ئەحمەدی حاجی ڕەشید بڕیاردەری لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق سازکرد و بەمجۆرە وەڵامی داینەوە.**

*** هەفتەی ڕابردو عەبادی ڕایگەیاند ئەگەر کوردستان نەوتەکەی رادەست بکات، ئەوا ئامادەیە مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم دەستەبەر بکات، ئێوە وەك بڕیاردەری لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق چۆن لەم مەسەلە دەڕوانن؟**

- ئەمە لێدوانێکی ئیستفزازییە و ئامانجی عەبادی ئەوەیە لە ڕێی جەماوەرەوە فشار لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست بکات، واتە بە قەناعەتی خۆی دەتوانێت بەدیلیان بۆ بدۆزێتەوە، دەیەوێت بڵێت ئەوەتا دەرکەوت سەرکردەکانی کوردستان کە بانگەشەی

ئەوەیان دەکرد، دەتوانن نەوت بەکار بێنن، ئەم کارەیان پێناکرێت و ئاماژەیەکە و دەڵێت ئەگەر نەوتەکە رادەستی من بکەن، ئەوا بەدیلی مووچەتان بۆ دابین دەکەم. بەڵام ئەم قسەیەی عەبادی لە دوو سەرەوە هەڵەیە، چونکە لە لایەك لە یاسای بودجەدا هاتووە کە دەبێت هەرێمی کوردستان رۆژانە ٥٥٠ هەزار بەرمیل رادەستی حکومەتی عێراق بکات، واتە بەپێی یاسا حکومەتی هەرێم پابەند نییە لەو برە نەوتە زیاتر رادەست بکات، بۆیە پرسیارەکە ئەوەیە ئایا عەبادی باسی ئەو برە نەوتە دەکات، یان تەواوی نەوتی هەرێم، چونکە ئەگەر تەنیا ٥٥٠ هەزار بەرمیلەکە بێت، ئەوا لە یاسای بودجەدا لە سەدا ١٧ پشکی کوردستان دیاری کراوە، کە لەم مانگەدا پشکەکەیان بەم شێوەیە دیاری کردووە، تەنیا ٣٥٠ ملیار دینار بۆ مووچە و ٤١ ملیار دینار بۆ بودجەی بەگەڕخستن و ٢٦ ملیار دینار بۆ بودجەی وەبەرهێنان، کە کۆی هەموویان دەکاتە ٤١٧ ملیار دینار بۆ هەموو کوردستان، ئەمە لە کاتێکدا کە هەرێمی کوردستان تەنیا بۆ مووچە پێویستی بە ٨٦٠ ملیار دینار هەیە. دیوەکەی دیکەی پەیوەستە بەوەی ئایا کوردستانیش دەتوانێت هەموو نەوتەکەی خۆی رادەستی بەغدا بکات؟ بێگومان نەخێر، لەبەر ئەوەی کوردستانیش پابەندە بەو گرێبەستانەی ئەنجامیداون لەگەڵ کۆمپانیاکان کە پێویستە نەوتی کولفەیان پێبدات. کەواتە عەبادی دەزانێت کە کوردستان ناتوانێت هەموو نەوتەکەی رادەست بکات، بۆیە ئەویش ئەو پێشنیارە سەختە بۆ هەرێم دەکات.

*** بەڵام بۆچی لە کاتی سەردانەکەی شاندە باڵاکەی کوردستان، بە سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێم، بۆ بەغدا عەبادی ئەم پێشنیار و دەستپێشخەرییەی نەکرد؟**

- ئەمە پشتراستکردنەوەیە بۆ قسەکانی پێشووم، چونکە ئەگەر عەبادی ئامادەیە بۆ رێککەوتن ئەوا با لە کاتی سەردانیکردنی شاندەکەدا ئامادەیی خۆی دەربڕیایە بۆ ئەنجامدانی هەر رێککەوتنێکی نوێ لەگەڵ هەرێمی کوردستان. لەبەر ئەوە تەنیا ئامانجی ئەو ئیستفزازکردنی هەرێمی کوردستانە.

*** باس لەوە دەکرێت جارێکی دیکە شاندێکی کوردستان سەردانی بەغدا بکەن، ئەمە تا چەند راستە؟**

- بە باوەڕی من شاندی کوردستان نایەتە بەغدا، خۆ ئەگەر سەردانی بەغداش بکات ئەوا تەنیا بۆ پرسی دیپلۆماسییە، لەبەر ئەوە لە ئێستادا ناتوانێت رێککەوتنێکی ئابووری بکرێت، چونکە ئەوەی کە کراوە چۆتە چوارچێوەی بودجەوە، واتە جگە لەوەی لە یاسای بودجەی ساڵی ٢٠١٦دا هاتووە هیچ شایستەییەکی دیکە بۆ کوردستان خەرج ناکرێت. کەواتە لە ئێستادا هاتنی شاندی کوردستان بۆ بەغدا لە رووی دروستکردنی گۆڕانکاری لە شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان هیچ بەها و کاریگەرییەکی نابێت.

*** ئایا کورتهێنانی بودجەی عێراق چەندە و تا چەند عێراق دەتوانێت مووچەی فەرمانبەرانی خۆی دابین بکات؟**

- بودجەی عێراق نزیکەی ٢٢ تریلیۆن کورتهێنانی هەیە و زۆربەی ئەو کورتهێنانەش بە قەرزکردن پڕکراوەتەوە، کە مەرج نییە بتوانێت ئەم قەرزانە بەدەست بێنێت، من کاتی خۆی ئەمەم بە وەزارەتی دارایی راگەیاند و پێموتن ئێوە دەڵێن ٥ ملیار دۆلار لە سندوقی نێودەوڵەتی دراو قەرز دەکەین، بەڵام ئایا ئەوان ئامادەن ئەم قەرزە بدەن لە کاتێکدا ئێوە خۆتان ٨١ ملیار دۆلار قەرزار بن، بە قەرزی ناوخۆی و دەرەکییەوە، لە کاتێکدا هەموو قەرزی ناوخۆییتان بەکارهێناوە و یەدەگی نێودەوڵەتییان لە ٨٤ ملیارەوە — لە ساڵی٢٠١٣- گەیاندۆتە نزیکەی ٥٠ ملیار لە ئێستادا، کەواتە ئایا ئەو سندوقە ئامادەیە ئەو قەرزە بدات؟ بە دڵنیاییەوە نەخێر، چونکە ئەوە بڕیاردانە لە لایەنێکەوە، ئەم جۆرە بڕیارەش نادرێت ئەگەر خۆی لە خۆیدا دەبێت بڕیارەکە هاوبەش بێت. کەواتە ئەو قەرزەی لە ناو بودجەی عێراقدا دانراوە، قەرزێکی ئەوتۆ نییە و بگرە ناتوانێت لە سەدا ٥٠شی دابین بکات، لەبەر ئەوە ناتوانێت کورتهێنانی بودجە بە قەرزی دەرەکی پڕبکاتەوە. تاکە رێگای بەردەم عەبادی ئەوەیە قەرزی ناڕاستەوخۆ بکات، ئەوەش بازدانە بەسەر یاسادا، چونکە بە پێی یاسای ٥٦ بانکی ناوەندی ناتوانێت راستەوخۆی قەرز بداتە حکومەتی فیدراڵی، بەڵام جۆرێك لە فێڵکردنیان دۆزیوەتەوە، ساڵی پار بانکی ناوەندی ٦ تریلیۆن دیناری داوەتە حکومەت لە رێی بانکەکانەوە، ئەم ساڵیش بڕیاری داوە ٧ تریلیۆن دیناری دیکە بدات حکومەت، فێڵەکەش لەوەدایە کە بانکی ناوەندی ٧ تریلیۆن دینار بە قەرز و بە رێژەیەك لە قازانج دەداتە بانکەکان، ئەو بانکانەش هەڵدەستن بە کڕینی سەنەداتی حکومەت- سەنەداتی گەنجینەی گشتی- کە ئەمە قەرزێکی کورتخایەنە و بۆ ماوەی ساڵێکە، بەم شێوەیە پارەکە دەگەڕێتەوە بۆ حکومەت و حکومەتیش کورتهێنانی بودجەکەی پێ پڕدەکاتەوە، هەر بۆ زانیاریتان ئەم مانگە دوو تریلیۆن و ٢٠٠ ملیار دیناری سەنەداتی فرۆشتووە.

*** ئایا بانکی ناوەندی ناتوانێت هاوکاری حکومەتی هەرێم بکات؟**

- لە راستیدا بانکی ناوەندی سێ ئامانجی سەرەکی هەیە، یەکەمیان سەقامگیری ئابووری، واتە جێگیرکردنی نرخی دراو، ئامانجی دووەمیان بۆ سەقامگیرکردنی هاوسەنگی —میزان المدفوعات- واتە هاوردە و هەناردە. ئامانجی سێیەم سەرمایەگوزاریکردنە بەم برە پارەیەوە لە

**لە ئێستادا هاتنی شاندی کوردستان بۆ بەغدا لە رووی دروستکردنی گۆڕانکاری لە شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان هیچ بەها و کاریگەرییەکی نابێت**

**بودجەی عێراق نزیکەی ٢٢ تریلیۆن کورتهێنانی هەیە و زۆربەی ئەو کورتهێنانەش بە قەرزکردن پڕکراوەتەوە**

بوارێکی بەرتەسکدا. کەواتە کاتێك باس لە جێگیرکردنی دراو دەکرێت، ئەوا کوردستانیش هەمان دراو بەکار دەهێنێت، کاتێك باس لە -میزان المدفوعات- ئەوا کوردستانیش پشتی پێ دەبەستێت، کە باس لە وەبەرهێنانیش دەکەین، ئەوا ئەمە پارەی دەوڵەتێکی فیدراڵییە کە کوردستان بەشێکە لەو دەوڵەتە فیدراڵییە، کەواتە کوردستان بە شێوەیەك لە شێوەکان بەشدارە لەمەدا، بەڵام بانکی ناوەندی راستەوخۆ قەرز نادات بە هەرێم. کەواتە ئەگەر عەبادی راستگۆ بوایە ئەوا رێککەوتنێکی لەگەڵ هەرێمدا بکردایە کە چەند بانکێك قەرز لە بانکی ناوەندی وەربگرن و ئەو بانکانەش سەنەداتیان لە حکومەتی هەرێم بکڕیایە، بۆ ئەوەی هەندێ پارەی دەست کەوێت بە قەرز، بەڵام هۆکارێکی سەرەکی رێگر بوو، ٤٢ بانك لە هەرێمدا هەبوون کە هەموو پارەکانیان لە لقی بانکی مەرکەزی هەولێر و سلێمانی دانابوو، کە بڕی پارەکەی ٦ ترلیۆن دینارە و ئەو بڕەش دەستکاری کراوە و حکومەتی هەرێمیش پارەی نەماوە بیداتەوە، بۆیە بانکی ناوەندی متمانەی نەماوە بەوەی پارە بە قەرز بداتە لقەکانی، بەتایبەتی ئەوانەی لە کوردستاندا هەن، کەواتە کوردستان لە رێگەی بانکی ناوەندییەوە ناتوانێت قەرز وەربگرێت.

*** لە بودجەی ساڵی ٢٠١٦دا پارەیەکی زۆر بۆ حەشدی شەعبی تەرخان کرا و جارێکی دیکە پێشمەرگە بێبەش کرایەوە، خوێندنەوەی ئێوە بۆ ئەم مەسەلەیە چییە؟**

کاتێك بودجە پێشنیار کراوە، ئەوا لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتووە، واتە لە ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی داراییەوە ئەم تەرخانکردنانە بۆ حەشدی شەعبی کراون، لەبەر ئەوەی حەشدی شەعبی بۆتە واقیعێك لە گۆڕەپانی سیاسی و سەربازیدا و ئێستا لەسەر ئەرزی واقیع حەشدی شەعبی شەڕدەکەن، لەبەر ئەوە بڕێك پارەیان بۆ تەرخان کراوە و دواتر بە موناقەلە لە سەدا ٣ی مووچەی فەرمانبەرانی حکومەتی فیدراڵی کەم کراوەتەوە و دواتر لە سەدا ٦٠ ئەو پارەیەی لە مووچەکە دەبڕدرێت، بۆ حەشدی شەعبی تەرخان دەکرێت و لە سەدا ٤٠یشی بۆ ئاوارەکان. کە ئێمە بە چوار نوێنەر نەماندەتوانی رێگری لەمە بکەین و تەنیا ئەوەندەمان پێکرا کە ئەگەر مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم لە بەغداوە رەوان بکرێت و ئەگەر بڕیار بوایە لێی کەم بکرایەتەوە ئەوا ئەو لە سەدا ٣یەی لە مووچە کەم دەکرایەوە، تەرخان دەکرا بۆ پێشمەرگە. کەواتە بەڵێ پارەیەکی زۆر تەرخان کراوە کە دەبوو ئەو وەزیرانەی لەسەر پشکی هەرێمن، بەتایبەتی وەزارەتی دارایی رێککەوتنەکەی مانگی ١٢ی ساڵی ٢٠١٤یان وەك بڕگەیەك داخڵ بکردایە، کە بە پێی ئەو رێککەوتنە یەك ملیار و ٢٠٠ ملیۆن تەرخان بۆ پێشمەرگە دەکرا.

# فەشەلی حکومەتەکەی مالیکی عێراق بەرەو کوێ دەبات؟

**راپۆرتی گوڵان**

دووساڵ بەسەر حوکمڕانیی عەبادی-دا تێدەپەڕێت، بەڵام هیچ لە بارودۆخەکە نەگۆڕاوە، تەنیا شکست دوای شکستی لێ هاتۆتەئاراوە کە رووەو هەرەسهێنانێکی مسۆگەرە، ئەو حکومەتە لەبەر ئەوەی لەسەر بنەمای بەرنامە و بیری پشکایەتی و تایفەگەری دامەزراوە بۆیە بەم شێوەیە پەرتەوازەو پارچەپارچە بووە، بە شێوەیەك کە توانای ئەوەی نییە چارەسەری ئەو هەموو قەیرانانە بکات کە ساڵانێکە بەردەوام عێراق پێوەیان دەتلێتەوە، لەم هاوکێشە ئاڵۆزەدا پەنجەی تۆمەت هەمیشە بۆ هاوبەشە سیاسییەکان رادەکێشرێت، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئەو حکومەتە بەردەوام مافی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانی پێشێلکردووە، دوای ئەوەی کە پشکی سەرەکیی بودجەی لێبڕین، هەر بەمەشەوە نەوەستا بەڵکو دۆخەکە گەیشتە ئەوەی کە لاسەنگیی ئابووری و مایەپووچی یەخەی ئەو حکومەتە بگرێت، بەڵام خەڵکی هەرێمی کوردستان سەرباری ئەو قەیرانە دروستکراوەی بەغدا هەر خۆڕاگربوو، بۆیە ئەگەر بە وردیی لەو حکومەتە وردبینەوە دەبینین تەنیا شکست لەدوای شکست دێنێت بە شێوەیەك گەیشتۆتە قۆناغی هەرەسهێنان، کە ئەمەش بۆماوەیی کابینە شکستخواردووەکانی نوری مالیکی سەرۆکی وەزیرانی پێشووی عێراقە.

هەڵوەستەیەك لەسەر نموونە زیندووەکانی شکست و هەرەسهێنانی حکومەتی عەبادی لەماوەی ئەو دووساڵەی حوکمڕانی ئەودا، دەمانگەیەنێتە ئەو راستییەی کە موزایەداتی سیاسی باڵی بەسەر رەوش و گوزەرانی خەڵکەکەدا کێشاوە، ئەو حکومەتە لەجیاتی داننان بەو شکستانەدا، دێت پەنجەی تۆمەت بۆ

هەرێمی کوردستان درێژدەکات، لە کاتێکدا کە عێراق بە سەختترین قۆناغی هەرەسدا تێدەپەڕێت، کە بە هیچ شێوەیەك کۆنترۆڵی بەسەر شتەکاندا نەماوە. شتێکی شاردراوەش نییە کە قەیرانی کارەبا بەهۆی گەندەڵی حکومەتەکەی پێشووی نوری مالیکی سەری هەڵدا کە پتر لە ٥٠ ملیار دیناریان بۆ ئەم کەرتە تەرخانکرد، بەڵام نەتوانرا تەنیا یەك میگاوات کارەباش بۆ تۆڕی نیشتمانیی زیادبکرێت، هاوکات شکستی ئەو حکومەتە لە گەڕاندنەوەی سێیەکی خاکی عێراق لەدەست داعش، هەروەها شکستی حکومەت لە ئاوەدانکردنەوەی ژێرخانی وڵات و ئەنجامدانی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی و سیاسی و نزیککردنەوەی لایەنە نەیارەکان لەیەکدی، ئەمە سەرەڕای شکستی حکومەتەکەی عەبادی لە چاکسازی کردن لە دامەزراوەکانی دادگا و وەزارەتەکان، عەبادی نەشیتوانی پارێزگاریی لە پێگەی عێراق بکات لەنێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا لە رووی شەفافییەت کە ئەمەش هەر درێژکراوەی گەندەڵییەکانی نوری مالیکی بوو.

شکستی عەبادی و حکومەتەکەی لە پاککردنەوەو چاکسازیی دەزگا ئەمنییەکاندا نموونەیەکی دیکەیە کە راستەوخۆ گوزارشت لەوە دەکات کە ئەو حکومەتە ناتوانێت دۆسیێ گەندەڵکاران رادەستی دادگا بکات، هەروەها بەرپرسانی هەڵاتوو لە دادگا دەستگیربکات، ئەمە سەرەڕای شکستی عەبادی لە یەکخستنی سوپای نیشتمانی و چارەسەرکردنی دۆسییەکانی تایبەت بە ماددەی ١٤٠ و یاسای نەوت و غاز، ئەمە سەرباری شکستی حکومەتی فیدراڵ لە چارەسەرکردنی کێشەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا، ئەو سەرۆك وەزیرە تەنانەت ناتوانێت رەوشی ئابووری چاك بکات و داهاتی وڵات زیاد بکات لە دەرئەنجامی دابەزینی نرخی نەوت دوای ئەوەی کە مالیکی گەنجینەیەکی خاڵی رادەستی عەبادی کردبوو دوای ٨ ساڵی حوکمڕانی، رەوشی ئەمنیش بابەتێکی دیکەیە کە رووبەڕووی ئەو حکومەتە دەبێتەوە کە رۆژانە تەقینەوە روودەدات، ئەمە سەرباری ئەوەی نەیتوانیوە سەروەریی عێراق بپارێزێت دوای ئەوەی کە ئێران بە تەواوی هاتۆتە ناو کایەکانی حوکمڕانیی ئەو وڵاتە، جگە لە شکستی عەبادی لە چاککردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێدا.

**● قۆناغی هەرەسی ئابووری لە عێراقدا**

سەلیم جبوری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە وتەیەکدا ئاماژەی بەوە دەکات کە عێراق رووبەڕووی قەیرانێکی سەختی دارایی بۆتەوە کە وا پێویست دەکات سەرانی گەندەڵی دەستنیشان بکرێت و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت، ئەمەش بۆ ئەوەی ئابووریی وڵات ببووژێنێتەوە و سەرلەنوێ بتوانێت ئەو قەیرانە داراییە تێپەڕێنێت.

لەلایەکی دیکەوە راپۆرتە نێودەوڵەتییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە عێراق خەریکە دەگاتە قۆناغی هەرەسی ئابووری، چونکە ناتوانێت قەرزەکانی سەری بداتەوە و مووچەی فەرمانبەرانیش دابین بکات، محەمەد تۆفیق عەلاوی وەزیری پێشووی گەیاندن پێی وایە کە عێراق لەسەر لێواری کارەساتێکی ئابوورییە ئەگەر نەتوانرا چارەسەری قەیرانەکان بکرێت، هۆشداری ئەوەشی دا کە یەدەگی پارەی وڵات بەو شێوەیە کە دیناری عێراقی بە تەواوی هەرەس بهێنێت، هەروەك چۆن لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوو و لەسەردەمی گەمارۆی ئابووری رووی دا، چونکە حکومەت هیچ بژاردەو ئەلتەرناتیڤی دیکەی لەبەردەستدا نییە.

**● شکستهێنان لە تێکەڵکردنی وەزارەتەکان**


تورکی سەلمان کە توێژەرێکی سیاسییە بە( گوڵان) ی گوت: ئەو کابینە وەزارییەی ئێستا هەر وا بە شکست و سەرنەکەوتوویی دەمێنێتەوە، تا ئەو کاتەی حکومەتێکی تەکنۆکرات دادەمەزرێت، ئەوەشی بەدوورخستەوە کە تێکەڵکردنی وەزارەتەکان سەرکەوتن بهێنێت، بۆ نموونە عەبادی بڕیاری دا کە هەردوو وەزارەتی کارەباو نەوت تێکەڵبکات و بکەوێتە ژێر دەستی عادل عەبدولمەهدی، هاوکات تێکەڵکردنی هەردوو وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بە پشکی حەسەن راشد لە کوتلەی بەدر، وەزارەتی بازرگانیش کە بە وەکالەت لەلایەن محەمەد شیاع سودانییەوە بەڕێوەدەچێت بدرێتە یەکێتیی هێزە سوننییەکان و بە چاودێریی محەمەد کەربولی بێت لە کوتلەی (ئەلحەل).

**●١٠ساڵ پەکخستنی پرۆسەی سیاسی و ئیداریی حکومەت**

ئەو حکومەتەی کە لەئێستادا جڵەوی حوکمی گرتۆتەدەست بەشێوەیەك پرۆسەی سیاسی و ئیداری پەکخستووە، کە چاککردنی ئەستەمە، کوردیش کە نەتەوەی دووەمە لە عێراقدا و حوکمڕانیی چوار پارێزگا دەکات، خاوەن سیستەمێکی حوکمڕانیی ئیقلیمی دیموکراسییە و لە نێو دەوڵەتاندا دانی پێدانراوە، بەڵام وا چەند ساڵە کورد دۆسیێ و کارنامەیەکی زۆری پێشکەش بە حکومەتی عێراق کردووە، کەچی وەڵام نەدراونەتەوەو بەهەند وەرنەگیراون، کاتێ حەیدەر عەبادیش هاتە سەر کورسیی حوکمڕانی بەڵێنی زۆری دا کە چارەسەری کێشەکان بکات، بەڵام هەر بەقسەو و وەك بڵێی وتەبێژی حکومەت بێت و تەنانەت یەك هەنگاویشی بۆ چارەسەرکردن نەهاویشت، بە پێچەوانەوە زۆر کێشەی دیکەشی بۆ هەرێمی کوردستان هێنایەکایەوە، بەڵام ئەوەی مایەی هەڵوەستەیە ئەوەیە کە حکومەتەکەی بەغداو خودی عەبادی تەنیا ئەو کاتە کوردیان لەبیرە کە پێویستیان پێیەتی، بە تایبەتیش بۆ گەڕاندنەوەی شارە داگیرکراوەکان کە داعش دەستی بەسەردا گرتوون، ئەوان داوا لە پێشمەرگە دەکەن هاوکاریان بکەن، کەچی بودجەی هەرێم وتەنانەت مووچەو شایستەکانی خودی پێشمەرگەش دەبڕن.

**حکومەتی عەبادی بە شێوەیەک پەرتەوازەو پارچەپارچە بووە، کە توانای ئەوەی نییە چارەسەری ئەو هەموو قەیرانانە بکات کە ساڵانێکە بەردەوام عێراق پێوەیان دەتلێتەوە، لەم هاوکێشە ئاڵۆزەشدا پەنجەی تۆمەت هەمیشە بۆ هاوبەشە سیاسییەکان رادەکێشرێت**

**کاتێ حەیدەر عەبادی هاتە سەر کورسیی حوکمڕانی بەڵێنی زۆری دا کە چارەسەری کێشەکان بکات، بەڵام هەر بەقسەو و وەک بڵێی وتەبێژی حکومەت بێت و تەنانەت یەک هەنگاویشی بۆ چارەسەرکردن نەهاویشت**



لەئێستادا گرتنەوەو ئازادکردنی شاری موسڵ لەسەر زاری سیاسەتوان و شرۆڤەکارانی شارەزایانی سەربازی بۆتە بابەتێکی رۆژانەو لێرەو لەوێ لێدوانی جیاجیا بڵاودەکرێتەوە لەسەر دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی سەربازیی بۆ گرتنەوەی شارەکە، گۆڤاری گوڵان بۆ زیاتر ئاشناکردنی خوێنەرانی بەم بابەتە هەستیارەو بەرچاوڕۆشنکردنیان، ئەم دیدارەی لەگەڵ تۆفیق یاسری شارەزای سەربازی و ستراتیژیی ئەمنیی عێراقی ئەنجام دا و لە میانی وەڵامدانەوەی پرسیارەکاندا زیاتر رۆشنایی خستە سەر ئەم پرسە گرنگە.

## تۆفیق یاسری شارەزای سەربازی و ستراتیژیی ئەمنیی عێراقی بۆ گوڵان:

# بێ بەشداریکردنی پێشمەرگەو هەماهەنگیی سەربازی ئەستەمە ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی موسڵ سەربگرێت

***قسەو باسی گەرم لە ئێستادا لەسەر گرتنەوەی شاری موسڵ و دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی سەربازییە بۆ دەرکردن و راونانی داعش لەم شارەدا، تا چەند زانیاریت لەسەر ئەم بابەتە هەیە؟**

- بەپێی زانیارییەکانی ژووری ئۆپەراسیۆنەکان گردبوونەوەیەکی کەمیی هێزی عێراقی هەیە، شان بە شانی هێزی پێشمەرگەو بەشێك لەو هێزانەی تورکیا کە هاتوونەتە ناوچەی باشیك، هاوکات هەندێ زانیاری دزەیان کردووە کە داعش دەستی کردووە بە ئامادەباشیی و هێزەکانی بۆ بەرگریکردن لە شاری موسڵ بڵاوەپێکردووە، هەروەها چەندین سەنگەری خۆقایمکردنی لێداوە و رێکاری توندوتۆڵی گرتۆتەبەر، بۆیە داعش ترسی ئەوەی لێ نیشتووە کە مەسەلەی پەلاماردانی موسڵ نزیك بۆتەوە.

*** پێتان وایە ئامادەکاریی چۆن کراوە بۆ شەڕی موسڵ و گرتنەوەی ئەم شارە؟**

- راستە ئەم شەڕە زۆر قورس و سەخت دەبێت، بەڵام مەسەلەکە سەروەریی وڵاتە, موسڵیش دووەمین گەورە پارێزگای عێراقە، لە ئێستادا ئەم شارە لە دەرەوەی شەرعییەت و سەروەری و یاسای عێراقدایە، بۆیە شتێکی ئاساییە کە هەموو ئامادەسازی و تواناو تەقەڵلایەك بخرێتە گەڕ بۆ گرتنەوەو ئازادکردنی ئەم شارە، لەبەر ئەوە لەئێستادا هەموو هەوڵی حکومەت ئامادەکردنی هێزو دانانی پلان و بەرنامەی سەربازی و ستراتیژییە بۆ دانانی کاتژمێری سفرو دەستکردن بە ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی موسڵ، دیارە ئەم هێرشەش هەر وا ئاسان نابێت، چونکە دەبێ پێشتر تۆپباران بکرێت و وەڵامدانەوەی چەکداریی داعش بێ دەنگ بکرێت، ئەوەشمان لە یاد نەچێت کە موسڵ شارێکی قەرەباڵغەو ژمارەی دانیشتووانەکەی لە ملیۆنێك زیاترە، هاوکات هێرشی راستەوخۆ بۆ سەر شارەکە بێ ئەوەی گورزی ئاسمانی لە بنکەو مۆڵگەکانی داعش بدرێت زیانێکی زۆر نەك هەر بە هێزەکانی عێراق دەگەیەنێت بەڵکو خەڵکە سڤیل و بێ دەسەڵاتەکەی ئەم شارەش لەناودەچن، دیارە داعشیش حیسابی خۆی دەکات و لەهەموو شوێنێك هێزەکانی خۆی دابەش دەکات کە زیانی زۆری بەدوادا دێت.

*** باستان لە خەڵکی شارەکە کرد، ئایا هیچ پلان یان بەرنامەیەك لەئارادایە بۆ پارێزگاریکردن لە گیانی ئەو هاووڵاتییانە، هیچ میکانیزمێك هەیە تاکو کارەساتی مرۆیی روونەدات؟**

- ئەمە شتێکی زەحمەت دەبێت، چونکە لەو حاڵەتەدا داعش هێزەکانی خۆی دابەش دەکات، دەروازەی هاتنە ناوو دەرچوونی شارەکە کۆنترۆڵ دەکات و بازگە دادەنێت و خەڵکەکەش ناتوانن لەلایەن هێزەکانی عێراقییەوە بواری رزگاربوونیان بۆ دابین بکرێت، لێرەدا کارەساتی

مرۆیی دێتە ئاراوەو قوربانی گیانیی لێدەکەوێتەوە. دەکرێ هەندێ هێز بە فڕۆکە لە دەوروبەرو گەڕەکەکانی شارەکە دابەزێنرێن تاکو ڕێگە بۆ خەڵکە مەدەنییەکە بکەنەوە، بەڵام ئەوەش سەرکێشییەو توانا و پلانی پێویستە، بەڵام لە هەمان کاتدا پێموایە دەکرێ لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداریی نێوان هێزەکانی عێراقی و داعشدا خەڵکانێك بتوانن دەرچەیەك یان دەروازەیەك بدۆزنەوەو خۆیان رزگاربکەن و لە شارەکە بێنە دەرەوە.

*** لە شەڕی گرتنەوەی ڕەمادیدا سوپاو میلیشیاکان بەشدارییان کرد، ئایا دەکرێت سوود لەو هەڵانە وەربگیرێت کە لە گرتنەوەی موسڵ دووبارە نەبنەوە؟**

- بە دڵنیاییەوە، شتێکی ئاساییە کە فەرماندە سەربازییەکان لە دوای هەموو هێرش و شەڕێك پلان و بەرنامەی دیکە بۆ شەڕی دواتر دادەنێت، چونکە دوژمنەکە هەمان دوژمنە، سەربازو جەنگاوەری عێراقی هەر خۆیانن، ئەو چەکانەی لای هەردوو لاش هەمان چەکن، هێزی ئاسمانی عێراقیش هەر خۆیەتی، بەڵام ڕەنگە سروشتی جوگرافیی ناوچەکە جیاوازیی هەبێت، ئەوەی نەینەوا چیاو گردۆلکەو دۆڵ و شتی دیکەی جیاوازە لەگەڵ ئەنبار، ئەوێ دەشتاییەو بیابانەو سروشتی شەڕکردن دەگۆڕێت، هاوکات ڕەنگە سروشتی ئەم هێرشانە لە ڕووی توانای تەکنیکی و ئامێرو پێداویستیی سەربازی جیاوازتر بێت و توانای زیاتری بوێت تاکو پلانەکە سەربکەوێت.

*** ئای لەو باوەڕەدان کە پڕۆسەی گرتەنوەی موسڵ نزیك بوویێتەوە؟**

- لە زۆر سەرچاوەو زاری بەرپرسانی سەربازی و سیاسیی عێراقی باس ئەوە دەکرێت کە نزیك بۆتەوە، بەڵام دیار نییە دوای مانگێکە، دووانە، سێ مانگە، کۆتایی ئەم ساڵە، دیار نییە، بەڵام وەك ڕاوبۆچوونی تاکە کەسیی خۆم، من هیچ بەڵگەو ئاماژەو دەستپێشخەرییەك بەدی ناکەم، کە بیسەلمێنن ئەو هێرشە بەم زوانە دەکرێت، چونکە هەروەکو پێشتر گوتم مەسەلەی گرتنەوەی موسڵ زۆر زەحمەت و ئاڵۆزە.

*** کەواتە بەڵگەو ئاماژەکانی ئەو هێرشە چین؟**

- ئاساییە، بەر لە هەر ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی، پێویستە گردبوونەوەی هێز لەئارادابێت، واتا گردبوونەوەی سەربازی یان ئیداری هەبێت، هاوکات پێداویستییەکانی سەرجەم ئەو یەکە سەربازییانەی کە هێرشیان پێ دەکرێت، ئەمە وێڕای پلان و بەرنامەی سەربازی کە دەبێ زۆر نهێنی بن، بۆیە ناکرێ وردەکاریی تەواوی ئەو پلانە سەربازییانە ئاشکرابکرێن، ئەوە پێویستی بەوە هەیە چۆن هێزەکان دابەش دەکرێن و لە کام بەرە یان شوێنەوە دەست پێدەکرێت، هەماهەنگیی نێوان فەرماندە سەربازییەکان و هاوکاریکردن بۆ هێرش کردنە سەر فلانە خاڵ و فلانە تەوەرە چۆن دەبێت، ئەم شتانە هەموویان پێویستییان بە پلان و ڕێککەوتن هەیە.

دیارە ئەو هەموو هێماو ئاماژانە، دەکرێ لە خەڵکی ئاساییەوە بزانرێت چونکە ئاکارو شێوازی نیازی هەرش کردن پێشتر لای خەڵکەکە روون دەبێتەوە، تەنانەت لای ڕەتڵی پێنجەم دەزانرێ ئەو خۆئامادەکردنە بۆچییەو خەریکە پلانەکە تەواودەکرێت بۆ هێرش کردنە سەر شاری موسڵ.

*** پێشبینی چی دەکەن بەوەی کە کام هێزو کێ بەشداریی ئۆپەراسیۆنی موسڵ دەکات، ئایا پێتانوایە سەرکەوتن بەدەست دێنێت؟**

- ئەمە پشت بە سروشت و چۆنێتیی پلانەکەو هاوکاریی دەبەستێت، من پێموایە بێ بەشداریکردنی هێزی پێشمەرگە سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت شان بەشانی هێزی سەربازی و هێزە ئەمنییەکانی عێراق ناتوانرێت ئەم پلانە سەربگرێت و موسڵ رزگاربکرێت، وا بزانم ئێستا لە هەرێمی کوردستان ژووری هاوبەشی ئۆپەراسیۆن دامەزراوە، کە لە ئێستادا سەرقاڵی دانانی پلانە بۆ دەستپێکردنی ئەم هێرشە، بۆیە پێویستە هەوڵی هاوبەش هەبێت، هەروەها گردبوونەوەی تەواوی هێزەکان ئامادەبکرێت، تەنانەت بە بەشداریی چەکدارانی خەڵکی نەینەوا کە لە ئێستادا مەشق و ڕاهێنان دەکەن، کە پێویستە ئەوانیش بەشداریی پێ بکرێن چونکە خۆیان خەڵکی پارێزگاکەن و بەلایانەوە زۆر گرنگە، کە پێموایە مەشقەکانیان زۆری نەماوەو هەموویان پڕچەك دەکرێن و ئامادە دەکرێن بۆ بەشداریکردن لەم ئۆپەراسیۆنە گرنگەدا، هەرچەندە زیان لە هەردوو لا دەکەوێتەوە، بەڵام ئەگەر ئیدارەیەکی سەرکەوتوو هەبێت دەتوانرێت ئەو شارە رزگاربکرێت.

*** ئایا دانانی ئەو هێزانەی کە بە نیازی گرتنەوەی موسڵن، چ جۆرێکن، ئایا پەیوەستە بە شارەزایی یان هۆکاری دیکەوە؟**


- ئەوانەی بەشداری دەکەن لە ئەستێرەیەکی دیکەوە نەهاتوون، شارەزای کەشوهەواو بەرزونزمیی و سروشتی ناوچەکەن، هاوکات دوژمن ناسراوە بە هەموو توانای سەربازی و میکانیزم و پلانەکانییەوە، پێشتر زانراوە پلان وبەرنامەی شەڕیان چۆن بووە، ئەمە وێڕای ئەوەی کە هەموومان زانیاریمان دەربارەی چەك و تەقەمەنی و پێکهاتەکانی هەیە، هەروەها خەڵکی ناوچەکە کە بەشداری دەکەن ئەوان بەر لە هەموو کەسێك بە سروشت و کەشوهەواو خاکی دەڤەرەکە ئاشنان، بۆ زانیاریشتان دوژمن( داعش) چەکی ئاسمانی و فڕۆکەی نییە، بۆیە هێزی ئاسمانیی هۆکارێکی سەرەکییە بۆ سەرکەوتن لەو شەڕەدا، لەکۆتاییدا ئەوە دووبارە دەکەمەوە کە ئەگەر هەماهەنگی و هاوکارییەکی پتەو هەبێت، شان بە شانی هێزی ئاسمانی و بەشداریکردنی هەموو هێزەکان و دابینکردنی چەك و تەقەمەنیی پێویست دەتوانرێت ئەم ئۆپەراسیۆنە سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و شاری موسڵ رزگاربکرێت.

**لەئێستادا هەموو هەوڵی حکومەت ئامادەکردنی هێزو دانانی پلان و بەرنامەی سەربازی و ستراتیژییە بۆ دانانی کاتژمێری سفرو دەستکردن بە ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی موسڵ**

**هێرشی ڕاستەوخۆ بۆ سەر شارەکە بێ ئەوەی گورزی ئاسمانی لە بنکەو مۆڵگەکانی داعش بدرێت زیانێکی زۆر نەک هەر بە هێزەکانی عێراق دەگەیەنێت بەڵکو خەڵکە سڤیل و بێ دەسەڵاتەکەی ئەم شارەش لەناودەچن**

**لە هەرێمی کوردستاندا ژووری هاوبەشی ئۆپەراسیۆن دامەزراوە، کە سەرقاڵی دانانی پلانە بۆ دەستپێکردنی ئەم هێرشە، بۆیە پێویستە هەوڵی هاوبەش هەبێت، هەروەها گردبوونەوەی تەواوی هێزەکانیش ئامادەبکرێت**

**ئەگەر هەماهەنگی و هاوکارییەکی پتەو هەبێت، شان بە شانی هێزی ئاسمانی و بەشداریکردنی هەموو هێزەکان و دابینکردنی چەک و تەقەمەنیی پێویست دەتوانرێت شاری موسڵ رزگاربکرێت**



گۆڕانکارییەکان هەموو هێزە ئیقلیمییەکانی خستۆتە جووڵە، هەریەك لەو هێزانە لە هەوڵی ئەوەدایە هەژموونی خۆی بە سەر رووداوەکاندا بسەپێنێت، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەناو کێشەگەلێکی ئاڵۆز و بێ چارەسەردا بەرەو داهاتوویەکی نادیار هەنگاو هەڵدەگرێت، لەناو ئەم گۆڕانکارییانەدا کورد بۆتە یەکێك لە توخمەکانی ئەم هاوکێشەیە. بۆ قەسەکردن لەسەر ئەم بارودۆخە ئەم وتووێژەمان لەگەڵ پرۆفیسۆر جۆزیف ئۆلمەرت ئوستادی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و تایبەتمەند لەسەر دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی ئەمریکا لە واشنتۆن ئەنجامدا و بەمجۆرە رایەکانی خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.

**جۆزێف ئۆلمێرت** بەڕێوەبەری دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی ئەمریکا لە واشنتۆن بۆ گوڵان:

# ئیسرائیل لە هەوڵی چەسپاندنی هاوپەیمانییەکی ستراتیژییە لەگەڵ میسر و درووستکردنی پێوەندی نهێنی لەگەڵ سعودیە و دەوڵەتانی کەنداودا

*** رەوشی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە توندوتیژی و پشێوی تەواو و داڕووخان دەناسرێتەوە بە ڕادەیەك کە تەنانەت هەندێك پێیانوایە باری ئێستایەك نییە بپارێزرێت، کەواتە چۆن رەوشی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لێکدەدەیتەوە؟**

- نیزامی هەرێمایەتی پاش قۆناغی سەربەخۆیی، بەڕاستی کۆتایی هاتووە، ئەوەی ئێستا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا روودەدات، داڕووخانی بەشە سەرەکییەکانە. گەورە کۆچکردوو فوئاد عەجەمی بارودۆخی نالەباری عەرەبی لە دەیەکانی پێشوودا باسکردووە، بەڵام ئەمەی ئێستا بارودۆخێکی زۆر نالەبارترە و لێکەوتەی جیهانیشی هەیە، لەبەر ئەوەی ئێستا کێشەی پەنابەرانیش هەیە. چوار دەوڵەت لێرەدا وەك یەمەن و لیبیا و عێراق و سووریا دەوڵەتی شکستخواردوون و ئەوانی تریشی لە سەر لێواری ئەوەن بەهەمان شێوەیان لێ بێت. کێشەی سەرەکی مەسەلە تایفەییەکان و بێتوانایییە لە چارەسەرکردنیدا بە شێوەیەکی دیموکراتییانە، هەروەها گرنگی میراتییەکانی مێژوویەکی درێژ لە رق و کینە و ناکۆکییە. هەموو ئەو ئایدیۆلۆژییانەی تاقیکراونەتەوە شکستیان هێناوە، جا چ سۆشیالیزمی عەرەبی، یان پان عەرەبیزم بێت. لە بارودۆخێکی ئاوادا خەڵك هەوڵدەدات پەنابەرێتە بەر ئاستە سەرەتاییەکانی هاوکاری کۆمەڵایەتی و ئایین. تەیاری ئیسلامی وەك چارەسەرێك بۆ ماوەیەکی کەم لە میسر تاقیکرایەوە لە ژێر دەستی محەمەد مورسی و ئەویش بەخراپی شکستی هێنا. ئەو بیرۆکەیەی کە سەقامگیریی سیاسی مەرجی سەرەکی سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە تێکدراوە، لەبەر ئەوەی سەقامگیریی بەبێ رەوایەتی بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوام نابێت، هەرچەندە بۆ ماوەیەکی درێژیش سەرکەوتوو بێت.

**• یەکێك لە خەسڵەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەمانی نیزامە، ئەوەی مەسەلەکانی خراپتر کردووە، ئەوەیە هەوڵێکی**

**جددی نییە بۆ گەڕانەوەی ئەم نیزامە بۆ شوێنی خۆی، ئایا ئەم لێکدانەوەیە دروستە؟**

- ئەمریکا لە ژێر دەسەڵاتی سەرۆك ئۆباما-دا لەیەکترازاوە، بەڵام ڕەنگە شتەکان لە ماوەی ساڵێکدا بگۆڕێت. ڕاستییەکە ئەوەیە ئەمریکا زۆر بە خراپی لە داگیرکردنی عێراقدا لە ٢٠٠٣دا شکستی هێنا و ئەم شکستە بووە هۆی هێنانە کایەی گۆڕانکاری لە تێگەیشتنی ڕای گشتی ئەمریکا سەبارەت بە ڕۆڵی ئەمریکا لە سیاسەتی جیهانیدا. هەرچەندە لە ڕووی نەریتییەوە بە پێویست دەرنەبڕاوە، بەڵام سیاسەتی گۆشەگیری هاتەوە ڕیزی پێشەوەی گوتاری سیاسی و گشتی لە ئەمریکادا. با ڕاستگۆ بین سەبارەت بەمە، ئەو پرسیارە بنەڕەتییەی کە لە شکستی ئەمریکا لە عێراق هاتەئاراوە، ڕەگی لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدایە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی عوسمانییەکان. ئایا هێزێکی بیانی چەند بەهێز بێت، دەتوانێت سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی باش دامەزراو ناچار بە گۆڕان بکات لە ناوەوە؟ ئەمە پرسیارێکی گەورەیە و من پێموایە گۆڕانی ڕاستەقینە تەنیا لەناو کۆمەڵگەکان خۆیاندا ڕوو دەدات و کاریگەری دەخەنە سەرخۆیان، بەڵام وڵاتانی عەرەبی زۆر لاوازترن لەوەی ئەمە بکەن، بۆیە من گەشبین نیم، لەوانەیە میسر لە ژێر دەسەڵاتی سیسی-دا بتوانێت ئەمە بکات، بەڵام چاوەڕێ دەکەین بزانین چی دەکات.

**• لەم دواییانەدا ناکۆکی لە نێوان سعودیە و ئێراندا سەریهەڵداوە، بەڵام ئەم ناکۆکییە ڕەهەندێکی تایفەیی هەیە و سەرتاپای ناوچەکەیان کردووەتە مەیدانی جیۆپۆلیتیکی خۆیان بۆ شەڕ، ئایا ئەنجامە مەترسیدارەکانی ئەم جەنگە تایفەییە لە ناوچەکەدا چییە؟**

- سعودیە و ئێران لەپێکدادانداندان، لەبەر ئەوەی ئەم دوو سیستەمە نوێنەرایەتی دوو کۆڵەکەی سەرەکی جیهانی ئیسلامی دەکەن، کە ئەویش سوننە و شیعەیە. لەلایەکی ترەوە وادەردەکەوێت. ئەو جەختکردنەوەی ئێران بە ڕێککەوتنی ئەتۆمی ئێران و ئەمریکا زیاتر بووبێت و ئەمەش وایکردووە سعودیە واهەست بکات لەلایەن ئەمریکاوە دەستخەڕۆکراوە، هەروەها گرنگە بزانین کە سعودیە کەمینەیەکی شیعە هەیە و دەترسێت لە دروستبوونی هیلالی شیعە هێشتا سعودیە و ئێران سامانی نەوتیان هەیە، بەڵام ئەمە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بەردەوام نابێت، لەبەر دابەزینی نرخی نەوت و کەمبوونەوەی لەسەرخۆی ئیعتمادی جیهان بە نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. من خۆزگە دەخوازم سعودیە بگاتە ئاستی ئێران، بەڵام زۆر بە هێزی سەربازی سعودیە سەرسامم و لە هەڕەشەکانی دەستێوەردانیان لە سووریادا خۆشحاڵ نیم. هەرچەندە زۆر سەرسام نیم بە دەسەڵاتی سەربازی ئێران، بەڵام لە هی سعودیە باشترن.

**• ئەوەی هەموو لایەك لە ناوچەکەدا لێی دەترسێت، بڵاوبونەوەی ئەم ڕەوشەیە و هیچ وڵاتێك لە ناوچەکەدا ناتوانێت خۆی لێ بەدوور بگرێت، کەواتە دەتوانین پێشبینی ڕۆڵی ئیسرائیل بکەین بۆ گەڕانەوەی نیزام بۆ ناوچەکە؟**

- ئیسرائیل ناتوانێت ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە کە بەهۆی ڕووداوەکانی ئەم دواییە لە وڵاتانی عەرەبی دروست بووە. ئیسرائیل بە چەسپاندنی هاوپەیمانی ستراتیژیی ڕانەگەیەنراو لەگەڵ میسر پێوەندییە هەرێمایەتییەکانی فراوان دەکات و ئاشتی لەگەڵ ئەردەن-دا دەپارێزێت و پێوەندی نەرێنی و گرنگ لەگەڵ سعودیە و وڵاتانی تری کەنداو دروست دەکات، تەنیا هۆکاری هاوبەش هەڕەشەی هاوبەشی ئێرانە. لە هەمان کاتدا ئیسرائیلییەکان هێڵی سووری ڕانەگەیەندراویان لە سووریا و لوبنان درووست کردووە، بە مەبەستی ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی شەڕەکە بۆ ناوچەکانی خۆی. بۆیە بارودۆخەکە زۆر نائارامە. ئیسرائیلییەکان دۆزینەوە نوێیەکانیان لە بواری وزەدا بەکاردێنن بۆ فراوانکردن و زیادکردنی پێوەندییەکانیان لە دەریای ناوەڕاستدا، بەم زووانەش پێوەندییەکانیان لەگەڵ تورکیادا دەگەڕێننەوە، ئەمەش لە پێگەی لاوازییەوە ناکەن. ڕژێمی ئەردۆگان لە ئێستادا پێوەندییەکی لاوازە، بۆیە هێشتا ئیسرائیل پێویستە زیاتر هەوڵ بدات، بەتایبەتی بە پاڵپشتی کوردەکان بێ گوێدانە نارەزاییەکانی سوڵتانە بچووکەکە لە ئەنقەرە.

**• وەك دەزانی تیرۆریزم کاریگەری خستووەتە سەر هەموو لایەك لە ناوچەکەدا و داعش بووەتە هەڕەشە بۆ هەمووان، بەڵام یەکێك لەو هێزانەی کە توانیویەتی بەرپەرچی ئەمە بداتەوە، بە شێوەیەکی باش هێزی پێشمەرگەی کوردستانە، بەڵام لە ئێستادا هەرێمی کوردستان بەدەست قەیرانێکی دارایی ترسناکەوە دەناڵێنێت و ڕەنگە ئەمە کاربکاتە سەر شەڕکردنی هێزەکانی پێشمەرگە لە دژی داعش، پێتوا نییە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەرکێکی ئەخلاقی و سیاسی لە سەرشانە بۆ یارمەتیدانی پێشمەرگە لەم بارودۆخە ناخۆشەدا؟**


- ئەوە ئاشکرایە من پاڵپشتیکارێکی گەورەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردم و سەرسامم بە پێشمەرگە. بەڵام پێموایە تەناقوزێکی زۆر هەیە لە نێوان لێدوانە فەرمییەکانی ئەمریکا سەبارەت بە پێویستی یارمەتی برا کوردەکان و ئەو پاڵپشتییە ڕاستەقینەیەی کە کراوە. جێگەی سەرسوڕمان نییە گەر بگەڕێینەوە بۆ خۆشحاڵی ئۆباما لەگەڵ تورکیادا وەك هۆکاری سەرەکی ئەو تەناقوزە. هەندێك لە کۆمارییەکان بە توندی دژی ئەو سیاسەتەن، بەڵام تەنیا قسە بەس نییە بۆ هاوڕێ کوردەکانم، ئەگەر هیچ شتێك نەگۆڕێت، کاتێك کۆمارییەکان جێی ئۆباما دەگرنەوە، ئەمەش ئەگەرێکی گەورەیە. هەروەها ئامۆژگاری کوردەکان دەکەم کە زۆر متمانە بە ڕووسەکان نەکەن، چونکە ئەمە خەباتێکی دوور و درێژە بۆ بەدیهێنانی ئاواتە ڕەواکانی کورد، دەبێت زیاتر پشت بە یەکڕیزی خۆیان ببەستن. من تەنیا دەتوانم هیوا بخوازم ئەو ڕۆژە دێت کە دەوڵەتی کوردستانی سەربەخۆی یەکگرتوو ببینین.

**سعودیە و ئێران لەپێکداداندان، لەبەر ئەوەی ئەم دوو سیستەمە نوێنەرایەتی دوو کۆڵەکەی سەرەکی جیهانی ئیسلامی دەکەن**

**ئامۆژگاری کوردەکان دەکەم کە زۆر متمانە بە ڕووسەکان نەکەن، چونکە ئەمە خەباتێکی دوور و درێژە بۆ بەدیهێنانی ئاواتە ڕەواکانی کورد، دەبێت زیاتر پشت بە یەکڕیزی خۆیان ببەستن**

**هیشام ئەحمەد** تایبەتمەند لە سیاسەتی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست:

# ئاژاوە و ناسەقامگیری و نەمانی سیستەمی دەوڵەت، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی وەک سەدە تاریکەکانی ئەوروپا لێکردووە



**بەشێکی زۆر لە چاودێران بارودۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ماوەکانی شەڕی ٣٠ ساڵەی ئایینی ئەوروپا دەچوێنن، بەشێکی دیکە پێیانوایە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گەڕاوەتەوە بۆ سەردەمی سەدە تاریکەکانی پێش ڕۆشنگەری و شۆڕشی پیشەسازی، ئەمەش بەو مانایە دێت کە چاوەڕێی هیچ شتێکی باش لە ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناکرێت، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم ڕەوشە ئاڵۆزە ئەم وتووێژەمان لەگەڵ پرۆفیسۆر هیشام ئەحمەد ئوستادی زانستی سیاسیەت لە زانکۆی سانت مارین لە کالیفۆرینا ئەنجامدا و بەمجۆرە بۆچوونەکانی خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

*** ڕەوشی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە توندوتیژی و پشێوی تەواو و داڕووخان دەناسرێتەوە، بە ڕادەیەك کە تەنانەت هەندێك پێیانوایە باری ئێستا ناپارێزرێت، کەواتە چۆن ڕەوشی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لێکدەدیتەوە؟**

- ڕەوشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە شێوەیەك تێکچووە کە ناوچەکە سەرتاپای پڕبووە لە توندوتیژی و بێهیوایی و گەندەڵی و نائومێدی، کاتێك لە ئێستادا سەیری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەم و ئەو کوشتارەی بەڕێوەدەچێت لەگەڵ داڕووخانی دەوڵەتدا و هەموو ئەو ئاوارانەی کە لە هەموو گروپە نەژادییەکان و ئایینییەکانی تێدایە، ئەوا بە سەردەمە تاریکەکانی ئەوروپای بەراورد دەکەم، بەشێوەیەك وام لێدەکات بڵێم سەرتاپای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە سەردەمە تاریکەکانیدا تێدەپەڕێت و بەجێماوە لە شارستانیەتی جیهانی و شۆڕشی پیشەسازی، ڕاستییەکەش ئەوەیە قوربانی سەرەکی لە هەموو ئەمانەدا ڕاستی خۆیەتی، بەمانایەکی دی، ناوچەکە بە ڕادەیەك تاریك بووە کە تەنانەت باشترین شارەزاش ناتوانێت پێشبینی بکات، ناوچەکە بەرەو کوێ دەڕوات و ناتوانن پێشبینی ژیرانەی داهاتوو بکەن، بۆیە ڕاستی بووەتە قوربانی سەرەکی و لەگەڵ خۆشیدا بەداخەوە خوێنڕشتن و کوشتارێکی زۆری هێناوە. ڕاستییەکی زۆر ناخۆشە لەبەر ئەوەی باسی ناوچەیەك دەکەین لە هەندێك کاتدا بەشدارییەکی زۆری کردووە لە جیهاندا و زۆریشی هەیە پێشکەشی بکات، بەو هەموو سەرچاوە مرۆیی و سەرچاوە سروشتی و پێگە ستراتیژییەی کە هەیەتی دەتوانێت ببێت بە ناوچەیەکی سەرەکی لە سەرتاسەری جیهاندا، بەڵام بەداخەوە لە ئەمڕۆدا حاڵەتەکە بەم شێوەیە نییە و گەر سەیری نەخشەی سیاسی جیهان بکەین، تەواو بەپێچەوانەوەیە و دەبینین بڕیاردەرانی سیاسی و ڕای گشتی لە سەرتاسەری جیهاندا خەریکن بەوەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕوودەدات. زۆر جێگەی داخە دەبینین لاوان بێهیوا و بێئومێدن و دەکوژرێن و ئاوارە دەبن و هەموو ڕۆژێك پەنابەران دەبینین لە دەریاکاندا دەخنکێن، یان بەپێ دەڕۆن تا بگەنە وڵاتانی ئەوروپا و بە چیاکانی عێراق و بیابانەکانی سووریادا پەرتەوازە بوون، بارودۆخەکە زۆر تاریکە، بەڵام من خۆم لە سروشتدا گەشبینم و بەمانایەکی دیکە پێموایە سەرەڕای نەهامەتییەکان و بارودۆخە نالەبارەکە، من ئومێدم هەیە کە ئەم ڕەوشە تاسەر نییە و تاسەر نابێت، بەڵام تا زوو باشتر بێت، باشترە و دەبێت هەموو تێبگەن ڕێگەیەك هەیە بۆ دەربازبوون و پێکەوەژیان و هەموو هەوڵەکان کۆبکرێتەوە نەك بەلادا ببرێت، بۆ ئەوەی ئەم ناوچەیە بەلانی کەمەوە بۆ خەڵکەکەی خۆی پێشوازیکەر بێت و لە خۆیان بگرێت.

*** یەکێك لە خەسڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەمانی نیزامە، ئەوەی مەسەلەکانی خراپتر کردووە، ئەوەیە هەوڵێکی جددی نییە بۆ گەڕانەوەی ئەم نیزامە بۆ شوێنی خۆی، ئایا ئەم لێکدانەوەیە دروستە؟**

- من پێموایە بەڕاستی نیزام لە ناوچەکەدا نەماوە، نە نیزامی هەرێمی و نە دەوڵەتی. گەر لەگەڵ خۆمان ڕاستگۆ بین لە ناوچەکەدا هیچ نیزامێك نەماوە، دەوڵەتی، ناوچەیی، ناوخۆیی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، یاسایی و ئەمەش زۆر مەترسیدارە. سیستەمی دەوڵەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆ ماوەی پێنج ساڵە لە ژێر هەڕەشەدایە لەلایەن هێزە دەرەکییەکانەوە، هەروەها بەهۆی ئەو شەڕانەی کە لە ناوچەکەدا ڕوویانداوە لە عێراق و سووریا. گەر بە فراوانی باسی بکەین، هەموو دەزانین کە ئەو سیستەمە دەوڵەتییەی ئێستا هەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەرهەمی سەد ساڵ لەمەو پێشە، واتا لە سایکس پیکۆ-وە کە سنوورەکان بە شێوەیەکی دەستکرد کێشراون، لە پرۆسەیەکدا کە دڵنیایی داوە بە شەڕ و ناکۆکی، بەڵام ناکۆکی و کێشە هەبووە لە نێوان دەوڵەتانی دراوسێدا، بەڵام ئەم کێشانە کەمن لەچاو ئەو کێشانەی لەناو دەوڵەتەکاندا هەبوون، ئەوەی سایکس پیکۆ

حیسابی بۆ نەکردبوو، ئەو کێشانەن کە لەناو سیستەمی دەوڵەتان خۆیاندا هەیە، بۆیە ئەدەبیاتێك هەیە لە رۆژئاوا کە دەڵێت سیستەمی دەوڵەتی نەتەوە کۆتایی هاتووە، بەڵام ئەم ئەدەبیاتە تەواو جیاوازە لەوەی کە لە ناوچەکەدا روودەدات، لە راستیدا دەڵێن کاتێك سیستەمی دەوڵەتی نەما، ئەوا بە سیسیتەمێکی باشتر جێی دەگیرێتەوە، لەلایەکی ترەوە ئەوەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا روودەدات بە تەواوی پێچەوانەکەیەتی و دەبینین کە سیستەمی دەوڵەتی نامێنێت، چەندین رێگری دروست کردووە و دەوڵەتی شکستخواردووی هێناوەتە ئاراوە، واتە دەوڵەتێك کە ناتوانێت سەرەکیترین پێویستییەکان دابین بکات بۆ هاووڵاتیانی وەك سەقامگیری و ئاسایش و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی و تادوایی، لە راستیدا بەداخەوە زۆربەی دەوڵەتانی ناوچەکە دەوڵەتی شکستخواردوون، ئەمەش ئاراستەیەکی زۆر مەترسیداری دروستکردووە بۆ لێکهەڵوەشان و شەڕی ناوخۆیی، بۆ نموونە لیبیا و سووریا و تا رادەیەکیش لە عێراق، هەروەها ئەوەی خەریکە روودەدات لە میسر و دەتوانین بڵێین هەندێك لە وڵاتانی کەنداو، بۆیە لاوازی دەوڵەتان بە سەرهەڵدانی گروپی جیاواز و رێکخراوی جیاواز تەعویز دەدرێتەوە، کە هەر یەکیان هەوڵدەدات بۆ خۆی شەڕ بکات و پێویستی پێکهاتەکانی بەدی بێنێت لە ناو دەوڵەتدا، ئەمەش چەندین ناکۆکی و بەرژەوەندی و گرژی و شەڕی دروستکردووە کە لە زۆر وڵاتدا دەیبینین، بۆیە رێگە بۆ دەربازبوون لەمە کەمە و پێموایە زۆر گرنگە، دەبێت هەموو کەس بزانێت کە سەلامەتی نایەتەدی بەوەی هەر گروپێك بۆخۆی هەوڵبدات، بەڵکو بە دروستکردنی هارمۆنی لە نێوان بەرژەوەندی گروپە جیاوازەکان بۆ بەرژەوەندی سەرتاپای خەڵك هەم لەسەرئاستی دەوڵەتی و هەم لەسەر ئاستی هەرێمایەتی بەگشتی دێتەدی. بەداخەوە لەسەر بنەمای ئەو توێژینەوانەی کراون، ئەو شەڕانەی کە لەناو دەوڵەتەکاندا هەن، هێند ئاڵۆزبوون، بەداخەوە ناوەستێنرێن و کوشتاری زۆری هێناوە و زیانی زۆری بە کۆمەڵگە گەیاندووە. بەڕاستی چارەسەرەکە لە ناوچەکە خۆیدایە و ئەمریکا دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بەوەی وا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکات، بڕیارێك بدەن بۆ قەیرانی سووریا، بەڵام پێکهاتەکانی ئەم چارەسەرە لە ناوچەکە خۆیدایە وەك دەڵێن دەتوانێت ئەسپەکە بەریتە لای ئاوەکەوە، بەڵام ناتوانیت وای لێبکەیت ئاو بخواتەوە.

*** لەم دواییانەدا ناکۆکی لە نێوان سعودیە و ئێراندا سەریهەڵداوە، بەڵام ئەم ناکۆکییە رەهەندێکی تایفیی هەیە و سەرتاپای ناوچەکەیان کردووەتە مەیدانی جیۆپۆلیتیکی خۆیان بۆ شەڕ، بەڕای تۆ ئەنجامە مەترسیدارەکانی ئەم جەنگە تایفەییە لە ناوچەکەدا چییە؟**

- هاوڕام بە تەواوی لەگەڵ بۆچوونەکەتدا، ئەمە مەترسیدارترین شەڕی بەوەکالەتە لە ناوچەکەدا، واتە هەموو ناوچەکە بە شەڕی تایفەییەوە خەریك کراوە، من سوپاست دەکەم بۆ ئەم پرسیارە، لەبەر ئەوەی کاتێك بەراوردی ناوچەکەم لە ئێستادا بە سەردەمە تاریکەکانی ئەورووپا کرد لەبەر ئەم جەنگە تایفەییە بوو. تایفەگەری خەڵك وا لێدەکات راستیەکان نەبینن و تەنیا لە دەوری بیرکردنەوەی تەسکی تایفەیی کۆببنەوە، ئەمەش بە تەواوی بێمانایە لە رووی عەقڵییەوە، بەڵام جیاوازی و شەڕیشی هێناوە و کاتێك تایفەگەری هاتە ناو کۆمەڵگەوە، ئەوا ئە کۆمەڵگەیە دابەشدەکات و پێموایە دەبێت خەڵك بزانێت کە رێگەی چارەسەر بە تایفەگەری نییە و پێچەوانەکەی راستە و مرۆڤ دەبێت بێ لەبەرچاوگرتنی ئایین و نەژاد و بیرکردنەوەی سەیر بکرێت، بۆیە هیوادارم لە ئێستادا خەڵك بگاتە ئەوەی کە یەکێك لە سەرەکیترین کێشەکانی ناوچەکە لەم ساڵانەی دواییدا جووڵاندنی هەستی تایفەگەری بووە. ئەمەش بەدڵنیایەوە کاریگەرییەکانی تەنانەت لە ناوچەکە زیاتریش رۆیشتووە، وەك دەبینین سەدان هەزار کەس بە لێشاو بەرەو ئەورووپا دەڕۆن، پێموایە هەموو وڵاتانی ناوچەکە بەرپرسیارن و دەبێت جیاوازییەکانیان بەم شێوەیە زەق نەکەنەوە کە کاریگەری خستووەتە سەر هەر تاکێك لە ناوچەکەدا، پێموایە جیاوازی شتێکی ئاساییە، بەڵام نابێت بەم شێوەی لێبێت و رێگەی دیکە هەیە بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان وەك رێگەی دیپلۆماسی و دەبێت هەموو لەسەر مێزێك کۆببنەوە و لێرەدا بەراوردی دەکەم بەوەی کە هەمووان لە بەلەمێکدان و ئەگەر ئەو بەلەمە شتێکی لێبێت، هەموو نوقم دەبن، ئێمە لە چاخەکانی ناوەڕاستدا ناژین، بەڵکو لە سەدەی بیستویەکمداین و ئەگەر یەکێك لە ریاز هەڵامەتێك بگرێت، کاردەکاتە سەر کەسێك لە هەولێر، بۆیە کەس ناتوانێت خۆی جیابکاتەوە، ناوچەکەش تا رادەیەك بچووکە و لە راستیدا یەکێك لەو هۆکارانەی کە وایکردووە کێشەی زۆر هەبێت لە ناوچەکەدا ئەوەیە گروپە جیاوازەکان هەوڵدەدەن دەستبەسەر ئەوانی تردا بگرن، هەندێکیش هەوڵدەدەن بە تەواوی گروپەکانی دیکە داببڕن لە ژیانی سیاسی، ئەمەش کێشەکەیە، واتە وەلاوەخستن کێشە دروست دەکات.

*** وەك دەزانی تیرۆریزم کاریگەری خستووەتە سەر هەموو لایەك لە ناوچەکەدا و داعش بووەتە هەڕەشە بۆ هەمووان، بەڵام یەکێك لەو هێزانەی کە توانیویەتی بەرپەرچی ئەمە بداتەوە بە شێوەیەکی باش هێزی پێشمەرگەی کوردستانە، بەڵام لە ئێستادا هەرێمی کوردستان بە دەست قەیرانێکی دارایی ترسناکەوە دەناڵێنێت و رەنگە ئەمە کاربکاتە سەر شەڕکردنی هێزەکانی پێشمەرگە لە دژی داعش، پێتوانییە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەرکێکی ئەخلاقی و سیاسی لەسەرشانە بۆ یارمەتیدانی پێشمەرگە لەم بارودۆخە ناخۆشەدا؟**

- من بۆ خۆم هەمیشە رێزم هەبووە بۆ بەرەنگارییەکانی کۆمەڵگەی کوردی و خەڵکێکی زۆر بەخشندەن و لە ماوەی ژیانی خۆمدا بە چەندین کورد ئاشنا بووم و بەگشتی کوردەکان زۆر گەرموگوڕ و ئازا و متمانەیان بە خۆیان هەیە و بۆیە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەرکێکی یاسایی و ئەخلاقییان لەسەر شانە بۆ یارمەتیدانی کوردان، نەك هەر بۆ ئەم چەند ساڵە، بەڵکو بۆ چەندین ساڵ، یەکێك لە خراپییەکانی رێککەوتنی سایکس پیکۆ پرسی کوردەکانە و کێشەی دروستکردووە، زۆربەی سەرکردەکانی عێراق پەنابەر بوون لە کوردستان لە ساڵانی رابردوودا و ئەمەش زۆر گرنگە. داعش باشترین فۆرمی وەلاخستنە لە بونیاد و رێکخستنیدا و لەسەر بنەمای وەلاوەخستنی کەسانی دیکە بنیادنراوە، تەنیا خەڵکانێکی زۆر کەم لەمە قازانج دەکەن کە ئایدیۆلۆژیایەکی زۆر بەرتەسکیان هەیە و ئەم ئایدیۆلۆژیایەش هیچ پێوەندی بە ئیسلامەوە نییە، بەڵام پرۆژەکەی خۆی وەك ئیسلام ناساندووە، ئەمەش زیان لە هەموو کەس زیاتر بە ئیسلام دەگەیەنێت، چونکە لە ژێر ناوی ئیسلامدا کار دەکات، ناخۆشییەکە ئەوەیە کە وڵاتانی موسڵمانان بەشداربوون لە دروستکردنی داعشدا و بەڕاستی بووەتە کێشە و وەك سەدەکانی ناوەڕاست وایە لەبەر ئەوەی بەو وەلاخستنەی کە باوەڕی پێیەتی زۆر لە سەدە تاریکەکانەوە نزیکە.

**هەمیشە رێزم هەبووە بۆ بەرەنگارییەکانی کۆمەڵگەی کوردی و خەڵکێکی زۆر بەخشندەن و لە ماوەی ژیانی خۆمدا بە چەندین کورد ئاشنا بووم و بەگشتی کوردەکان زۆر گەرموگوڕ و ئازا و متمانەیان بە خۆیان هەیە و بۆیە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەرکێکی یاسایی و ئەخلاقییان لەسەر شانە بۆ یارمەتیدانی کوردان**

**بەڕاستی نیزام لە ناوچەکەدا نەماوە، نە نیزامی هەرێمی و نە دەوڵەتی. گەر لەگەڵ خۆمان راستگۆ بین لە ناوچەکەدا هیچ نیزامێك نەماوە، دەوڵەتی، ناوچەیی، ناوخۆیی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، یاسایی و ئەمەش زۆر مەترسیدارە**

## رۆبێرت رابیل

### پسپۆڕ دەربارەی کوردستان و سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# کوردستان تەنیا ئەوەی ماوە ببێتە ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان

*** لە ئێستادا جگە لە ناسەقامگیری و پشێوی ئەوەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەگوزەرێت، ململانێی هێزە گەورەکانە لەم ناوچەیەدا. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ رادەیەك ئەم رکابەرییە کاریگەری لە سەر هێنانەئارای سەقامگیری دەبێت؟**

- باسکردن لە زلهێزەکان و چۆنیەتی هێنانی سەقامگیری ئەمە پرسێکی زۆر گەورەیە، بەڵام بیرمان نەچێت هێزی ناوچەییش هەن. راستە ئەمریکا و رووسیا لە ناوچەکەدا هەن، بەڵام هێزی هەرێمایەتی وەك ئێران و سوننەکانیش هەن وەك سعودیە، هەروەها مەسەلەی ناوخۆییش هەن و زۆرن. لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بە شتێکی گرنگ بدەم سەبارەت بە زلهێزەکان و تێوەگلانیان لە ناوچەکەدا، ئیدارەی ئێستای ئۆباما بەڕاستی نایەوێت زۆر لە ناوچەکەوە تێوەبگلێت، بۆیە لێرەدا ناحاڵیبوونێك هەیە، بۆ نموونە ئیدارەی ئێستا بەڕاستی نەیویستووە تێوەبگلێت بەڵام دەبێت کێشەکانی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئیدارەی ئێستای ئەمریکا ناچاربکات لە کە لەم ناوچەیەوە تێوەبگلێت، بۆیە ئەوەی من دەیڵێم ئەوەیە کە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی سووریا و عێراق پێویستی بە سەقامگیری هەیە و دەبێت داعش تێکبشکێندرێت. ئەو تراژیدیایەی ئێستا لە سووریا و عێراقدا هەیە لە مێژووی نوێدا نەبووە، بۆیە وڵاتانی زلهێز و وڵاتانی هەرێمایەتی دەبێت بگەنە رێککەوتنێك بۆ عێراق و سووریا و لەناوبردنی داعش، لەلایەکی تریشەوە خەڵکی ناوچەکە سوننە، یان شیعە، یان عەلەوی، یان کورد بن، دەبێت سەقامگیرییان هەبێت. تراژیدیاکە ئیستا زۆر گەورەیە، کۆچبەرانی سووری لە مێژوودا هاوتای نەبووە و ئەوانەی دەکوژرێن سەدان هەزاری تێپەڕاندووە، ئەمە نابێت بەردەوام بێت، بۆیە هیوادارم هاوکاری زیاتر هەبێت لەنێوان ئەمریکا و رووسیا و لەهەمانکاتدا سعودیە و تورکیا و ئێران بگەن بە رێککەوتنێك و کۆتایی بەم تراژیدیا گەورەیە بێنن.

**کورد دەمێکە لە عێراق دەچەوسێنەوە و ئازار دەچێژن و دەسەڵاتداران هەژمونیان بەسەردا سەپاندوو و مافەکانی پێشێل کردوون، بەڵام ئێستا هەرێمی کوردستان هەموو شتێکی هەیە**

*** لە ئێستادا باس لە پاشەکشەی هەژموونی ئەمەریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەکرێت، ئەمەش بۆشاییەکی درووست کردووە، ئایا پێشبینی دەکرێت وڵاتانی ناوچەکە پتر هاوکاری لەگەڵ یەکدا بکەن، یان زیاتر ململانێی یەکتر بکەن؟**

- بەڵی بەرژەوەندی هاوبەش هەیە لە نێوان ئەم وڵاتانەدا، بەڵام لەهەمانکاتدا ناشتوانن لەگەڵ یەك کار بکەن. بۆ نموونە سعودیە و ئێران تاڕادەیەك سازشیان لەسەر لوبنان کردووە، بە یەکەوە کاردەکەن، ناڵێم هەموو رۆژێك کاردەکەن بەیەکەوە، بەڵام تا رادەیەك توانیویانە سەقامگیرییەکی دیاریکراو لە لوبنان درووست بکەن و ئەم سەقامگیرییەش بەرهەمی هاوکارییەکی دیاریکراوە لە نێوان سعودیە و ئێراندا. سەبارەت بە پێگەیان بەرانبەر ئەمریکا، هەردووکیان نیگەرانی و هاوکاریشیان هەیە، ئەمریکا هەمیشە کاری لەگەڵ سعودیە کردووە، بەڵام کاتێك دێتە سەر سووریا، سعودیە دەیەوێت ئەسەد لەسەر حوکم نەمێنێت، بەڵام کاتێك رووسیا دێتە مەسەلەکەوە، ئەوا داڕووخانی ئەسەد نابێتە مەسەلەیەکی سەرەکی. ئایا ئەسەد جارێکی دیکە هەموو سووریا دەگرێتەوە؟ نەخێر ئەسەد ناتوانێت زیاتر لەسەدا بیستی سووریا بەڕێوەبەرێت، هەرگیز ناتوانێت ئەوە بکات، بۆیە لێرەدا مەسەلەکە وەك باسم کرد تراژیدیاکەیە کە ئەوەندە گەورەیە هاوشێوەی نەبووە، دەزانی چەند پەنابەر لە تورکیا و لوبناندا هەن؟ بەڕاستی دڵهەژێنە، بەڵێ زۆر جیاوازی هەیە، بەڵام هەمووشمان شتێکی هاوبەشمان هەیە، هەر ئەمەشە



**رۆبێرت رابیل پرۆفیسۆری دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە بەشی زانستی سیاسی لە زانکۆی فلۆریدا ئەتلانتیك و تایبەتمەندە لە ئیسلامی سیاسی، ئاسایشی نەتەوەیی و نێودەوڵەتی، ناکۆکی عەرەب–ئیسرائیل و سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە و چەند بوارێکی دیکە. هەروەها یەکێکە لەو ئەکادیمییانەی کە بە شێوەیەکی مەیدانی لە دوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ کاری لەسەر پرسی کورد کردووە و ئەزموونێکی باشی لەم بوارەدا هەیە. گوڵان بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی ئێستای ناوچەکە چەند پرسیارێکی ئاراستەکرد کە پەیوەست بوون بە پەرەسەندنەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو ململانێ تایفەگەرییەی لە ناوچەکەدا لە ئارادایە، لەگەڵ پرسی ئەنجامدانی ریفراندۆم لە باشووری کوردستان بە ئامانجی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.**

واتەی دیپلۆماسی و سیاسەت، بۆیە پێموایە ئەمریکا و سعودیە و تورکیا پیویستە پێکەوە کاربکەن.

*** هەندێك لە شارەزایان پێیانوایە کە بەم سنوورانەی ئێستای سایکس پیکۆ-وە سەقامگیری بۆ ناوچەکە ناگەڕێندرێتەوە، ئێمەش وەك خەڵکی کوردستان دەمێکە دەمانەوێت ریفراندۆم بکەین و سەربەخۆ بین، لەو بارەیەوە راتان چییە؟**

- چەند ساڵێك لەمەوپێش کاتێك باس لە سایکس پیکۆ دەکرا، بەڵێ وابوو، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات سووریا هەر سووریایە و عێراق هەر عێراقە، هەر وڵاتێك بۆخۆی هەیە، سەبارەت بە عێراق، کورد دەمێکە دەچەوسێنەوە و ئازار دەچێژن و دەسەڵاتداران هەژمونیان بەسەردا سەپاندوون و مافەکانیان پێشێل کردوون، بەڵام ئێستا هەرێمی کوردستان هەموو شتێکی هەیە لەناو دەوڵەتی فیدراڵی عێراقدا، تەنیا ئەوە نەبێت کە لە نەتەوە یەکگرتووەکان ئەندام نین. ئەگینا پەرلەمان و سوپا و سەرچاوەی داهات و هەمووشتێك، بە بۆچوونی من چ لە عێراق و چ لە سووریا دەمەوێت دەوڵەتی فیدراڵی هەبێت و کورد ئۆتۆنۆمی خۆیان هەبێت، بەڵام چیتر نابێت دەسەڵاتی ناوەندی توندوتیژی و ئیرادە و دەسەڵاتی بسەپێنێت بەسەر خەڵکانی دیکەدا، ئەمەش مەسەلەی سنوورەکان چارەسەر دەکات، عێراق هەر عێراق بێت و تورکیا و هەر تورکیا بێت و سووریا هەر سوریا بێت، هەرچەندە ئێستا سنوورەکان تۆزێك گۆڕاون، بەڵام کاتێك ئۆتۆنۆمی هەبوو، ئەوا ئەمانە چارەسەر دەکرێن.

*** وەك دەزانی کوردستان شەڕی داعش دەکات و ئەمەش بە تەنیا شەڕی خەڵکی کوردستان نییە و شەڕی هەموو جیهانی ئازادە، بۆیە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەلانی کەمەوە دەبێت پاڵپشتی پاش سەردەمی داعش بکەن، کە سەرهەڵدانی دەوڵەتی کوردستانە، هەروەها پێتوانییە کێشەی سەرەکی ناوچەکە دابەشبوونی نێوان سوننە و شیعەکان بێت و وڵاتانی هەرێمایەتیش پاڵپشتیان دەکەن، کەواتە چۆن لە ناوچەکەدا باس لە دیموکراسی و لێبووردەیی و مافی مرۆڤ بکرێت؟**

- یەکەمجار بەدڵنیاییەوە دەبێت کێشە و مەترسیی داعش چارەسەر بکرێت، بەڵام ناشزانم بۆچی ئێستا باس لە دیموکراسی دەکرێت لەناوچەکەدا وەك ئەوەی لە رۆژئاوا لێی تێگەیشتوون. قسە لەبارەی مافی سیاسی و مەدەنی بکرێت لە جیاتی باس لە دەسەڵاتی قەزایی، هەروەها مافی نەتەوەکانی عەرەب و کورد و هەموو نەتەوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکرێت، دەبێت باسی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ بکرێت لە ئیستادا کە ئەمە کێشەیەکی گەورەیە. پێموایە سوننەکان دەبێت بچنە بەرەکانی پێشەوە و ئەو رێکخراوە توندوتیژەی داعش لەناوبەرن، بەڵام شتێك هەیە سەبارەت بە ئێران ئەویش کردنەوەی دەرگاکانیەتی بە رووی جیهاندا لە رووی ئابوری و سیاسییەوە و هیوادارم ئەنجامەکانی بەسەر کۆمەڵگەی ئیرانییەوە ببینم.

*** تاچەند مانەوەی رژێمی ئەسەد مەترسییە نەك بۆ ئاشتی لە ناوچەکە بەڵکو بۆ ئاشتی جیهانیش؟**

-گومانی تێدا نییە کە ئەسەد کێشەیەکی گەورەیە، بەڵام ئایا ئەوە ئەسەدە کە بڕیار لەسەر داهاتووی سووریا دەدات؟ نەخێر، واتە کاتێك باس لە ئەسەد دەکرێت، ئەوا ئەسەد تەنیا یاریزان نییە لە سووریادا، لەبەر ئەوەی رووسیا و ئێران و حزبوڵڵا و حکومەتی عێراقی هەن، بۆیە هیوادارم لە رێی ئێرانی و رووسەکانەوە ئەسەد نەبێتە مەسەلەیەکی گەورە و هەوڵبدرێت لە دەسەڵات بخرێت.

**رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی سووریا و عێراق پێویستی بە سەقامگیری هەیە و دەبێت داعش تێکبشکێندرێت. ئەو تراژیدیایەی ئێستا لە سووریا و عێراقدا هەیە لە مێژووی نوێدا نەبووە**